# ڕووداو
RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (422) دووشەممە 2016/8/29 - 7ی گەلاوێژ 2716 (750) دینار


## پۆستەکانی هەڵەبجە به "وەکالەت" پڕدەکرێنەوە

**ڕووداو- سلێمانی**

بەهۆی "کێشەی یاسایی" کە یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان دەیانەوێ خۆیانی لێ لابدەن، پۆستی پارێزگاری هەڵەبجە و ژمارەیەک پۆستی دیکەی گرنگ لە سلێمانی و هەڵەبجە و ناوچەکانی گەرمیان و ڕانیە و قەڵادزێ کە بەپێی ڕێککەوتننامەی دوو ساڵ لەوەوبەری نێوان گۆڕان و یەکێتی دەبێ ئاڵوگۆڕ بکرێن، بە وەکالەت پڕ دەکرێنەوە.

یەکێتی بۆ پۆستی پارێزگاری هەڵەبجە چەند کاندیدێکی هەبوون، بەڵام دواجار بڕیاری داوە عەلی عوسمان، جێگری پارێزگاری هەڵەبجە بە وەکالەت بکاتە پارێزگاری هەڵەبجە.

بەرپرسێکی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی گوت، بەشێک لە یەکێتی لەگەڵ ئەوە بوون پارێزگاری هەڵەبجە مەرسومی هەرێمی بۆ وەربگیرێ و یەکێک لە کاندیدەکان دابنرێ بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی کێشەی یاسایی نەبێتەوە، بەڵام گوتی "ڕەنگە ترسی ئەوەی هەبووبێ کە دواتر لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕانەوە ڕووبەڕووی ڕەخنە ببنەوە، بۆیە وا بەباش زانرا تاوەکو ئەو کاتەی کێشەی سەرۆکایەتی هەرێم بەلایەکدا دەکەوێ، جێگری پارێزگار بەوەکالەت دابنرێ".

ئەوە لەکاتێکدایە کە پەرلەمانتارێکی یەکێتی دەڵێ، مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی لەسەر کاندیدی پارێزگار نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتن.


4 «

ئاسایش بە دەرهێنانی نینۆکی بەندکراوێک تۆمەتبار دەکرێت

2

"هاوپەیمانێتیەکی کوردی شیعی لە بەغدا لە دژی پارتی دروستبووە"

5



کەماڵ کەرکووکی

بۆ ئەوەی بە سەربەخۆیی بگەین

23

# سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان جێگرەکەی دەداتە دادگا

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:

## لەدادگا ڕاناکەم و ئامادەم بچمە سلێمانی

3 «



## کوردێک لە سوێد بە نۆژەنکردنەوەی خانوو دەبێتە ملیۆنێر

11 «

ڕاپۆرتە هەواڵ 2

دۆلارفرۆشێک 10 ملیۆن دۆلاری بازاڕی دۆلارفرۆشانی هەولێر دەبات



هەڤپەیڤین 7

کونسوڵی گشتیی هۆڵەندا لە هەولێر:

کەیسی پێشمەرگەیەک لە وەزارەتی بەرگریی هۆڵەندایە

ئابووری 8

کوردستان هەشت بەرهەمی کشتوکاڵی هەناردە دەکات



تەندروستی 18

86%ی پزیشکانی کوردستان حەز دەکەن بڕۆنە دەرەوەی وڵات



## باوکێک سێ منداڵی خۆی فڕێدەدات

**ڕووداو- کەرکووک**

باوکێک لە کەرکووک سێ منداڵی خۆی فڕێدەداتە سەر شەقامەکان و پۆلیسی کەرکووکیش بەدوای باوکی ئەو منداڵانەدا دەگەڕێت، بۆ ئەوەی دەستگیری بکەن. ڕۆژی 2016/8/28 لە شەقامێکی کەرکووک، باوکێک سێ منداڵی خۆی (دوو کوڕ و کچێک)ی فڕێدایە سەر شەقام. ڕوقیە کە یەکێکە لە منداڵەکان داوا دەکات بیگەڕێننەوە ماڵەوە، بەڵام دەڵێت بێزارە لە باوکی. حوسێن فازڵ کە یەکێکە لەمنداڵە فڕێدراوەکان باسی هەڵسوکەوتی باوکی دەکات و دەڵێت "باوکم دەیگوت دەتانکوژم، بەدار ماسیحە لێمانی دەدا، هەر کاتێک تووڕە بوایە دەرگای لەسەرمان دادەخست و دەڕۆیشت".



ڕاپۆرتە هەواڵ
ڕووداو
ژمارە (422) - دووشەممە 2016/8/29

# ئاسایشی سلێمانی بە دەرهێنانی نینۆکی بەندکراوێک تۆمەتبار دەکرێت

**هیوا شێخ عەلی، بەڕێوەبەری گرتن و گواستنەوەی سلێمانی:**

**هیچ حاڵەتێکی لەو شێوەیەمان نەبینیوە**

**سابیر عەبدوڵڵا، بەرپرسی نووسینگەی مافی مرۆڤ لە سلێمانی:**

**تیمەکانمان بەندکراوەکەیان بینیوە، بەڵام دەرهێنانی نینۆکیان بەدی نەکردووە**

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

کەسوکاری بەندکراوێک، ئاسایشی سلێمانی بەوە تۆمەتبار دەکەن کە نینۆکی بەندکراوەکەیان دەرهێناوە و سەگیان تێبەرداوە و کارەبایان لە جەستەی داوە. بەرپرسێکی ئاسایشیش بە سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی گوتووە کە بەدواداچوون بۆ دۆسیەی ئەو بەندکراوە دەکەن، بەڵام نووسینگەی مافی مرۆڤ لە سلێمانی کە بەندکراوەکەیان بینیوە، دەڵێن هیچ نیشانەیەکی دەرهێنانی نینۆکیان بەدی نەکردووە.

لە کۆتایی وەرزی بەهاری ئەمساڵدا چەند کەسێک بە تۆمەتی دزینی ئاڵتوون لە شەقامی کاوەی شاری سلێمانی بەپێی ماددەی 443 دەستگیرکران و لەلایەن ئاسایشەوە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کرا. (ب.م) تەمەن 49 ساڵ، یەکێک بوو لەو تۆمەتبارانە. خێزانەکەی (ب) سکاڵایان گەیاندووەتە لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان و نووسینگەی سلێمانی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، لە سکاڵاکەدا ئاسایشی سلێمانی بە دەرهێنانی نینۆکی بەندکراوەکە و ئەشکەنجەی دیکە تۆمەتبار دەکەن.

سۆران عومەر، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەفتەی ڕابردوو خێزانی ئەو تۆمەتبارە سکاڵای هێنایە لامان کە بە قسەی ئەوان بەندکراوەکەیان لە ئاسایشی سلێمانی لەژێر ئەشکەنجەدا نینۆکی دەرهێنراوە و سەگی تێبەرداوە و کارەباشی لێدراوە".

سۆران عومەر کە بەدواداچوونی بۆ ئەو کەیسە کردووە، گوتی "لەگەڵ بەرپرسێکی ئاسایش قسەم کرد و پێیگوتم با خێزانەکەی سەردانمان بکات. بەڵێنیشیان داوە ئەگەر لای ئەوان ئەو ئەشکەنجەیە درابێت لێکۆڵینەوەی تێدا بکەن و دەبێت ئەنجامەکەشی بۆ ئێمە بنێرنەوە".

بە گوتەی سۆران عومەر، ئێستا ئەو بەندکراوە بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی زیاتر بردراوەتەوە ئاسایشی سلێمانی. سۆران گوتی "کەیسەکەمان داوەتە دەستەی مافی مرۆڤ بۆ ئەوەی بەدواداچوونی بۆ بکەن".

سابیر عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری نووسینگەی مافی مرۆڤ لە سلێمانی لەو بارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژی 2016/8/21 خێزانی ئەو بەندکراوە سکاڵای لای ئەوان تۆمارکردووە و گوتوویەتی سێ مانگ لەمەوبەر مێردەکەی ئەشکەنجە دراوە. سابیر عەبدوڵڵا گوتی "تیمەکانمان ڕۆژی دواتر ئەو بەندکراوەیان لە بەڕێوەبەرایەتی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی بینیوە، بەڵام هیچ نیشانەیەکی دەرهێنانی نینۆکیان بەدی نەکردووە. ئەگەر ئەشکەنجەش درابێ، ڕەنگە شوێنەوارەکەی چاک بووبێتەوە".

ئەو بەرپرسەی مافی مرۆڤ ئاشکرای کرد کە ئەوانیش بەدواداچوونیان بۆ کەیسەکە دەستپێکردووە و گوتی "نووسراومان بۆ داواکاری گشتی کردووە بۆ ئەوەی وەکو مافی گشتی داواکاری گشتی بیجوڵێنن، نووسراویشمان بۆ گرتن و گواستنەوەی سلێمانی کردووە بۆ ئەوەی لەلایەن لیژنەی پزیشکییەوە ئەو بەندکراوە ببینرێ".

بەڵام هیوا شێخ عەلی، بەڕێوەبەری گرتن و گواستنەوەی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، تاوەکو ئێستا هیچ بەندکراوێکیان باسی ئەو حاڵەتەی نەکردووە و هیچ کارمەند و ئەفسەرێکیشیان باسی ئەو حاڵەتەیان نەکردووە. چونکە ئەگەر حاڵەتێکی لەو شێوەیە هەبووبێت چاودێری هۆڵەکان باسی دەکەن بۆئەوەی ببرێتە لای پزیشک بۆ تیمارکردن".

هەرێز عەبدوللەتیف پارێزەری ئەو تۆمەتبارە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، دوو هەفتەیە ئەو کەیسەی وەرگرتووە، بەڵام تائێستا تۆمەتبارەکەی نەبینیوە و گوتی "ڕۆژی 2016/8/23 داواکاریم پێشکەشی دادگای لێکۆڵینەوەی نەهێشتنی تاوان کردووە بەمەبەستی ڕەوانەکردنی تۆمەتبارەکە بۆ لیژنەی پزیشکی هەمیشەیی بۆ ئەوەی بۆ دادگا ڕوون ببێتەوە کە ئایا لەژێر ئازار و ئەشکەنجەی زۆر دانی بە کارەکەیدا ناوە یان نا، ئێستاش چاوەڕێی وەڵامی دادگاین".

(ڕووداو) سەردانی ماڵی ئەو تۆمەتبارەی کرد، بەڵام خێزانەکەی گوتی "ئێستا کەیسەکە لای مافی مرۆڤە و دواتر قسەی لەسەر دەکەین".



**لەسەر خراپ ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل لێیدراوە**

# گەنجێک 14 ڕۆژە بێهۆشە



**ڕاوچی حەسەن**
**ڕووداو- هەولێر**

ماوەی دوو هەفتەیە گەنجێکی دانیشتووی گەڕەکی سەیداوەی شاری هەولێر، بەهۆی شەڕێکەوە بریندار کراوە و بێهۆش بووە. پۆلیسی هەولێر دەڵێت، کەسێک دەستگیرکراوە و دوو کەسی دیکەش کە کوڕ و باوکێکن، هەڵاتوون.

ڕۆژی 2016/8/14 عەبدوڵڵا حەکیم و چەند هاوڕێیەکی لەگەڵ کەسێک کە لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا سەرقاڵی کارکردن بووە، دەبێتە دەمەقاڵێیان، کەسەکە بە چەقۆ هێرش دەکاتە سەریان و پاشان تەقەیان لێدەکات.

لوقمان مستەفا مەزن، مامی عەبدوڵڵا باسی چۆنیەتی ڕووداوەکەی کرد و گوتی "دوای ئەوەی چەند هاوڕێیەکی عەبدوڵڵا لە گەڕەکی سەیداوە بە بەردەمی ماڵێکدا دەڕۆن، لەگەڵ خاوەن ماڵەکە دەبێتە دەمەقاڵێیان، ئەوکات عەبدوڵڵا لەگەڵ ئەوان نابێت". گوتیشی "دوای ئەوە تەلەفۆن بۆ عەبدوڵڵا دەکەن و پێیدەڵێن کە لەگەڵ کەسێک بووەتە دەمەقاڵێمان، عەبدوڵڵا لەگەڵ ئەوان جارێکی دیکە دەچێتەوە بۆ لای ئەو ماڵە، لەوێ دەبێت بە شەڕ و عەبدوڵڵا بریندار دەبێت".

مامی عەبدوڵڵا زیاتر باسی ڕووداوەکەی کرد و گوتی "خاوەن ماڵەکە لەگەڵ دوو کەسی دیکە کە یەکێکیان باوکێتی و ئەوەی دیکە ناسیاویانە، بە چەقۆ هێرش دەکەن و عەبدوڵڵا و هاوڕێیەکی بریندار دەکەن".

لوقمان مەزن لە درێژەی قسەکانیدا گوتی "ئەو کەسەی بە چەقۆ ئەوانی بریندار کردووە، دواتر پەلاماری دەمانچەی داوە و تەقەی کردووە، بەهۆی ئەوەشەوە گوللەیەک بەر ملی عەبدوڵڵا کەوتووە و لەو ڕۆژەوە بەبێ هۆشی لە نەخۆشخانە کەوتووە".

هەر سەبارەت بەو ڕووداوە، هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "ئەوەی کە ڕوویداوە لە نێوان دوو دراوسێدا بووە، بەهۆی ئەوەی کە ئۆتۆمبێل لەسەر شەقام ڕاگیراوە و شەقامەکە بەرتەسک بووەتەوە. ڕاشیگەیاند "کەسێک بەهۆی ڕووداوەکە کە لەگەڵ کەسی تەقەکەردا بووە دەستگیرکراوە، بەڵام دوو کەسی دیکە کە باوک و کوڕێکن و تۆمەتبارن، هەڵاتوون و فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە".

# گەنجە بێ تاوانەکەی زاخۆ هەر لە زیندانە

**داواکاری گشتیی دهۆک:**

**هەتا دۆسیەی مەسعود لە تەمیز نەگەڕێتەوە فەرهاد دادگایی ناکرێتەوە**

**ناسر عەلی**
**ڕووداو – دهۆک**

دوای ئاشکرابوونی تاوانباری ڕاستەقینەی تاوانێکی کوشتن لە دهۆک و سزادانی، ئەو کەسەی بەبێ تاوان لەسەر دۆسیەی کوشتنەکە گیرابوو، هێشتا لە زیندانە. داواکاری گشتی دەڵێت حکومەت قەرەبووی ئەو کەسە دەکاتەوە کە بەبێ تاوان گیراوە.

سێ ساڵ لەمەوبەر گەنجێکی تەمەن 18 ساڵ بەناوی زێبار نەزیر لە گوندێکی سەر بە قەزای زاخۆ کوژرا، لەسەر ئەو تاوانە گەنجێک بەناوی فەرهاد وەدیع دەستگیرکرا و دادگایی کرا، دادگا سزای 15 ساڵ بەندکردنی بۆ فەرهاد دەرکرد، بەڵام دوای سێ ساڵ تاوانباری ڕاستەقینەی تاوانەکە ئاشکرا بوو کە ئەویش گەنجێکە بەناوی مەسعود حوزنی. ڕۆژی 17ی ئەم مانگە مەسعود دادگایی کرا و سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، بەڵام فەرهاد سەرەڕای ئەوەی دەرکەوت بێ تاوانە، هێشتا هەر لە زیندانە.

### تاوانبار چۆن ئاشکرا بوو

کەسوکاری فەرهاد دەڵێن هەر جارێک سەردانیان دەکرد، جەختی لەسەر بێتاوانیی خۆی دەکردەوە، بۆیە ئەوانیش بڕیار دەدەن دووبارە بەدواداچوون بۆ دۆسیەکەی بکەن و بەڵگە کۆبکەنەوە. دوای کۆکردنەوەی بەڵگە دەردەکەوێت کە کەسێکی دیکە زێباری کوشتووە، ئەویش مەسعودی ئامۆزایەتی. مەسعود لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا دان بە کوشتنی ئامۆزاکەیدا دەنێت و دەڵێت فەرهاد هیچ پەیوەندی بە کوشتنی زێبارەوە نییە.

ئیبراهیم وەدیع، برای فەرهاد بە (ڕووداو)ی گوت "دوای دوو جار دانیشتنی دادگا، ڕۆژی 17ی ئەم مانگە دادگا تاوانباری ڕاستەقینەی بە سزای لە سێدارەدان مەحکوم کرد کە مەسعود حوزنی بوو. مەسعود لە دادگا گوتی من زێبارم کوشتووەو فەرهاد هیچ پەیوەندییەکی بەو تاوانەوە نییە".

باوکی زێبار کە خاڵی فەرهادە، دڵخۆشە کە فەرهاد بێ تاوان دەرچووە و دەرکەوتووە کە برازاکەی بکەری تاوانەکەیە. نەزیر کە مامی مەسعودە بە (ڕووداو)ی گوت "سوپاس بۆ خودا کە تاوانباری ڕاستەقینە ئاشکرا بوو، دەرکەوت فەرهاد بێ تاوانە، بۆیە داوا لە حکومەت دەکەین بە زووترین کات ئازادی بکات".

### بۆچی تا ئێستا لە زیندانە؟

دانا بەکر داواکاری گشتی دهۆک دەڵێت "ئەو دۆسیەیە ڕاستەوخۆ ڕەوانەی دادگا تەمیزکراوە، لەوانەیە دوو تاوەکو سێ هەفتەی پێ بچێت تاوەکو یەکلایی دەکرێتەوە، دواتر فەرهاد دووبارە دادگایی دەکرێت و ئازاد دەکرێت".

دانا باسی شێوازی دووبارە دادگاییکردنی فەرهاد دەکات و دەڵێت" لەڕووی یاساییەوە نابێت لەسەر کوشتنی یەک کەس دوو تاوانبار بە دوو شێوازی جیا سزا بدرێن، بۆیە دوای ئەوەی بڕیاری مەسعود لە دادگای تەمیز دەگەڕێتەوە، پارێزەری فەرهاد داوایەک پێشکێش دەکات بۆ دووبارە دادگاییکردنی، دوای دادگاییکردنەکەی ئازاد دەکرێت". بەڵام گوتی "تەنیا فەرهاد دادگایی دەکرێت و ئەوانەی بە هەڵە سزایان داوە دادگایی ناکرێن".

سەبارەت بە قەرەبووکردنەوەی فەرهادیش کە سێ ساڵ بەبێ تاوان لە زیندان بووە. دانا بەکر گوتی "بەپێی یاسایەک کە لە ساڵی 2010 لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، هەرکەسێک لە دادگا بێ تاوان دەربچێ، ئەو ماوەی لە زیندان بووە دەبێ قەرەبوو بکرێتەوە، ئەویش دوای ئەوەی کەسوکارەکەی ڕاپۆرتێک دەدەنە دادگا، دادگاش لێژنەیەک بۆ دیاری کردنی بڕی قەرەبووەکە پێکدەهێنێ و دەبێ حکومەتیش بڕی قەرەبووەکە بدات".



# دۆلارفرۆشێک 10 ملیۆن دۆلاری بازاڕی دۆلارفرۆشانی هەولێر دەبات

**محەممەد هادی**
**ڕووداو- هەولێر**

دۆلارفرۆشێکی بازاڕی دۆلارفرۆشانی هەولێر، نزیکەی 10 ملیۆن دۆلاری کاسبکارانی بازاڕەکە دەبات و خۆی ون دەکات، بەڵام دوای هەفتەیەک لەلایەن براکەیەوە دەدۆزرێتەوە و ڕادەستی پۆلیس دەکرێ.

ڕۆژی 16ی ئەم مانگە کەسێک بە ناوی (ع) لە ڕێگای حەواڵەکردنەوە لە نێوان هەولێر و تورکیا و دوبەی، بڕی 9 ملیۆن و 410 هەزار دۆلار دەبات، ئەو پارەیە هی 10 کاسبکاری بازاڕەکە بووە کە حەوتیان کورد و سێیەکەی دیکەش عەرەبن و یەکێک لە عەرەبەکانیش بازرگانێکی عێراقییە و لە دوبەی نیشتەجێیە. ئەو 10 کەسە لە پێناو بڕێک قازانج پارەکەی خۆیان خستبووە بەردەستی (ع).

(ع) سەرپەرشتیاری کۆمپانیایەکی گەورەی ئاڵوگۆڕی دراو بوو لە بازاڕی دۆلارفرۆشانی هەولێر، ئەو نووسینگەیەش لەلایەن براکەیەوە خاوەندارێتی دەکرێت، دوای بردنی ئەو پارەیەش بە هەفتەیەک براکەی (ع) خۆی دەچێت لە قەزایەکی سەر بە پارێزگای دهۆک براکەی دەدۆزێتەوە و ڕادەستی پۆلیسی دەکات.

یەکێک لەو کاسبکارانەی کە دوو ملیۆن و 540 هەزار دۆلاری داوەتە (ع) بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە متمانەمان پێی هەبوو، بۆیە مامەڵەمان لەگەڵ کرد، بەڵام دواتر پارەی ئێمەی برد و خۆی ون کرد". سەبارەت بە تۆمارکردنی سکاڵا لەسەر ئەو کەسە، ئەو کاسبکارە گوتی "ئێستا چاوەڕێی براکەی (ع) دەکەین پارەکانمان بۆ بگەڕێنێتەوە".

ڕۆژی 2016/8/28 لە دادگا ئیفادە لە (ع) وەرگیراوە، دوای ئەوەی ئەوانەی پارەیان بردراوە ڕۆژی 2016/8/25 سکاڵایان لەسەر تۆمار کردبوو.

کاسبکارێکی دیکە کە 500 هەزار دۆلاری داوەتە (ع)، بە (ڕووداو)ی گوت "ڕۆژی 15ی مانگ (ع) داوای 500 هەزار دۆلاری لێکردم، بەڵێنی پێدام ڕۆژی دواتر بمداتەوە، بەڵام ڕۆیشت و خۆی ون کرد، پارەکەشی حەواڵە کردبوو بۆ دەرەوە".

لەبارەی دەستگیرکردنی ئەو کەسە و چارەنووسی ئەو پارانەی کە بردوویەتی، حوسێن محەممەد، سەرۆکی ئەنجوومەنی دۆلارفرۆشانی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو کەسە لە سنووری دهۆک دەستگیرکراوە و گوازراوەتەوە بنکەی پۆلیسی خانەقا لە هەولێر و لەوێشەوە بۆ بەندیخانە گوازراوەتەوە. حوسێن ئەحمەد گوتیشی "بەڵام ئەو کەسە کە دەستگیرکراوە هیچ بڕە پارەیەکی لەلا نەبووە، کەس نازانێت چی لەو پارە زۆرە کردووە".

زۆرترین بڕی ئەو پارەیەی کە (ع) بردوویەتی هی کاسبکارێکە کە بڕەکەی 5 ملیۆن و 420 هەزار دۆلار بووە، کەمترینیشی 40 هەزار دۆلار بووە.

ئەمە دووەم ڕووداوی لەو جۆرەیە لە ماوەی کەمتر لە دوو مانگ لە بازاڕی دۆلار فرۆشانی هەولێر ڕوودەدات، دوای ئەوەی کە لە ناوەڕاستی مانگی تەممووزی ئەمساڵ کەسێکی دیکە بڕی 20 ملیۆن دۆلاری بردبوو و لەو بڕە پارەیەش 13.5 ملیۆن دۆلاری لە بازاڕی دۆلارفرۆشانی هەولێرەوە بردبوو، ئەو دوو ڕووداوە خاوەن نووسینگەکان و کۆمپانیاکانی دراوی نیگەران کردووە و وای کردووە متمانە لەنێوان کاسبکاران و بازرگانانی بازاڕەکە کەم ببێتەوە.

**بازاڕی دۆلارفرۆشانی هەولێر:**

بازاڕی دۆلارفرۆشانی هەولێر ئێستا گەورەترین بازاڕی ئاڵوگۆڕی دراوە لە هەرێمی کوردستان و عێراق، زۆرترین بازرگان دراو مامەڵەکانیان دەبەنە ئەو بازاڕە و لەوێوە پارەکانیان حەواڵە دەکەن یان وەریدەگرنەوە. بە گوتەی بازرگانەکانی بازاڕەکە ڕۆژانە 50 ملیۆن دۆلار لە کوردستانەوە حەواڵەی دەرەوە دەکرێ.

بازاڕی دۆلارفرۆشانی هەولێر 320 نووسینگە و 220 کۆمپانیای ئاڵوگۆڕی دراویی تێدایە کە 110 کۆمپانیایان عێراقین و لەلایەن کەسانی عەرەبەوە سەرپەرشتی دەکرێن. بڕی ئەو پارەیەشی کە لەو بازاڕە هەیە بە زیاتر لە ملیارێک دۆلار مەزەندە دەکرێ.

جەعفەر ئیبراهیم، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ (ڕووداو):

# بۆ جیابوونەوە پێویستمان بە ئیجازەی عەبادی نییە



## یوسف محەممەد لە دادگای سلێمانی سکاڵای لەسەر تۆمار کردووم

### سەردانی یەکێتی لەم کاتەدا بۆ بەغدا بێ سوود بوو

**ماڵەکەی جمەی دەهات لە میوان، بەڵام ماڵەکەی تەنیشتی دەرگاکەی قوفڵ دراوە، ئەویان ماڵی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانە. لە پەرلەمانیش دیمەنەکە بە هەمان شێوەیە. ئۆفیسەکەی ئەو قەرەباڵغە، بەڵام ئۆفیسی سەرۆکی پەرلەمان نزیکەی ساڵێکە دەرگاکەی نەکراوەتەوە. د.جەعفەر ئیبراهیم، جێگری سەرۆکی پەرلەمان لە غیابی سەرۆکی پەرلەماندا لە نێو باڵەخانەی پەرلەمان کەسی یەکەمە، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ هەفتەنامەی (ڕووداو) دەڵێت "بەموتڵەقی تەواوی دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمانم هەیە، لەسەر ئەوەش سەرۆکی پەرلەمان لە دادگای سلێمانی سکاڵای لە دژی من تۆمار کردووە". جەعفەر ئیبراهیم کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتییە، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی پەیوەندیی نێوان پارتی و گۆڕان گەیشتە ئەم ئاستەی ئێستای.**

هەڤپەیڤین: هێڤیدار ئەحمەد
ڕووداو- هەولێر

**ڕووداو: چەند ڕۆژی ڕابردوو شاندێکی یەکێتی لەبەغدا بوو، گوتیان حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق بە ئێمەی ڕاگەیاندووە، دەبێ کورد لەنێوان ڕاگەیاندنی دەوڵەت و مانەوە لەگەڵ عێراق خۆی یەکلایی بکاتەوە. ڕای ئێوە چییە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** سەردانی یەکێتی لەم کاتەدا بۆ بەغدا بێ سوود بوو، یەکێتیش دەزانێ هیچ سوودێک لە بەغدا نەماوە، بەڵام لەم کاتەدا و ورووژاندنی ئەم بابەتە لە بەغدا بۆ لەباربردنی پرسی سەربەخۆییە. ئەگەرنا جیابوونەوە لە عێراق بەو شێوەیە ناکرێ. بۆ جیابوونەوە لەعێراق دەبێ شاندێکی کوردستانی بچێتە بەغدا و بە جددی گفتوگۆ لەسەر ئەو پرسە بکرێ، نەک عەبادی بە لێدوانێک بیبڕێتەوە. بابەتەکە بەشی ئەوە گەورەیە کە ناکرێ یەکێتی بەتەنیا خۆی لە قەرەی بدات. ئێمە بە عەبادی دەڵێین بە ئیجازەی تۆ جیانابینەوە، بەڵکو مافێکی دەستووریمان هەیە و بەمافی خۆمان جیادەبینەوە، دەستووریش زۆر لە عەبادی گەورەترە. حکومەتەکانی عێراق لە دوای 2003وە لەگەڵ کورد ڕاست نەبوون، بەردەوام سەرقاڵی داڕشتنی پیلانن لە دژی کورد.

**ڕووداو: ئەگەر پارتی ڕۆیشتبا و عەبادی ئەو قسەیەی کردبا، گرنگ نەبوو؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** پارتی هەڵەی وا ناکات، چونکە مەسەلەی دەوڵەتی کوردستان پرسێکی نیشتیمانییە و تەنیا پەیوەندی بە یەک حیزبەوە نییە. جەنابی سەرۆک بارزانی چەندین جارە داوا دەکات شاندێکی کوردستان بچێتە بەغدا و لەسەر پرسی جیابوونەوە قسەیان لەگەڵ بکەن و بزانن ئایا بەغدا هەر بە چاوی پلە دوو تەماشامان دەکات.

**ڕووداو: بەلای پارتییەوە، لە عێراق کورد هێشتا پلە دووە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** بەڵێ لای ئێمە یەکلایی بووەتەوە کە عێراق بە هاووڵاتیی پلە دوو تەماشای کورد دەکات، بەڵام هێزە کوردستانییەکانی دیکە هێشتا ئەو بڕیارەیان نەداوە. بۆیە دەبێ شاندێکی کوردستانی سەردانی بەغدا بکات.

**ڕووداو: شاندە کوردستانییەکە ئەگەر چوو چ بە بەغدا بڵێ؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** بەفەرمی لەگەڵ بەغدا دابنیشێ و هەڵوێستی فەرمیی کوردستان بە بەغدا ڕابگەیێنێ کە لە سیاسەتی حکومەتی عێراق بێزار بووین و دەبێ بە جددی هەڵوێستی خۆیان یەکلابکەنەوە، یان دەستوور جێبەجێ دەکەن، یان کوردستان جیادەبێتەوە.

**ڕووداو: واتە دەرفەتێکی دیکە بە بەغدا دەدەن؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** با دەرفەتێکی دیکە بە بەغدا بدەین، ئەویش کاتی بۆ دیاری بکرێ لە ماوەی سێ بۆ شەش مانگ، عێراق چەند پابەندی دەستوور دەبێ و مافی کورد دابین دەکات؟ ئامادەیە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم و دیاریکردنی سنوورەکان؟ ئەو کات بڕیاری خۆمان دەدەین.

**ڕووداو: بەڕای ئێوە بۆ یەکێتی لەم کاتەدا سەردانی بەغدای کرد؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** بە گومانەوە سەیری سەردانی یەکێتی ناکەین بۆ بەغدا، بەڵام بابەتی جیابوونەوەی کوردستان و ڕای عەبادی مژاری سەرەکیی یەکێتی نەبووە لە بەغدا، بەڵکو پەیوەندی بە سلێمانییەوە هەبووە، بۆ ئەوەی دۆخی دارایی سلێمانی و دەسەڵاتەکانی سلێمانی بەهێزتر بکرێ.

**ڕووداو: بەڵام ئێستا سلێمانی کەوتووەتە دەست بزووتنەوەی گۆڕان و پارێزگار ئیدی گۆڕانە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** هیچ جیاوازییەک لەوەدا نابینم، سلێمانی لە دەست گۆڕان بێ یان یەکێتی، وەکو یەکە. چونکە هەڵوێستی یەکێتی و گۆڕان وەکو یەک وایە و هیچ جیاوازییەکی نییە بەرامبەر پارتی.

**ڕووداو: پێشبینی ئەوەتان دەکرد لە یەکێتی کە هاوپەیمانی ستراتیژیی ئێوە بوو؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** من خۆم قەت پێشبینی ئەوەم نەدەکرد. ئێستاش دەپرسین بۆ یەکێتی هەنگاوێکی وای هاویشت کە زیان بە خودی یەکێتی و بە پارتیش بگات؟

**ڕووداو: یەکێتی بڕیارە لەگەڵ پارتی لە هەولێر کۆببێتەوە، پێشبینی چی دەکەن؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** ڕەنگە بۆ گفتوگۆ بێ دەربارەی پێشنیازەکانی پارتی لەبارەی کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان. ئەوەی مومکینە لەم قۆناغە بکرێ، ئەوەیە کە سەرۆکایەتییەکی دیکە بۆ پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرێ. چونکە دەبێ لە پەرلەمانەوە دەست پێبکەین و دەبێ سەرۆکایەتی نوێی پەرلەمان لە دەستی یەکێتیدا بێت.

**ڕووداو: پارتی پێشنیازی بۆ یەکێتی کردبوو کە سەرۆکایەتی پەرلەمان وەربگرن، ڕای یەکێتی چی بوو؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** یەکێتی هێشتا وەڵامی ئەو پێشنیازەی ئێمەی نەداوەتەوە. ڕاستە لە ڕێگەی میدیاوە قسە دەکرێ، بەڵام ئەوەی فەرمی بێ یەکێتی بە پارتی نەگەیاندووە و چاوەڕێی هەڵوێستی فەرمیی یەکێتی دەکەین و پارتیش پێی خۆشە یەکێتی ئەو پۆستە وەربگرێ، چونکە ئەزموونیان هەیە.

**ڕووداو: ئێستا پەرلەمان لەکار کەوتووە، ئەی ئێوە چی دەکەن؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** پەرلەمان لەکار نەکەتووە، تەنیا کۆبوونەوە گشتییەکان ڕاگیراون. ئەگەرنا لیژنەکان کاری خۆیان دەکەن و چاودێریی کاری حکومەت دەکەن و پرسیار دەنێرن بۆ حکومەت و وەڵامەکانیش لە حکومەتەوە بۆ پەرلەمان دێن.

**ڕووداو: زۆرترین پرسیار بۆ کام وەزارەت دەڕوات؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، دواتر دارایی، شارەوانی و کشتوکاڵ. وەکو جارانیش وەڵامەکان دێنەوە.

**ڕووداو: د.یوسف محەممەد کە سەرۆکی پەرلەمانە دەڵێ جێگری سەرۆکی پەرلەمان (جەعفەر ئیبراهیم) لەدەرەوەی دەسەڵاتەکانی خۆی مامەڵە دەکات، بۆ وادەکەی؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** قسەیەکە و کردوویەتی، بەڵام هیچ بنەمایەک بۆ قسەکانی نییە، من بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەسەڵاتی خۆم بەکاردێنم. لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە، ئەگەر سەرۆکی پەرلەمان لەبەر هەر هۆکارێک ئامادە نەبێ، جێگرەکەی دەتوانێ تەواوی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی پەرلەمان بەکاربهێنێت. ئەم بەندە بە موتڵەقی باسکراوە کە هەمان دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمانم هەیە. کە سەرۆکی پەرلەمانیش ئامادە نەبێ لەبەر هەر هۆیەک خۆ پەرلەمان قوفڵ نادەین. هەرچەندە تەواوی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی پەرلەمانم پەیڕەو نەکردووە و بە پێویستم نەزانیوە، بەڵام هەر کاتێ بە پێویستم زانی دەیکەم. هەر کاتێک لایەنە سیاسییەکان بڕیاریان دا کۆبوونەوەی پەرلەمان بکەین، سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکەی پەرلەمانیش دەکەم.

**ڕووداو: ڕاستە یوسف محەممەد، وەکو سەرۆکی پەرلەمان سکاڵای لە دژی تۆ تۆمار کردووە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** بەڵێ ڕاستە، لە دادگایەکی سلێمانی بووە و منیش ئامادەم بچمە بەردەم دادگا. یوسف محەممەد هەر لە ڕێگەی دادگاوە هۆشداریشی بۆ من ناردووە کە دەسەڵاتی ئەوم بەکارهێناوە. بەڵام دادگا هیچ پەیوەندی بەم مەسەلەیەوە نییە، پەیڕەوی ناوخۆ حەکەمە، بەڵام لەدادگا ڕاناکەم و ئامادەم بچمە سلێمانیش.

**ڕووداو: ئێستا پەیوەندیت لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان هەیە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** نەخێر. دوای ئەوەی چووە بڕۆکسل و گوتی پێشمەرگە میلیشیایە، پەیوەندیمان نەما و پەیوەندیی تەلەفۆنیش نەماوە و یەک قسەم لەگەڵی نەکردووە، چونکە ئەوەی کردی بێڕێزی بوو بەرامبەر پەرلەمان و پێشمەرگە و هەموو خەڵکی کوردستان.

**ڕووداو: ئێوە یوسف محەممەد بە سەرۆکی پەرلەمان دەزانن؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** بەڵێ سەرۆکی فەرمیی پەرلەمانە بەڵام شەرعی نییە، بەتایبەت دوای ئەوەی بێڕێزی بە پێشمەرگە کرد. ئێستا دەتوانین بڵێین فەرمیبوونەکەشی لاواز بووە.

**ڕووداو: مووچەی سەرۆکی پەرلەمان وەردەگرێ؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** بەڵێ مانگانە مووچەکەی وەردەگرێ، مووچەکەشی بەهۆی سیستمی پاشەکەوتی مووچەوە کەم بووەتەوە بۆ دوو ملیۆن و 200 هەزار دینار. بەڵام مووچەی 40 پاسەوانیش وەردەگرێ. من و سکرتێری پەرلەمانیش هەر ئەوەندە وەردەگرین، واتە مانگانە دوو ملیۆن و 200 هەزار دینار.

**ڕووداو: ئەی نەسریەی مانگانە بۆ سەرۆکی پەرلەمان دابین دەکرێ؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** نەخێر، نەسریە نییە، چونکە نەسرییە بۆ ئەو کەسەیە کە دەوام دەکات.

**ڕووداو: پێشتر کە دەوامی دەکرد نەسریەی سەرۆکی پەرلەمان چەند بوو؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** نەسریەی کراوە بوو، چەند لەبەردەستی بوو خەرجی دەکرد.

**ڕووداو: چەند پارە وەکو نەسریە لەبەر دەستی یوسف محەممەد، وەکو سەرۆکی پەرلەمان هەبوو؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** مانگانە چوار ملیار دیناری وەکو نەسریە لەبەردەست بوو، نەسریەکەش کراوەبوو چەندی لێ خەرج دەکرد.

**ڕووداو: سەرۆکی پەرلەمان هەوڵی داوە نیساب تەواو بکات بۆ ئەوەی کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان لە سلێمانی بکات؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** نەخێر هەوڵی نەداوە، چونکە دەزانێ سەرناگرێ و نیساب تەواو نابێ. بەڵام ئەگەر بیزانیایە نیساب تەواو دەبێ هەوڵی بۆ دەدا.

**ڕووداو: پارتی لەگەڵ گۆڕان چەند نزیکە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** ئێمە لە گۆڕان نزیک نین بەڵکو زۆر لەیەکدی دوورین. متمانەی نێوان پارتی و گۆڕان بووەتە سفر، ئەمەش زۆر خراپە.

**ڕووداو: دەبێ چی بکرێ بۆ ئەوەی ئەو متمانەیە دروست ببێتەوە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** دەبێ گۆڕان دژی ئەو هەوڵانە نەوەستێ کە پەرلەمان کارا بکرێتەوە، بەبێ ئەوەی گۆڕان لەدەستەی سەرۆکایەتی پەرلەماندا جێگەیان هەبێ. دەبێ گۆڕان لە دەرەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بە شتی دیکە رازی بێ وەکو قەرەبووکردنەوە، بۆ نموونە جێگری سەرۆکی حکومەت، ئەمە پەیامێکی باشە بۆ ئەوەی متمانە بگەڕێتەوە. گۆڕان بەردەوام تەنیا خۆی دەبینێ و پارتی نابینێ و داواکانی پارتی بە ڕەوا نازانێ.

**ڕووداو: یەکگرتوو هەڕەشەی کشانەوەی لە حکومەت کردووە، ئەگەر بکشێتەوە هیچ شەرعییەتێک بۆ حکومەت دەمێنێتەوە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** حکومەت شەرعییە تا ئەو کاتەی دەست لەکار بکێشێتەوە، یەکگرتووش لەبەر خاتر و ختووری جەماوەری خۆی ئەو هەڕەشانە دەکات و مەبەستیان ئەوەیە دەنگیان زیاتر لەلایەن پارتییەوە ببیسترێ. بۆ یەکگرتوو ڕەوایە داوای زیاتر بکات.

**ڕووداو: پەیوەندی نێوان پارتی و کۆمەڵی ئیسلامی ئاسایی نییە، وا دەردەکەوێ کۆمەڵی ئیسلامی لە پڕۆژەکانی پارتی ئاوت کراوە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** ئەوە بۆ هەڵوێستەکانی کۆمەڵی ئیسلامی دەگەڕێتەوە کە یەک لە دوای یەک دژی پارتین، بەڵام ئەمانە قابیلی چارەسەرکردنن و لەگەڵ کۆمەڵ لەسەر ئاستی پەرلەمان هەندێ کاری هاوبەش دەکەین. لە حکومەت وەزیری کۆمەڵی ئیسلامی کەسێکی چالاکە و بە باشی کار دەکات. چۆن کاک عەبدولستار مەجید، وەزیری کشتوکاڵ بە پیشەییانە لە حکومەت کار دەکات، دەبێ لە پەرلەمانیش کۆمەڵی ئیسلامی ئەو هەنگاوە بهاوێژێت و ئەمەش وادەکات وەرچەرخانێکی باش لە پەیوەندیی نێوان پارتی و کۆمەڵ ڕوو بدات.

**ڕووداو: سەبارەت بە گۆڕان پارتی لە چ بابەتێکدا ئامادەیە تەنازول بکات؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** پارتی ئامادە نییە لە هیچ بابەتێک و بگرە لە بچووکترین بابەتدا تەنازول بۆ گۆڕان بکات. با ئەوە بۆ ئێوە ڕوونبکەمەوە، درۆ لای جەنابی سەرۆک بارزانی نییە، بگرە درۆ نەکردن بەشێکە لە عەقیدەی بارزانی، بۆیە کاتێک بەرامبەرەکەی قسە دەکات، باوەڕ دەکات و وا دەزانێ قسەکانی ڕاستگۆیانەن. گۆڕان بەڵێنی زۆریان دا بە بارزانی، جەنابی سەرۆکیش باوەڕی پێکردن و نەیزانی ڕاست دەرناچن. بۆیە گۆڕان خەنجەرێکی ژەهراوی لە پشتی پارتی دا کە قەت پارتی و جەنابی سەرۆک باوەڕیان نەدەکرد، گۆڕان بەو دژوارییە لە پارتی بدات. پەلاماردانی بارەگاکانی پارتی و شەهیدکردنی کادیرانمان لەبیر ناکەین. ئەمە برینێکە چارەسەرکردنی کاتی زۆری دەوێ. بۆیە جەماوەری پارتی ئامادە نییە بە ملیمێکیش تەنازول بکات بۆ گۆڕان.

**ڕووداو: هەموو جار بە پێوەری کورسیی پەرلەمان هەڵسەنگاندن بۆ پێگەی پارتی دەکەی، لە ڕووی جەماوەرییەوە ئێستا دۆخی پارتی چۆنە و ئەگەر هەڵبژاردن بکرێ، چەند کورسی دێنێ؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** ئەگەر دوای سێ مانگی دیکە هەڵبژاردن بکرێ و یەک مانگ کەمپین بکەین، خەڵک هەیە دەڵێ پارتی 30 کورسی دەبات. ڕاست ناکەن، من گەرەنتی دەدەم لە 40 کورسی کەمتر ناهێنێ، بگرە سەرووی 40 کورسی دەبێ. چونکە ئێستا دۆخی پارتی لە سلێمانی زۆر باشترە لە 2014.

### پێشبینیمان نەدەکرد یەکێتی لەگەڵ پارتی بیگەیەنێتە ئەو ئاستە

### یەکێتی بە فەرمی بە پارتی نەگوتووە سەرۆکی پەرلەمانم ناوێ

### ئەگەر سێ مانگی دیکە هەڵبژاردن بکرێ، پارتی لە 40 کورسی کەمتر ناهێنێ

### یەکێتی و گۆڕان لە هەڵوێستدا بەرامبەر پارتی وەکو یەک وان و هیچ جیاوازییەکیان نییە

### لەدادگا ڕاناکەم و ئامادەم بچمە سلێمانی

### سلێمانی لە دەست گۆڕاندابێ یان یەکێتی وەکو یەکە

### سەرۆکی پەرلەمان مانگانە مووچەی خۆی و 40 پاسەوان وەردەگرێ

### نەسریەی مانگانەی سەرۆکی پەرلەمان چوار ملیار دینار بوو

### متمانەی نێوان پارتی و گۆڕان بووەتە سفر

### پارتی ئامادە نییە بچووکترین تەنازول بۆ گۆڕان بکات



## عەلی باپیر لە تارانە

**ڕووداو- هەولێر**

عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان ڕۆژی 2016/8/28 سەفەری دەرەوەی وڵاتی کرد. زانا ڕووستایی پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "سەردانەکەی مامۆستا عەلی باپیر بۆ شاری تارانی پایتەختی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. سەردانەش کۆمەڵایەتییە، چونکە خێزانەکەی لەگەڵ خۆی بردووە، لەوێ سەردانی کچێکی دەکات کە لە نەخۆشخانەیە و کوڕێکیشی لە کۆلێژی پزیشکی دەخوێنێت و سەردانی ئەویش دەکات، بەڵام نازانم ماوەی چەند ڕۆژ دەمێنێتەوە".

# گۆڕان و یەکێتی لە هەڵەبجە پۆستەکان بە "وەکالەت" دەسپێرن

**ئەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

## پەرلەمانتارێکی یەکێتی:
## مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەسەر کاندیدی پارێزگار یەکلایی نەبوونەتەوە

ئاڵوگۆڕی پۆستەکان لە پارێزگای هەڵەبجە لە نێوان یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان دەکرێت، بەڵام یەکێتی لەو پارێزگایە هیچ کام لە کاندیدەکانی ناکاتە پارێزگاری هەڵەبجە بۆ ئەوەی مەرسومی هەرێمی وەرنەگرێت، تاوەکو ئەوکاتەی پرسی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان یەکلایی دەبێتەوە.

لە پرێس کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا کە بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستی سەردانەکەیان بۆ بەغدا ئەنجامی دابوو، مەلا بەختیار، بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ڕایگەیاند "پابەندین بە ڕێککەوتنەکەمان لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان و لەو پارێزگایەش ئاڵوگۆڕەکان دەکەین".

ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەو حیزبەش بە (ڕووداو)ی گوت "ژمارەیەک لە ڕاوێژکارە یاساییەکانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ڕاپۆرتێکیان لەبارەی ڕێکارە یاساییەکانی ئاڵوگۆڕی پۆستەکان لە هەڵەبجە داوەتە مەکتەبی سیاسی یەکێتی".

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ وردەکاریی ئەوەی لا نییە کە ئاخۆ حیزبەکەی بۆ ئەوە جێگری پارێزگاری هەڵەبجەی بەوەکالەت کردووە بە پارێزگار تا پێویستی بە مەرسومی هەرێمی نەبێ یان بابەتەکە هۆکاری دیکەی هەیە "بەڵام دەزانم کە یاساییەکان و ڕاوێژکارە یاساییەکانی مەکتەبی سیاسی لەو بارەیەوە بە ڕاپۆرتێک مەکتەبی سیاسییان لە ڕێکارە یاساییەکان ئاگادار کردووەتەوە".

ڕۆژی 25ی ئەم مانگە لە پارێزگای سلێمانی، ئاڵوگۆڕی پۆستەکان لە نێوان بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرا. ئاسۆ فەرەیدوون پارێزگاری سلێمانی، دەسەڵاتەکانی ڕادەستی سەردار قادر، جێگری پارێزگار کرد کە لەپشکی بزووتنەوەی گۆڕان ئەو پۆستەی وەرگرتووە بەوەکالەت، ئەوەش دەرچە یاساییەکەی بزووتنەوەی گۆڕان بوو کە بۆ ماوەی سێ مانگ لە وەرگرتنی مەرسومی هەرێمی ڕزگاری دەکات، بەو پێیەش دەبێ لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بزووتنەوەی گۆڕان جگە لە پۆستە باڵاکانی سلێمانی و هەڵەبجە، پۆستی قایمقامی ناوەندی هەڵەبجەش پڕبکاتەوە.

نزار مەحموود، بەرپرسی مەکۆی گۆڕان لە هەڵەبجە و ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەکە دەڵێ "ئێمە لە هەڵەبجە بۆ وەرگرتنی پۆستی قایمقامی هەڵەبجە و جێگری پارێزگاری هەڵەبجە پێویستمان بە مەرسومی هەرێمی هەیە و لە هەمانکاتدا بڕواشمان وایە کە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەسەرچووە و یاسایی نییە، بۆیە پۆستی قایمقامی هەڵەبجە لەلایەن بەڕێوەبەری ناحیەی بیارە بە وەکالەت بەڕێوە دەبرێ کە پشکی گۆڕانە".

ئەو بەرپرسەی بزووتنەوەی گۆڕان لەبارەی پۆستی جێگری پارێزگاری هەڵەبجەشەوە کە پشکی ئەوانە و ئامادەش نین پڕی بکەنەوە، گوتی "یەکێتیش هیچکام لە کاندیدەکانی دانانێت و عەلی عوسمان، جێگری پارێزگار بە وەکالەت دەکاتە پارێزگاری هەڵەبجە، بۆیە لەو دۆخەدا جێگری نابێت و ئەوەی ئێمە زانیویمانە یەکێتیش بۆیە جێگری پارێزگار بە وەکالەت دەکەنە پارێزگار، بۆ ئەوەی مەرسومی هەرێمی بۆ وەرنەگرن".

بەهۆی ئەو کێشە یاساییانەوە کە گۆڕان و یەکێتی دەیانەوێ خۆیانی لێ لابدەن و ئامادە نین داوای مەرسومی هەرێمی بکەن، ژمارەیەک پۆستی گرنگ لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە و ناوچەکانی گەرمیان و ڕانیە و قەڵادزێ کە بەپێی ڕێککەوتننامەی دوو ساڵ لەوەوبەری نێوان گۆڕان و یەکێتی دەبێ ئاڵوگۆڕ بکرێن، بە وەکالەت بەڕێوەدەبرێن.

یەکێتی بۆ پۆستی پارێزگاری هەڵەبجە چەند کاندیدێکی هەبوون، لەوانە، ئازاد تۆفیق و ئەحمەد قەدەفەری و ئەرکان حەسەن، بەڵام دواجار یەکێتی بڕیاری دا عەلی عوسمان، جێگری پارێزگاری هەڵەبجە بە وەکالەت بکاتە پارێزگاری هەڵەبجە. عەلی عوسمان کە نزیکەی دوو ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ پارێزگاری هەڵەبجە بە مەرسومی هەرێمی دەستبەکار ببوون، ئێستا لە پۆستەکەیدا بە وەکالەت پێویستی بە مەرسومی هەرێمی نابێ و تەنیا ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆی پێویستە.

بەرپرسێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، لەو بارەیەوە زانیاری بۆ (ڕووداو) باسکرد و دەڵێ بەشێک لە یەکێتی لەگەڵ ئەوە بوون پارێزگاری هەڵەبجە مەرسومی هەرێمی بۆ وەربگیرێ و یەکێک لە کاندیدەکان دابنرێ بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی کێشەی یاسایی نەبێتەوە "بەڵام ڕەنگە ترسی ئەوەی هەبووبێ کە دواتر لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕانەوە ڕووبەڕووی هەڵمەتێکی چڕی ڕەخنە و هێرشی میدیایی ببنەوە، بۆیە وا بەباش زانرا تاوەکو ئەو کاتەی کێشەی سەرۆکایەتی هەرێم بەلایەکدا دەکەوێ، بەوەکالەت جێگری پارێزگار دابنرێ".

بڕیار بوو دوێنێ یەکشەممە ئاڵوگۆڕەکان بکرێن، بەڵام ئەوە دواکەوت و هێشتا بە تەواوی ڕوون نییە ئەمڕۆ دووشەممە ئاڵوگۆڕەکان دەکرێن یان نا.

ئەو کێشانە لە کاتێکدان کە د.فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ڕاسپاردەی بارزانی، گەڕێکی دیکەی دانوستاندنی لەگەڵ حیزبەکان دەستپێکردووە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ ناکۆکییەکان و لە کۆبوونەوەی ڕۆژی هەینی ڕابردووی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕانیشدا، نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەکە ڕایگەیاندبوو "تێبینی و قسەی خۆمان بە فوئاد حوسێندا ناردووە بۆ بارزانی و چاوەڕوانین بە قسەی کۆتاییەوە بگەڕێتەوە بۆ لامان".

جەمیل هەورامی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و بەرپرسی مەڵبەندی هەڵەبجەی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئاڵوگۆڕ لە پارێزگای هەڵەبجە وەک سلێمانی نابێت، چونکە تەنیا دەستبەکاربوونی پارێزگار و قایمقامە بەو پێیەی هەڵەبجە ئەنجوومەنی پارێزگای نییە "بەڵام من چەند ناوێکم بۆ مەکتەبی سیاسی ناردووە، تاوەکو یەکێکیان بکرێتە پارێزگاری هەڵەبجە و نازانم مەکتەبی سیاسی یەکێک لەو ناوانە دەنێرێ بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و وەزارەتی ناوخۆ یان نا".

گوتیشی بزووتنەوەی گۆڕان "بۆ ئەوەی کێشەی یاسایی نەیەتە بەردەمیان، پۆستی قایمقامی هەڵەبجە بە وەکالەت پڕدەکەنەوە، عەلی عوسمانیش کە پێشتر مەرسومی هەرێمیی وەرگرتووە، بە وەکالەت دەبێتە پارێزگاری هەڵەبجە".

بەڵام ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی یەکێتی دەڵێ بۆیە عەلی عوسمان بە وەکالەت دانراوە بە پارێزگاری هەڵەبجە "چونکە هێشتا مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەنێو ئەو سێ کاندیدەی لەبەردەستیدان، نەیتوانیوە یەکێکیان دەستنیشان بکات بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە".

ئەو پەرلەمانتارەی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتیشی "پێناچێ بەو نزیکانە ناوێک یەکلایی بکرێتەوە و دیاریش نەکراوە عەلی عوسمان، بۆ ماوەی چەند بە وەکالەت ئەو پۆستە بەڕێوەدەبات".



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

## ئەکرەم شەریف، جێگری پێشووی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ (ڕووداو):

# ڕێکاری یاسایی و کارگێڕی لە دادگا دەگرمەبەر



ئەکرەم شەریف جێگری پێشووی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێت جێگری یەکەمی سکرتێری یەکێتی و زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی ئەو حیزبە پەیوەندییان پێوە کردووە و پێیانگوتووە تاوەکو ئێستاش تۆ کاندیدی ئێمەی بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا. سەبارەت بە سەردانی چوار ئەندامەکەی دیکەش بۆ لای لاهور شێخ جەنگی دەڵێت "پێشتر پەیمانی ئاکار لەنێوانماندا هەبوو، بەڵام ئاگاداری سەردانەکەیان نەبووم". ئەکرەم شەریف لەو هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی ئەو ڕووداوانە و دواتر دەکات کە لە 25/8/2015 لەکاتی ئاڵوگۆڕی پۆستەکانی پارێزگای سلێمانی ڕوویاندا.

**هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

**ڕووداو: تا کەی بە فەرمی کاندیدی یەکێتی بوویت بۆ سەرۆکی ئەنجوومەن؟**

**ئەکرەم شەریف:** لەو کاتەوەی دەنگوباسی ئاڵوگۆڕی پۆستەکان هەبوو، ماوەی زیاتر لە هەفتەیەک کاندیدی مەکتەبی سیاسی بووم بۆ سەرۆکی ئەنجوومەن تا چەند خولەکێک پێش دەستپێکردنی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنیش، هەروەها ڕۆژی 2016/8/24 لە کۆبوونەوەی هاوبەشی هەردوو فراکسیۆن لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە ئامادەبوونی کاک نەوشیروان مستەفا و خاتوو هێرۆ ئیبراهیم، کاک لەتیف شێخ عومەر بەرنامەکەی ئاراستەی هەردوو فراکسیۆن کرد کە بەندە کاندیدی فەرمی یەکێتیم بۆ سەرۆکی ئەنجوومەن. هەروەها لە دانیشتنی یەکەمی ئەنجوومەنی پارێزگاش لە ڕۆژی 2016/8/21 کە ئەنجامی نەبوو، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن دەبووایە کارنامەی داهاتووی ئەنجوومەن ڕابگەیەندرایە، لە دوا ساتی کۆبوونەوەکەدا، د.هەڤاڵ کارنامەی کۆبوونەوەی داهاتووی خوێندەوە کە بەربژاری یەکێتی بۆ سەرۆکی ئەنجوومەن ئەکرەم شەریفە، چونکە هەمان ڕۆژ لەلایەن کاک ڕەفعەت عەبدوڵڵا و کاک لاهور شێخ جەنگییەوە بە کاک هەڤاڵ گوترابوو، خۆیشم بە کاک ڕەفعەت و کاک شێخ لاهورم گوتەوە و جەختیان لەو زانیارییە کردەوە. هەروەها کاک حاکم قادریش هەمان زانیاری بە د.هەڤاڵ گوتبوو کە بەندە کاندیدی سەرۆکی ئەنجوومەن بووم، تەنانەت ئێستاش بەرپرسانی یەکێتی دەڵێن تۆ کاندیدی ئێمە بوویت، بەڵام دواجار بە پەیوەندییەکی شەخسی ناوەکەم بۆ بەڕێزێکی دیکە گۆڕدرا.

**ڕووداو: پێتوایە لەلایەن چ کەسێکەوە ناوەکەت گۆڕدراوە؟**

**ئەکرەم شەریف:** با جارێ ئەوە بمێنێت، چونکە بڕیارم داوە هەنگاو بە هەنگاو لەم بابەتە بڕۆمە پێشەوە.

**ڕووداو: چ کاتێک ناوەکەی تۆ بۆ کەسێکی دیکە گۆڕدرا؟**

**ئەکرەم شەریف:** چەند خولەکێک پێش کۆبوونەوەکە پێمگوترا، بەڕێزێک لە ژوورەکەی من قسەی لەگەڵ د.هەڤاڵ کردبوو، ئەویش گوتبووی نووسراوێکمان بۆ هاتووە و ناوی کاندیدەکە بۆ کاک ئازاد گۆڕدراوە.

## بەرپرسانی یەکێتی ئێستاش دەڵێن کاندیدی ئێمەی بۆ سەرۆکی ئەنجوومەن

**ڕووداو: ئەو پۆستەت بە مافی خۆت دەزانی؟**

**ئەکرەم شەریف:** بەڵێ لەبەر چەند هۆکارێک، لە هەڵبژاردنی 30-4-2014ی لیستەکەدا من ژمارە پێنج بووم، بەڕێزەکەی ئێستا ژمارە 16 بوو، لەپلەی حیزبایەتیدا کارگێڕی مەڵبەند بووم، ئەو بەڕێزە ڕاستە ئەندامی یەکێتی بووە، بەڵام پلەی حیزبیی دیاریکراوی نەبووە، لەڕووی ئەکادیمییەوە دەرچووی زانکۆم، بەڵام بۆ بڕوانامەکەی ئەو

## پەیمانی ئاکار لەنێوان من و چوار ئەندامەکەی دیکە هەبوو

بەڕێزە دەتوانن لە خۆی بپرسن و لەو ڕووشەوە لەو بەرزترم، لە هەڵبژاردنیشدا هەشت هەزار و 550 دەنگم هێناوە، بەڵام ئەو بەڕێزە لە حەوت هەزارەکانە و بەڕێژەیەکی بەرچاو لە دوای منەوەیە، ئەگەر بەپێی عورفیش بێت ناکرێت جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن بکرێتەوە بە ئەندام، پاشان ئەگەر بە ئیجماعی مەکتەبی سیاسی و بە قسەی کاک حاکم قادر سەرۆکی لیژنەی دانوستانکاری یەکێتیش بێت، بەندە کاندیدی ئەو پۆستە بووم.

**ڕووداو: دەگوترێت ئەوە پەیوەندی بە باڵباڵێنی نێو یەکێتییەوە هەبووە و لە باڵی بەرهەم ساڵحەوە نزیک بوون، بۆیە پۆستەکەتان پێ نەدرا؟**

**ئەکرەم شەریف:** هەر باڵێک بێت نابێت ئەو موستەحەقاتانەی باسمکرد پێشێل بکرێن.

**ڕووداو: ئێوە سەرەتا پێنج کەس بوون، بەڵام ئەوان دوای دیدارێکی لاهور شێخ جەنگی بڕیاریان دا بگەڕێنەوە فراکسیۆن، ئاگاداری ئەو سەردانەیان بوویت؟**

**ئەکرەم شەریف:** نەخێر.

**ڕووداو: کەواتە لەو پەیمانەیان پەشیمان بوونەوە؟**

**ئەکرەم شەریف:** نازانم دەتوانن لە خۆیان بپرسن، ئێمە پەیمانمان بە یەک دابوو بۆ گرتنەبەری هەر ڕێکارێک بە هەماهەنگی و بەپێی خواست و زانیاری هەموومان، هەنگاو بنێین.

**ڕووداو: بۆچی لە خۆیان بپرسین، ئەوان چوونە لای لاهور شێخ جەنگی و بڕیاریان دا بۆ نێو فراکسیۆن بگەڕێنەوە؟**

**ئەکرەم شەریف:** وەکو گوتم پەیمانی ئاکارمان لەنێواندا بوو، ئاگام لەو هەنگاوەیان نەبوو.

**ڕووداو: ئەی دوای دیدارەکە چاوت پێیان کەوت؟**

**ئەکرەم شەریف:** بەڵێ، بەڵام وردەکاریی زیاترم لێ نەپرسیون و لێشیان ناپرسم، چونکە پێویستم پێی نییە.

**ڕووداو: دوای ئەو بڕیارەت هیچ بەرپرسێکی باڵای یەکێتی پەیوەندی پێوە کردوویت؟**

**ئەکرەم شەریف:** بەڵێ، لە جێگری یەکەمی سکرتێری گشتییەوە تاوەکو زۆربەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پەیوەندییان پێوە کردووم و لە خەمی ئەو بابەتەدان.

**ڕووداو: دوا بڕیارت چییە؟**

**ئەکرەم شەریف:** ئێستا ئەندامی فراکسیۆنی سەوز نیم و فراکسیۆنی سەربەخۆم دروستکردووە، بەڵام جارێ بیرم لە ناوەکەی نەکردووەتەوە، سەرنجیشم لەسەر کۆبوونەوەکە هەیە و کەیسێکی یاساییشم هەیە و ڕێکاری یاسایی و کارگێڕی دەگرمەبەر بۆ ئەوەی لە دادگای کارگێڕی وەڵامەکەی وەربگرمەوە.

**ڕووداو: سکاڵات تۆمار کردووە؟**

**ئەکرەم شەریف:** تا ئێستا ڕاوێژی یاساییم کردووە، چونکە دەوام نەبووە.

**ڕووداو: ڕۆژانی ڕابردوو گوتت واز لە یەکێتیش دێنم، ئایا ئێستاش ئەندامی یەکێتیت؟**

**ئەکرەم شەریف:** بۆ ئەوەی بەڕاشکاوی قسە بکەم، من پەشیمان نەبوومەتەوە لە بڕیارەکەم، بەڵام مافم هەیە و غەدرم لێکراوە، مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیش دوای کۆبوونەوەکە و تا دوێنێش پێیانگوتووم ئەوە مافی خۆتە و پارێزەری مافەکەت دەبین. پێیانگوتووم تائێستاش کاندیدی مەکتەبی سیاسیت بۆ سەرۆکی ئەنجوومەن، تا وەڵامی ئەوان وەرنەگرمەوە هەر یەکێتیم.

**ڕووداو: ئەی ئەگەر ئەو وەڵامەش هیچی لێنەکەوتەوە؟**

**ئەکرەم شەریف:** ئەگەر وەڵامەکە باوەڕهێنەر نەبێت و ئەو مافەی هەمبوو بەپێی ئەو موستەحەقاتانەی باسمکردن و بۆم نەگەڕێندرایەوە، قسەی جددیم دەبێت.

**ڕووداو: دوای ئەو کۆبوونەوەیە هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد پەیوەندی پێوە کردوویت؟**

**ئەکرەم شەریف:** نەخێر.

**ڕووداو: ئەی حاکم قادر و لاهور شێخ جەنگی؟**

**ئەکرەم شەریف:** بەڵێ.

**ڕووداو: لاهور شێخ جەنگی داوای بینینی کردبیت؟**

**ئەکرەم شەریف:** با بمێنێت.

**ڕووداو: دوای کۆبوونەوەکە ئازاد محەممەد و هەڤاڵ ئەبوبەکر پەیوەندییان پێوە کردوویت؟**

**ئەکرەم شەریف:** نەخێر.

**ڕووداو: بۆ لادانت لە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن، هەڵوێستی گۆڕانت بەلاوە چۆن بوو؟**

**ئەکرەم شەریف:** لەسەر ئاستی باڵا و یاساناسانیان پەیوەندییان پێوە کردووم کە ئەوە پێشێلکارییەکی زەقی یاساییە و دەبوو بەسەر کاک هەڤاڵدا تێنەپەڕێت، دەتوانم بڵێم کۆبوونەوەکە هەڵپەی پێوە دیار بوو.

## وەزیری تەندروستی بانگهێشتی پەرلەمان دەکرێت



**ڕووداو- بەغداد**

هاوپەیمانی شیعەکان دوو وەزیر بۆ لێپرسینەوە بانگهێشتی پەرلەمان دەکەن کە یەکێکیان وەزیری تەندروستییە. ئەحمەد حاجی ڕەشید بڕیاردەری لیژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، پەرلەمانتارانی شیعە پێیان ڕاگەیاندووە کە لە داهاتوودا دوو وەزیری سەر بە هاوپەیمانی شیعەکان لە پەرلەمان لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت کە یەکێکیان وەزیری تەندروستییە، بەڵام ناوی وەزیرەکەی دیکەیان ئاشکرا نەکرد. ناوبراو گوتی "ئەو پەرلەمانتارانە پێیانگوتم تائێستا حەوت وەزیری خۆیان لاداوە و شوێنگرەوەشیان بۆ داناون، دەشیانگوت وەزیرەکانیان مانگانە یان دوو مانگ جارێک فراکسیۆنەکەی خۆی لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکات".

## گلۆڵەی پارتی لە بەغدا دەکەوێتە لێژی

# "هاوپەیمانێتیەکی کوردی - شیعی لە بەغدا لە دژی پارتی دروستبووە"

**هۆشیار زێباری، وەزیری دارایی عێراق بۆ (ڕووداو):**
**هەموو شتێکم بەداتا و بەڵگە ڕوونکردووەتەوە**

**جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق:**
**موئامەرەیەکی گەورە لە بەغدا لە دژی پارتی دەکرێ**

**سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق:**
**پارتی لە بەغدا بەتەنیا مایەوە**

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

"هاوپەیمانێتییەکی کوردی- شیعی لە بەغدا هەیە دەیانەوێ موئامەرەیەکی گەورە لە دژی پارتی بکەن و بە سەندنەوەی متمانە لە هۆشیار زێباری دەستیان پێکردووە" ئەمە قسەی کەسی دووەمی پارتییە لە پەرلەمانی عێراق. سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیش دەڵێت "زۆربەی پەرلەمانتارانی کورد دەنگ بۆ سەندنەوەی متمانە لە وەزیرەکەی پارتی دەدەن".

ڕۆژی 2016/8/27 فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق بە تەنیا مایەوە، کاتێک سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی داوای لە پەرلەمانتارانی کوتلە کوردییەکان (یەکێتی، گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتوو) کرد پاڵشتی وەزیرەکەی پارتی بکەن و هۆڵی پەرلەمان جێبهێڵن، بەڵام کەسیان لە شوێنی خۆیان نەبزووتن.

حاکم تاریق گەردی، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ "قەت ئەو ڕۆژە لەبیر ناکەین". ئەو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دەبێ پارتی هەڵوێستی خۆی ڕوون بکاتەوە کە ئایا لەگەڵ مانەوەیە لەبەغدا یان جیابوونەوە. دەبێ ئەمساڵ ئەو بڕیارە بدات، چونکە موئامەرەیەکی گەورە لە بەغدا لە دژی پارتی دەستی پێکردووە".

فراکسیۆنی دەوڵەتی یاسا بۆ بانگهێشتکردنی وەزیرەکەی پارتی لە حکومەتی عێراق 11 پرسیاری ئاراستە کرد، بەڵام بڕوایان بە وەڵامەکانی هۆشیار زێباری نەهێنا و ئیمزایان کۆکردەوە بۆ ئەوەی هەنگاوی سێیەم بگرنەبەر کە ئەویش وەرگرتنەوەی "متمانەیە" لە زێباری.

ئارام شێخ محەممەد، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "مانگێک لەمەوبەر لە فرۆکەخانەی بەغدا بە کاک هۆشیار زێباریم گوت شتێکی وا هەیە و دەیانەوێ بانگهێشتی تۆ بکەن بۆ پەرلەمان، بەڵام ئەو گوتی زۆر ئاساییە".

جێگری سەرۆکی پەرلەمان کە حیزبەکەی لە خراپترین پەیوەندیدایە لەگەڵ حیزبەکەی هۆشیار زێباری، ڕەخنە لە ئەدای پارتی لە بەغدا دەگرێ "پارتی هەماهەنگیی لاوازی هەیە لەگەڵ فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا، بگرە پارتی هیچ داوایەکی لەلایەنە کوردستانییەکان نەکردبوو کە ئەم بابەتە هەیە و هەڵوێستی ئێوە چییە، خودی هۆشیار زێباریش لەگەڵ پەرلەمانتارانی کورد پەیوەندی باشی نییە". بەڵام ئارام شێخ محەممەد نەیشاردەوە "ڕەنگە بانگهێشتکردنی وەزیری دارایی ئامانجێکی سیاسی لە پشتەوە بێ".



**بەرپرسێکی باڵای یەکێتی لە بەغدا:**
**کاک کۆسرەت داوای کردووە ڕێگری لە سەندنەوەی متمانە لە زێباری بکەین**

بەرپرسێکی باڵای کورد لە بەغدا بە (ڕووداو)ی گوت "سیاسەتکردن لە بەغدا ئەوەندە خراپ بووە، هەر کەسێ قسەیەکی ڕاست بکات، ناوبانگی لەکەدار دەکەن". بۆیە ئەو بەرپرسە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، بەڵام هەندێ زانیاری گرنگی دا لەسەر دۆخی کورد لە بەغدا و گوتی "ئەوە یەکەمجارە کورد لە بەغدا لە دوای 2003وە بەو شێوەیە ئینشیقاقی تێبکەوێ".

ئەو بەرپرسە کە یەکێتییە، دەڵێت "بۆ مەسەلەی خالید عوبەیدی، وەزیری بەرگریی عێراق، مەلا بەختیار ئەوکات لە بەغدا بوو، داوای لە پەرلەمانتارانی یەکێتی کرد، دەنگ بۆ سەندنەوەی متمانە لە عوبەیدی نەدەن، کەچی دەنگیان دا". بەڵام ئەمجارە وەک خۆی دەڵێت "کاک کۆسرەت و د.فوئاد مەعسوم لەسەر خەتن، بۆ ئەوەی ڕێگە نەدرێ متمانە لە هۆشیار زێباری وەربگیرێتەوە".

بەرپرسەکەی یەکێتی لە بەغدا نەیشاردەوە کە "ئەوەی ئەمجارە بەرامبەر پارتی دەکرێ مەسەلەی هۆشیار زێباری نییە، بەڵکو بەشێکی موئامەرەیە لە دژی پارتی".

نەوزاد ڕەسووڵ، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت "مەکتەبی سیاسی یەکێتی تەوجیهی پەرلەمانتارانی یەکێتی کردووە، پاڵپشتی هۆشیار زێباری بکەن و نەبینە هۆکار بۆ سەندنەوەی متمانە لە زێباری".

بزووتنەوەی گۆڕان پێناچێ لە بەغدا نەرمی بۆ پارتی بنوێنێ و ڕازی بن بەوەی ڕێگری بکەن لە سەندنەوەی متمانە لە وەزیرەکەی پارتی لە حکومەتی عێراق.

مەسعود حەیدەر، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت "پارتی بەبێ ئەوەی هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە کوردستانییەکان بکات، داوای کرد هۆڵی پەرلەمان چۆڵ بکەین، بۆیە نەمانکرد".

مەسعود حەیدەر کە ئەندامی لیژنەی داراییە لە پەرلەمانی عێراق، هەڵوێستی فراکسیۆنەکەی خستەڕوو لە ئەگەری سەندنەوەی متمانە لە زێباری و گوتی "وەزیرێک نەتوانێ بەرگری لە خۆی بکات، ئێمەش ناتوانین بەرگری لێ بکەین".

وەرگرتنی متمانە لە وەزیرێکی حکومەتی عێراق پێویستی بە دەنگی 50+1 دەبێ، واتە لە کۆی 328 پەرلەمانتار 166 ئامادەبن دەکرێ مەسەلەی لێسەندنەوەی متمانە بخرێتە دەنگدانەوە.

تەنیا بزووتنەوەی گۆڕان نییە کە ڕەنگە هاوکاریی پارتی نەکات بۆ ڕێگریکردن لە سەندنەوەی متمانە لە زێباری. ئەحمەد حاجی ڕەشید، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق گوتی "جگە لە شیعەکان و لایەنە عەرەبەکان، زۆربەی لایەنە کوردستانییەکانیش لە پەرلەمانی عێراق لەگەڵ ئەوەن متمانە لە هۆشیار زێباری وەربگیرێتەوە".

سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی خەتاکە بۆ پارتی دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت "پارێزەرەکانی پارتی لە بەغدا لاوازبوون، پارتی حیزبێکە بەپلان و تەوجیهات کاردەکات، بەڵام ئێستا وا دەرناکەوێ و خەڵکی لە خۆی دوورخستووەتەوە".

ئەحمەدی حاجی ڕەشید هەروەها دەڵێ "تاوەکو ئێستا سێ جار لەگەڵ پارتی چووینەتە دەرەوە کە بڕواشمان پێ نەبووە، بەڵام ئەمجارە کە خەسرۆ گۆران هاتە هۆڵی پەرلەمان و داوای کرد لایەنە کوردستانییەکان بچنە دەرەوە، کەس لەگەڵی نەڕۆیشت جگە لە پارتی". گوتیشی "موستەحیلە گۆڕان، کۆمەڵی ئیسلامی و بگرە یەکێتی و یەکگرتووش پشتگیری پارتی بکەن، پارتی دۆستەکانی لە دەستداوە و دەبێ دیراسەتی ئەمە بکات".

ئەحمەدی حاجی ڕەشید باسی پێگەی ئێستا و ڕابردووی پارتی لە بەغدا دەکات و دەڵێت "جاران لە عێراق خەڵک بەس پارتی دەناسی، ئێستا پێچەوانە بووەتەوە. بەتایبەت دوای ڕێککەوتنی یەکێتی و گۆڕان، لایەنە سیاسییەکان حیساب بۆ ئەوان دەکەن و دەنگیان لە پارتی زیاترە. یەکێتی و گۆڕانیش کە سەردانی لایەنەکان دەکەن دەڵێن پارتی بەتەنیایە و ئیسلامییەکانیش لەگەڵ ئێمەن، ڕەنگە لایەنە عێراقییەکان بەتەواوەتی باوەڕیان بەوە نەبێ، بەڵام کاتێ خەسرۆ گۆران داوای لە پێکهاتەی کوردی کرد بچنە دەرەوە، هیچ لایەنێکی کوردی لەگەڵی دەرنەچوو، 100% بۆ لایەنە عەرەبەکان دەرکەوت کە پارتی بەتەنیا ماوەتەوە".

بەڵام جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە بەغدا پێیوایە لەنێو پەرلەمانی عێراق بەرنامە بۆ دژایەتیکردنی پارتی داڕێژراوە "دەستەکە ئاشکرایە، دوای ڕێککەوتنی یەکێتی و گۆڕان و هاتنی شاندی هەردوولا بۆ بەغدا و دواتر سەردانی مالیکی بۆ سلێمانی، هاوپەیمانێتی ژێر بەژێری بەشێکی یەکێتی لەگەڵ گۆڕان و هەردووکیان لەگەڵ مالیکی. کاریان لێدانی پارتییە".

# بەغدا دەیەوێت بە نەوتی کەرکووک کەموکوڕیی بودجەکەی پڕبکاتەوە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

حکومەتی عێراق سەرقاڵی ئامادەکردنی پرۆژە بودجەی 2017یە. دابەزینی نرخی نەوت و ئەو کورتهێنانە زۆرەی لە بودجەدا هەیە، وای کردووە جارێکی دیکە دەرگای دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بکاتەوە بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێککەوتنێکی نوێ بۆ پرسی نەوت و گاز کە ناکۆکییەکی گەورەی نێوان هەردوولایە.

خەمڵاندنی هەر بەرمیلێک نەوت بە نرخی 35 دۆلار، حکومەتی بەغدای هێناوەتە سەر ئەو باوەڕەی ساڵێکی پڕ لە قەیران لەچاوەڕوانیی عێراقییەکاندایە، ئەگەر دەست بە زۆرتر بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت نەکەن. ئەوەش وای کردووە بەرپرسانی باڵای وەزارەتی نەوتی عێراق بۆ پرسی نەوتی کەرکووک بیر لەوە بکەنەوە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست بکەنەوە بە گفتوگۆ.

ئەحمەد عەسکەری، سەرۆکی لیژنەی نەوت و وزە لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەڵێ دەستوور ڕێگای داوە بە حکومەتی بەغدا کە نەوتی کەرکووک لە ڕێگای کۆمپانیای (سۆمۆ)وە بفرۆشێ "ئێستاش پرسی نەوت و وزە لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا بووەتە کێشەیەکی ئاڵۆز و دەبێ بەخێرایی بگەنە ڕێککەوتن". بە زەحمەتیشی دەزانێ 150 هەزار بەرمیل نەوتی شارەکە لە ڕێگای تانکەرەوە بنێردرێتە دەرەوە.

بەپێی دەستووری عێراق، دانیشتووانی هەر پارێزگایەک کە نەوتی لێ دەردەهێنرێ، لە ڕێگەی پترۆ دۆلار، هاوکاری دەکرێن و دەبێ ڕاوبۆچوونیشیان وەربگیرێ، بەڵام ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەڵێن حکومەتی عێراق بودجەی سێ ساڵ و پارەی پترۆ دۆلار قەرزاری ئیدارەی کەرکووکە کە بڕەکەی زیاتر لە دوو تریلیۆن دینارە و بەو هۆیەوە بەشێکی زۆر لە پرۆژە و خزمەتگوزارییەکان وەستاون.

فەیاز حەسەن نیعمە، جێگری وەزیری نەوتی عێراق ڕایگەیاند "بڕیارە کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ)، هەفتەی داهاتوو لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر هەناردەکردنی نەوت لەڕێی بۆڕی نەوتی کوردستان- جەیهان دانوستاندن بکات". نیعمە هەروەها ڕایگەیاند "ئەگەر دانوستاندنەکان لەسەر ئەو پرسە هیچ ئەنجامێکیان نەبێت، ئەوا بیر لە هەناردەکردنی نەوت لەڕێگەیەکی دیکەوە دەکەنەوە". چونکە پێویستیان بە داهاتە.

لە پارێزگای کەرکووک، 5 کێڵگەی نەوتی هەیە، دوو کێڵگەیان حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی دەکات و سێ کێڵگەی دیکەشیان بەغدا. ئەوەی بەغدا ئیدارەی دەکات ڕۆژانە 150 هەزار بەرمیل نەوتی هەیە و ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەپێی دوایین ڕاپۆرتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، زۆرترە لە 200 هەزار بەرمیل، بەڵام ماوەی 5 مانگ بوو بەهۆی ناکۆکیی لەگەڵ بەغدا، هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک بۆ بەندەری جەیهان ڕاگیرابوو.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ئیدارەی کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ماوەیەک لەمەوبەر نەجمەدین کەریم، پارێزگاری کەرکووک بەنیاز بووە جارێکی دیکە سەردانی بەغدا بکاتەوە بە مەبەستی دانوستاندن لەگەڵ حکومەت بۆ ئەوەی لەبارەی نەوتی کەرکووک و بەشە بودجەی شارەکە و کێشە داراییەکانەوە گفتوگۆ بکات، بەڵام ڕەنگە بەهۆی دەستپێکردنەوەی دانوستاندنەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لەبارەی نەوتی کەرکووک، چاوەڕێی ئەنجامەکان بکات.

فەرهاد حەمزە، سەرۆکی ئەندازیاران لە کۆمپانیای نەوتی باکوور بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت "کۆمپانیای نەوتی باکوور 75 هەزار بەرمیل دەنێرێت، بەڵام توانای بەرهەمهێنانی 150 هەزار بەرمیلی هەیە، لەو بڕەی دەمێنێتەوە 25 هەزاری بە تانکەر دەنێردرێتە بەغدا، 30 هەزاریشی لە پاڵاوگەی نەوتی باکوور دەپاڵێورێ، نزیکەی 20 هەزار بەرمیلیش دەمێنێتەوە و دەخرێتەوە نێو بیرەکان".

فوئاد حوسێن، ئەندامێکی لیژنەی نەوت و گاز لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، باسی ڕەوشی خزمەتگوزارییەکانی نێو شاری کەرکووک دەکات بەهۆی ئەو گوشارە ئابوورییەی بەغدا لەسەری دروستکردوون و دەڵێ دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک هەنگاوێکی باشە و دەبێ پێشوازی لێبکرێ "بەڵام هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک بۆ ئێران ئاسان نییە، یان دەبێ نەوتەکە بباتە بەسرا و لەوێوە ڕەوانەی ئێرانی بکات یان دەبێت بۆڕی ڕابکێشێت، یان ئەوەتا بە تانکەر لە ڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە".

فوئاد حوسێن، گوتیشی "بەڵام هیچ ڕێگایەکیان ئاسان نییە بۆ بەغدا و هەر دەبێت لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بگاتە ڕێککەوتنێکی نوێ، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی بۆرییە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستانەوە ڕەوانەی دەرەوەی بکات و بیفرۆشێ".



(فۆتۆ: ڕووداو)

کوردستانی رووداو
ژمارە (422) - دووشەممە 2016/8/29





## هەدەپە چارەنووسی ئۆجەلان دەباتە پەرلەمان

**رووداو- ئەنقەرە**

بڕیارە فراکسیۆنی هەدەپە لەڕێگەی ژمارەیەک پەرلەمانتارانییەوە، پرسی وەرگرتنی زانیاری لەبارەی چارەنووسی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، رێبەری بەندکراوی پەکەکە، پێشکەشی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بکات، بۆ ئەوەی پرسەکە کارابکەنەوە و بەدواداچوونی بۆ بکەن. پێشتر فراکسیۆنی هەدەپە، بەکر بۆزداغ، وەزیری دادی تورکیایان بۆ پەرلەمان بانگهێشتکرد بۆ وەرگرتنی زانیاری لەبارەی چارەنووسی ئۆجەلان، کە دواییینجار لە 15ی نیسانی 2015 گۆشەگیرکراوە و بەهیچ شێوەیەک رێگە بە دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵی نادرێت، بەڵام بەهۆی راگەیاندنی باری نائاسایی، وەڵامی پێویستیان پێنەدرابوو.

# ئۆپەراسیۆنی جەرابلوس رێ لە یەکخستنی کانتۆنەکان دەگرێت؟




**رووداو- هەولێر**

ئۆپەراسیۆنەکەی سوپای تورکیا بۆ سەر شاری جەرابلوسی سووریا خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێ. بەشێک لە چاودێران پێیانوایە ئەو ئۆپەراسیۆنە یەکخستنی کانتۆنەکانی رۆژئاوا دوادەخات، بەڵام پەکی ناخات. هەندێکی دیکەش دەڵێن ئۆپەراسیۆنەکە سنووری قەڵەمڕەوی کوردی لە رۆژئاوای کوردستان دیاری کرد کە رۆژهەڵاتی رووباری فوراتە.

دوای چەند رۆژێک لە ئامادەکاری، سوپای تورکیا هاوشانی سوپای سووریای ئازاد لە رۆژی 24ی ئەم مانگە، ئۆپەراسیۆنێکی بۆ سەر داعش لە شارۆچکەی جەرابلوس ئەنجامدا، بەهۆی بەرگری نەکردنی داعش لە ماوەی 14 کاژێردا شارەکە کۆنترۆڵ کرا، بەڵام کۆنترۆڵکردنی جەرابلوس بەو شێوە خێرایە گومانێکی زۆری ورووژاند.

فەهیم تاشتەکین، نووسەری تورک و پسپۆڕی کاروباری تورکیا بە (رووداو)ی گوت "بەڵێ بەبێ شەڕ داعش کشانەوە. ئەمە دوو ئەگەری هەیە: یان لە بەرامبەر هەندێک شتی دیکە لەگەڵ تورکیا رێککەوتوون، یان ئەوەتا لەوە تێگەیشتن کە ناتوانن ئەو شەڕە بکەن و کشانەوە".

جەرابلوس دەکەوێتە سەر کەنارەکانی رۆژئاوای روباری فورات. 126 کیلۆمەتر لە رۆژهەڵاتی حەلەب دوورە. بە دووری 30 کیلۆمەتریش دەکەوێتە باشووری شارۆچکەی منبج. جەرابلوس هاوسنوورە لەگەڵ سار قامیش لە تورکیا و بە دەروازەی تێپەڕبوونی بیانییەکان بۆ نێو داعش دادەنرێ.

لەساڵی 2012دا و دوای شەڕێکی سەخت لەگەڵ سوپای رژێمی ئەسەد، ئەو شارۆچکەیە کەوتە ژێر دەستی سوپای سووریای ئازاد، بەڵام لە سەرەتای 2014دا داعش، سوپای سووریای ئازادی لە شارەکە دەرکرد.

ئۆپەراسیۆنەکەی سوپای تورکیا بۆ سەر جەرابلوس هاوکات بوو لەگەڵ یادی 500 ساڵەی شەڕی مەرج دابق لەنێوان سوڵتان سەلیمی یەکەم لەدژی دەوڵەتی مەمالیک لە 1516/8/24 کە بووە سەرەتایەک بۆ داگیرکردنی جیهانی عەرەبی لەلایەن سوپای دەوڵەتی عوسمانی، داگیرکردنێک کە نزیکەی 400 ساڵ درێژەی کێشا.

رۆژنامەی خەبەر تورک کە یەکێکە لە رۆژنامە دیارەکانی تورکیا، رۆژی 25ی ئەم مانگە شرۆڤەیەکی لەبارەی ئۆپەراسیۆنەکەی جەرابلوس بڵاوکردەوە. بەپێی ئەو رۆژنامەیە، ئۆپەراسیۆنەکە سێ دەستکەوتی گرنگی بۆ تورکیا هەبووە کە بریتین لە رێگرتن لە یەکخستنی سێ کانتۆنەکە. دوورخستنەوەی هەڕەشەی داعش لەسەر تورکیا و رەواندنەوەی مەترسیی پچڕاندنی پەیوەندیی تورکیا لەگەڵ ناوچە عەرەبییەکان.

بەڵام چاودێران پێیانوایە گرنگترین هۆکار بۆ هێرشی تورکیا بۆ سەر جەرابلوس، گرتنی منبج بوو لەلایەن هێزەکانی سووریای دیموکرات کە خەریکە شێوە و قەبارەی سوپایەک وەردەگرێت.

پرۆفیسۆر بوراق بیلگەهان لەزانکۆی ئابووری و تەکنەلۆجیای ئیستانبوڵ کە خاوەنی چەندین توێژینەوەیە لەبارەی کێشەی کورد، دەڵێت ئازادکردنی منبج لەلایەن هێزەکانی سووریای دیموکرات، تورکیای ترساند.

بیلگەهان لەو بارەیەوە بە (رووداو)ی گوت "تورکیا پێیوایە کۆنترۆڵکردنی ناوچەی جەرابلوس- ئەلعەزاز لەلایەن پەیەدە کێشەیەکی ئەمنییە بۆ تورکیا. دەوڵەت هیچ جیاوازییەک لەنێوان پەکەکەی تورکیا و پەیەدەی باکووری سووریا ناکات".

بە گوتەی بیلگەهان، تورکیا بەنیاز بووە هێرش بکاتە سەر منبجیش، بەڵام دوای ئەوەی یەپەگە رایگەیاند کە لە منبج دەکشێتەوە، ئێستا تورکیا ناچار نییە بچێتە منبج.

سەبارەت بە ئەگەری یەکخستنی سێ کانتۆنەکەی رۆژئاوای کوردستان بوراق بیلگەهان دەڵێت "ئەستەمە سێ کانتۆکە یەک بخرێن، چونکە تورکیا قەڵەمڕەوی لەسەر ئەو کۆریدۆرە هەیە. لەمەودوا کوردەکانی سووریا ناچارن بە رۆژهەڵاتی فورات رازی بن".

بیلگەهان پێیوایە چوونی سوپای تورکیا بۆ جەرابلوس، شەڕ لە باکووری کوردستان و تورکیا فراوانتر دەکات "ئەو بارودۆخەی لە باکووری سووریا لەم چەند رۆژەی دوایی هاتە ئاراوە، هۆکارێکە بۆ ئەوەی پەکەکە لەناو تورکیا شەڕ چڕتر بکاتەوە".

بەڵام فەهیم تاشتەکین، خوێندنەوەیەکی تەواو جیاوازی هەیە لە بیلگەهان. ئەو پێیوایە تورکیا بەخستنە خوارەوەی فڕۆکە رووسییەکە لە یاریی سووریا دەرکرایە دەرەوە، ئێستا بە چوونە نێو جەرابلوس جارێکی دیکە گەڕایەوە نێو یارییەکە.

تاشتەکین دەڵێت "چوونی تورکیا بۆ نێو جەرابلوس ئەوەندە گرنگ نییە و هەموو هاوسەنگییەکانی رۆژئاوای کوردستان ناگۆڕێت "ئەو گرووپانەی ناوچە شاخاوییەکانی حەلەب و ئیدلبیان لەدەستدایە سەر بە تورکیان. واتە ئەمە یەکەم جار نییە تورکیا لە رێگای گرووپە وابەستەکانەوە کاریگەری لەسەر گۆڕەپانەکە دروست دەکات. ناوچەی جەرابلوسیش هاتە سەر ئەو ناوچانە، سبەی هێزێکی نوێ دروست دەبێت و هاوسەنگییەکان دەگۆڕێن. پێویستە پێشڕەوییەکانی سوپای سووریا بە هاوکاریی ئێران و رووسیا ببینین".

لەبارەی ئەگەری چوونە پێشەوەی سوپای تورکیا بەرەو منبج، تاشتەکین ئەمە بە زەحمەت دەزانێت و دەڵێت "ئەگەر تورکیا ئۆپەراسیۆنەکە بەرفراوانتر بکات، رووبەڕووی سوپای رووسیا لە سووریا دەبێتەوە. پێموایە تورکیا ئەو شتە ناخوازێ".

ئایا تورکیا دەتوانێت رێ لە یەکگرتنی کانتۆنەکان بگرێ؟ تاشتەکین دەڵێت "تورکیا دەتوانێ یەکگرتنی کانتۆنەکان لەسەر سنوورەکانی ئاستەنگ بکات. بەڵام کورد دەتوانن لە باکووری حەلەب بەڕێگای منبج و ئەلبابدا کانتۆنەکان بگەیەننە یەکدی. تورکیا دەتوانێ ئەمە درەنگ بخات، بەڵام ناتوانێ ئاستەنگی بکات. چونکە بۆ ئەمە پێویستە سەرباز رەوانەی ئەوێ بکات و شەڕێکی گەورەتر بکات".

سەبارەت بە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر کورد و تورکیا، فەهیم دەڵێت "ئەمریکا لەنێوان کورد و تورکیادا سیاسەتێکی هاوسەنگ بەڕێوەدەبات. بەبێ ئەوەی کۆتایی بەهەماهەنگی و هاوپەیمانی لەگەڵ کورد بهێنێ تەکتیکێک پەیڕەو دەکات و تورکیا رادەگرێت. ئەمریکا بە تورکیا دەڵێ یان رێگا بە کورد بدە یان بەخۆت ناوچەکە لە داعش خاوێن بکەوە. تورکیا دووەمی هەڵبژارد. ئەمریکا هەر لەسەرەتاوە رێگری لە تورکیا نەدەکرد بۆ ئەوەی بچێتە جەرابلوس".

لەشەڕی نێوان کورد و رژێمی سووریادا لە 17 و 18ی ئەم مانگە، ئەمریکا بەشێوەیەکی کرداری و لەژێر ناوی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی پشتگیریی لە کورد کرد. بۆیە رۆژئاوای کوردستان پێیوایە یاری جەرابلوس بەو شێوەیە ناڕوات کە تورکیا دەیەوێت. لەبەر ئەمە ئەوان رووداوەکان لە گۆشەنیگای پلانی ئەمریکاوە دەخوێننەوە. ئەوان پێیانوایە رووسیا و ئەمریکا لەنێو خۆیاندا لە مەسەلەی سووریادا رێککەوتوون.

ئەندامێکی پێشووی سەرکردایەتی پەکەکە کە خەڵکی رۆژئاوای کوردستانە، پێیوایە ئەمریکا و رووسیا هەوڵ دەدەن کارتەکانی تورکیا و ئێران لە سووریادا بێکاریگەر بکەن. ئەو سەرچاوەیە کە لەبەر هەستیاریی بارودۆخەکە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (رووداو)ی گوت "بەهاتنی رووسیا بۆ سووریا زۆربەی کارتەکانی ئێران ئێکسپایەر بوون. دیسان هەماهەنگیی ئەمریکا لەگەڵ یەپەگە زۆربەی کارتەکانی تورکیای بێکاریگەر کرد. رووسیا و ئەمریکا بە هەناسەیەکی درێژ ئەو کارە دەکەن، تورکیا باش لەو راستیە گەیشتووە، لەبەر ئەوە هەموو رێگایەک تاقی دەکاتەوە".

ئەو سەرچاوەیە پێیوایە هێزە کوردییەکان بێ کارت نین لەبەرامبەر ئەمریکادا، بە دووریشی نازانێت "سەودایەک لەبەرامبەر بەشداریکردنی هێزە کوردییەکان بۆ رزگارکردنی رەققە لەگەڵ ئەمریکادا کرابێ یان بکرێت".

# پەکەکە شەڕ دەگوازێتەوە سەر دەریای رەش

**رووداو- هەولێر**

هێرشەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە هەرێمی "قەرەدەنیز" لە تورکیا لە هەڵکشاندایە. چاودێران دەڵێن پەکەکە لەگەڵ گرووپە چەپەکان دەخوازێ لەو هەرێمە پێگەیەکی سەربازیی هەبێ و گورز لە ئامانجە سەربازی و ئابوورییەکانی تورکیا بوەشێنێ، بەڵام زۆربەی چاودێران گەیشتنی پەکەکە بەو ئامانجانە بە زەحمەت دەزانن.

بەو ناوچەیەی دەکەوێتە سەر کەنارەکانی دەریای رەش لە باکووری تورکیا دەگوترێت "قەرەدەنیز". کە هەشت شار لە خۆ دەگرێت و بەسەر سێ هەرێمدا دابەش بوون، شاری زۆرنگولوک، سامسۆن و ئۆردو لە قەرەدەنیزی رۆژئاوا. ریزە، ئارتیڤین و ترابزۆن لە قەرەدەنیزی رۆژهەڵات و سنۆپ و کاستەمۆنیش لە قەرە دەنیزی ناوەڕاستن.

زۆربەی دانیشتووانی ئەو ناوچەیە سەر بە نەتەوەی "لاز"ن و لەنێو بۆتەی نەتەوەی تورکدا تواونەتەوە. لە رووی ئابوورییەوە لەچاو رۆژئاوای تورکیا ناوچەیەکی دواکەوتووە و لە رووی جوگرافیشەوە، ناوچەیەکی شاخاویی پڕ لە دارستان و کوێستانە.

پەکەکە لە ناوەڕاستی دەیەی کۆتایی سەدەی رابردوو، بە مەبەستی گواستنەوەی شەڕ بۆ هەرێمەکانی دیکەی تورکیا، ستراتیژی بڵاوەپێکردنی سوپای تورکیا و ماندووکردنی پەیڕەو کرد، هانی چەپەکانی تورکیای داوە بۆ پیادەکردنی شەڕی گەریلایی، هەروەها کاری لەسەر جوڵاندنی هەستی نەتەوەیی لازەکان کردووە. لە رێگەی گرووپی بچووکی گەریلایی ویستوویەتی شەڕ لەو ناوچەیە فراوان بکات.

عەلی کوچوک دورسن، ئەندامی پێشووی سەرکردایەتی پەکەکە بە (رووداو)ی گوت "لە رابردوودا هێزی پەکەکە لە قەرەدەنیز لەسەر شێوەی گرووپی بچووک هەبوو. ئەمە تاوەکو ساڵی 1999 بەردەوام بوو. چونکە بەهۆی زاڵبوونی نەتەوەپەرستیی تورک، نەیتوانی پێگەی جەماوەری لەو ناوچەیە بۆ خۆی دروست بکات. دواتر لە ئاستێکی کەمتردا گرووپی رەوانەی ئەو ناوچەیە کردووە".

لەدوای دەستپکردنەوەی شەڕ لە 2015/7/22، رەوانەکردنەوەی گەریلا بۆ قەرەدەنیز بووە رۆژەڤی پەکەکە. جەمیل بایک هاوسەرۆکی کۆنسەی سەرۆکایەتی کەجەکە لە 2015/11/15، رایگەیاند کە ئامادەکاری بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی چەکداری لەگەڵ چەند رێکخراو و بزووتنەوەیەکی چەپ دەکەن. رۆژی 2016/3/12 پەکەکە لەگەڵ 9 رێکخراوی دیکەی چەپ و سۆسیالیستی تورک دامەزراندنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی یەکگرتووی گەلان (HBDH) ی راگەیاند.

ئەم بزووتنەوەیە لە 6ی ئایاری 2016 یەکەم هێرشی خۆی بۆ سەر سەربازگەیەک ئەنجامدا و فەرماندەی سەربازگەکە بەناوی زەفەر چاڵشکان کوژرا، لە پێنجی حوزەیرانی رابردووش لەسەر رێگای گوموشخانە — ترابزۆن هێرشیان کردە سەر ئۆتۆمبێلێکی جەندرمە و دوو سەربازیان کوشت، بەڵام هێرشێکیان لە 19ی مانگی رابردوو لەو ناوچەیەدا زۆرترین دەنگدانەوەی هەبوو، کاتێک لە شارۆچکەی مەکچەی سەر بە ترابزۆن هێرشیان کردە سەر هێزێکی چاودێریی رێگا و لەئەنجامدا سێ پۆلیس کوژران و چواری دیکەش بریندار بوون.

دوایین هێرشی ئەو گرووپە لە 25ی ئەم مانگە بوو کاتێک کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی کەمال کلیچدارئۆغڵو سەرۆکی گشتی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) کەوتە ناو بۆسەی گەریلاکانی پەکەکەوە. ئۆتۆمبێلێکی جەندرمە کە پارێزگاری لە کلیچدارئۆغڵوی دەکرد، لەسەر رێگای شارۆچکەی ئاردانوچ سەر بە ئارتیڤین، لەلایەن گەریلاکانی پەکەکەوە تەقەی لێکرا، بەو هۆیەشەوە سەربازێک بریندار بوو. رۆژی دواتر ئاژانسی فورات بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و رایگەیاند "لە هێرشی رۆژی پێنجشەممەدا مەبەست کلیچدارئۆغڵو نەبووە، بەڵکو ئەو ئۆتۆمبێلە سەربازییە کراوەتە ئامانج کە لە پێش کاروانەکەوە دەڕۆیشت".

هەرچەندە جوگرافیای ناوچەی قەرە دەنیز زۆر لەبارە بۆ شەڕی گەریلایی، بەڵام پەکەکە لە ساڵانی نەوەتەکاندا نەیتوانی شەڕی تێدا بەرفراوان بکات، هۆکاری ئەمەش نەبوونی پشتگیریی جەماوەری بوو کە بە خاڵی لاوازی پەکەکە دادەنرێت لەو ناوچەیە. ئێستا پەکەکە دەیەوێ لە رێگەی (HBDH) ئەو خاڵە لاوازە نەهێڵێت.

رۆژنامەنووس ئەرجان کاندەمیر کە خەڵکی ناوچەی قەرەدەنیزە، لە دوای دروستبوونی ئەو بزووتنەوەیە چەند شیکردنەوەیەکی بڵاوکردووەتەوە. ئەو دەڵێت "پەکەکە لە قەرەدەنیز نەیتوانی جەماوەر پەیدا بکات، بەڵام یەکگرتنی لەگەڵ رێکخراوە چەپەکان دەرفەتی مانەوە و حەوانەوە بۆ پەکەکە لە قەرەدەنیز دەسازێنێ". هەروەها دەڵێت "(HBDH) لە چەندین نەتەوە، ئەتنیک و فیکری جیاواز پێکهاتووە. لە رابردوودا گوتوومە لە قەرەدەنیز کەسی سەر بە پەکەکە دروست نابێ، بەڵام زۆر کەس هەیە لەم ناوچەیە لە داهاتوودا پەیوەندی بە (HBDH) دەکات".

کاندەمیر ئاماژە بە ناکۆکییە چینایەتی و کۆمەڵایەتیەکان دەکات و ئەگەری گەورەبوونی پەکەکە لەو ناوچەیە بەهۆی ئەو ناکۆکیانە بەدوور نازانێ "لەم ساڵانەی دوایی کوێستانەکانی قەرە دەنیز کە هی خەڵکی قەرە دەنیزە لەلایەن مافیاکانەوە بە نایاسایی دەفرۆشرێنە بیانییەکان، بەتایبەتی عەرەبەکان".

دوای زیادبوونی هێرشەکانی پەکەکە لە قەرەدەنیز، سوپای تورکیا چەندین ئۆپەراسیۆنی بۆ سەر پەکەکە کردووە، بەڵام نەیتوانیوە لەگەڵ گەریلاکان بەرەوڕوو ببێتەوە. بۆیە هەوڵ دەدات شانبەشانی خەڵکی ناوچەکە ئۆپەراسیۆن بکات.

رۆژنامەی خەبەر تورک لە 17ی ئەم مانگە بڵاوی کردەوە کە 750 کەس وەکو گوندپارێزی ئارەزوومەندانە لە گیرەسوون شانبەشانی سوپا بەشداری لە ئۆپەراسیۆنەکانی دژ بە پەکەکە دەکەن.

کوچوک دورسن لەبارەی کاریگەری ئەو گرووپانەی پەکەکە بەرەیەکی لەگەڵ دروستکردوون دەڵێت "دەخوازن لە رێگای ئەوانەوە شەڕ لەناو تورکیا بەرفراوانتر بکەن، بەڵام ئەو گرووپانە بچووک، بێکاریگەرن و بێ ئەزموونن. ئەو هێزە نین کە بتوانن شەڕ بکەن".

محەممەد فاقهانی کادیری پێشووی پەکەکە پێیوایە چوونی پەکەکە بۆ قەرە دەنیز واقیعی نییە. لەو بارەیەوە بە (رووداو)ی گوت "هێشتا واقیعی قەرەدەنیز ئامادە نییە، گۆڕینی ئەو واقیعە کات و کاری جدیی دەوێت".




پەکەکە دەیەوێت لەرێگەی زووتنەوەی شۆڕشگێڕی یەکگرتووی گەلان (HBDH) پێگەی خۆی لە قەرەدەنیز بەهێز بکات

جۆن ڤان دێر زاندێ، کونسوڵی گشتیی هۆڵەندا لە هەولێر بۆ (ڕووداو):

# گەندەڵی یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی کوردستانە

بەر لەوەی ماڵئاوایی بکات، چووەتە لای بەرپرسێکی هەرێمی کوردستان کە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە هۆڵەندا نەخشەیەکی کوردستانی لە باخەڵی نابوو تاوەکو بە هۆڵەندییەکان بڵێت کوردستان دەکەوێتە کوێ. جۆن ڤان دێر زاندێ، کونسوڵی گشتیی هۆڵەندا لە هەرێمی کوردستان دەڵێت لە ماوەی ئەو دوو ساڵەی لە هەرێمی کوردستان بووە، خۆشترین ڕووداوی ژیانی، سەردانی سەرۆکوەزیرانی وڵاتەکەی بووە بۆ هەرێمی کوردستان.

جۆن ڤان دێر زاندێ، کونسوڵی ماوە تەواوبووی هۆڵەندا کە چاوەڕێی هاتنی کونسوڵی نوێی هۆڵەندا دەکات، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێت، هێرشی داعش و ئەو قەیرانانەی بەهۆی ئەم هێرشەوە هاتنە ئاراوە، پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و هۆڵەندایان بەهێزتر کرد. بە گوتەی زاندێ، سوپای هۆڵەندا مەشق بە پێشمەرگە دەکات و هاوکارییە مرۆییەکانی هۆڵەنداش بۆ کۆچبەر و ئاوارەکان بەردەوامە، ئەمەش شایەتی لەسەر دۆستایەتی نێوان هەرێمی کوردستان و هۆڵەندا دەدات.

زاندێ هانی هەموو لایەنەکان دەدات پەرلەمان کارا بکەنەوە، ئەو پێیوایە دامەزراوە دیموکراتیکەکان دەبێت کارا بن، بۆ ئەوەی لەوێ ناکۆکییە سیاسیەکان بخرێنەڕوو. بەڕای دێر زاندێ، مادام کوردستان کەوتووەتە سەر نەخشە، کەواتە نابێت بەهۆی ئەم شەڕە سیاسییانەوە لە جووڵە بکەوێ.

هەڤپەیڤین: یودیت نیورنیک
ڕووداو- هەولێر



**ڕووداو: لە ماوەی کارکردنت لە کوردستان، گرنگترین ڕووداو لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و هۆڵەندا چی بوون؟**

**جۆن ڤان دێر زاندێ:** یەکەمیان ئەو کاتە بوو کە لە ساڵی 2014 داعش لە هەولێر نزیک کەوتبووەوە و دوو جاریش هاتنی منی بۆ هەولێر دواخست. دووەمیان سەردانی مارک ڕووتێ، سەرۆکوەزیرانی هۆڵەندا بوو، دەتوانم بڵێم کۆتاییەکی مەزن بوو بۆ ماوەی کارکردنم لێرە. هەڵبەت ژمارەیەکی زۆر بەرپرسی هۆڵەندی سەردانی کوردستانیان کردووە، لەوانەش جێگری سەرۆکوەزیرانی هۆڵەندا، وەزیری بەرگری، سەرۆک ئەرکانی هێزە سەربازییەکانی هۆڵەندا، بەڵام سەردانەکەی بەڕێز ڕوتێ سەرتۆپی هەموویان بوو.

بۆ ماڵئاوایی چووم بۆ لای دکتۆر فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، دەیگوت کاتێک لە 1975 وەکوو پەنابەرێک گەیشتبووە هۆڵەندا، هەمیشە نەخشەیەکی لە گیرفاندا بووە، چونکە هیچ کەس نەیدەزانی کوردستان دەکەوێتە کوێ، بەڵام ئێستا سەرۆکوەزیرانی هەمان وڵات (واتە هۆڵەندا) سەردانی ئێرە دەکات. گەشەکردنەکە لەڕووی ستراتیژییەوە گەورەیە، چونکە کوردستان کەوتووەتە سەر نەخشە. ئەمەش هەمووی لە ژیانی یەک تاکە کەسدا ڕوویداوە.

**ڕووداو: هۆڵەندا لە جەنگی دژی داعشدا چ ڕۆڵێکی بینیوە؟**

**جۆن ڤان دێر زاندێ:** بەشێک لە بەهێزتربوونی دۆستایەتی نێوانمان بۆ ئەم قەیرانە دەگەڕێتەوە. پەیوەندییەکانمان، هەم لەگەڵ هەرێمی کوردستان و هەمیش لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ، پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. هاریکارییە مرۆییەکانی ئێمە ڕۆڵی خۆیان گێڕاوە، لە کاتێکدا سوپای هۆڵەنداش مەشق بە پێشمەرگە و هەروەها هێزە تایبەتەکانی بەغدا دەکات. بە گوێرەی ئەوەی پێمگوتراوە هەماهەنگییەکان لە کاتی مەشقە سەربازییەکان باش بوون، پێشمەرگەش سوورە لەسەر ئەوەی فێر ببێت. دەمەوێ سڵاو و ڕێزی خۆمیان بۆ بنێرم، چونکە ئەوان لە پێناو ئێمەدا لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگن.

**ڕووداو: زۆریەی خەڵک لە کوردستان وێنایەکی جوانیان لەسەر هۆڵەندا هەیە، ئەمە بەو مانایە نییە کە هۆڵەندا خەریکە لە کوردستان دەبێتە وڵاتێکی ناسراو و خاوەن جەماوەر؟**

**جۆن ڤان دێر زاندێ:** ئەستەمە هۆکاری ئەمە بزانین. بەڵام ئەوە ڕاستییەکە و منیش هیچکات لە کوردستان، هیچ شتێکی نەرێنیم لەبارەی هۆڵەنداوە نەبیستووە. هەست دەکەم خەڵک حەزدەکەن بچنە هۆڵەندا، ئەوەشی کە دەچێتە ئەوێ بە کۆمەڵێک بەسەرهاتی ئەرێنی و خۆشەوە دەگەڕێتەوە. لە هەمانکاتدا، ئێمە ئیئتیلافێکمان هەیە کە لە 13 ڕێکخراوی هاریکاری پێکهاتووە، ئەم ئیئتیلافە لێرە چالاکە و یارمەتی داراییش لە حکومەتی هۆڵەندا وەردەگرێت. جیا لەمەش ئێمە هاوکاری ڕێکخراوە جۆراجۆرەکانی هەڵگرتنەوەی مین دەکەین. کۆی ئەو پارەیەی لە ساڵی 2016 بۆ هەموو ئەمانە دانراوە زیاتر لە شەست ملیۆن یورۆیە. ژمارەیەکی زۆر لە کوردە هۆڵەندییەکان لێرەن، هەر بۆیە ئەستەمە سەردانی وەزارەتێک بکەم و بە هۆڵەندی بەخێرهاتنم نەکەن. لە کاتی بەڕێوەچوونی جەژنی ساڵانەی پاشا لە کوردستان، لە مەراسیمەکە هێندەی هۆڵەندی دەبیستی هێندە ئینگلیزیت گوێ لێ نابێت. بۆیە ئێمە ماڵی هۆڵەندامان هەیە کە ڕێکخراوێکە بۆ خەڵکی هۆڵەندیی کوردزمان.

## 60 ملیۆن یۆرۆمان بۆ کوردستان داناوە

## کەیسی بریندارکردنی پێشمەرگەیەک لە وەزارەتی بەرگریی هۆڵەندایە

## دووجار هەوڵمان دا سیاسییەکانی کورد بهێنینەوە سەر مێزی دانوستاندن

**ڕووداو: لەناو سیاسیانی کورد و کەسانی نێو حکومەت، واتە حکومەتی هەرێمی کوردستان، هاووڵاتی هۆڵەندی هەن. پەیوەندیتان لەگەڵ ئەوان چۆنە؟**

**جۆن ڤان دێر زاندێ:** پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو وەزارەتەکان و پارتە سیاسییەکاندا باشە، بەڵام ئەمە بۆ کوردە هۆڵەندییەکانی ئەوێ ناگەڕێتەوە. حەز دەکەم لێرەدا ئاماژە بەو پشتگیری و هاوکارییە بکەم کە لە کاتی سەردانی بەرپرسانی باڵای هۆڵەندی لە لایەن پرۆتۆڵەوە پێشکەشمان دەکرێت، واتە ئەو فەرمانگەیەی کاردەکات بۆ ئەوەی لە کاتی سەردانی بەرپرسانی بیانیدا هەموو شتەکان بە ئاسانی بەڕێوە بچن. پێشتر هیچکات نەمبینیبوو کە هەماهەنگییەکان هێندە ئاسان، سروشتی و بێ کێشە بن. ئەم فەرمانگەیە لە پشت پەردەوە کاری خۆی دەکات، بەڵام پێویستە تیشک بخرێتە سەر ڕۆڵی ئەوان.

## جێی داخە کوردستان ناسەقامگیر بێت لەو کاتەی چاوی هەموو جیهانی لەسەرە

## داعش دووجار هاتنی منی بۆ هەولێر دواخست

## پێشمەرگە سوورە لەسەر ئەوەی فێر ببێت

## لە کوردستان، هیچ شتێکی نەرێنیم لەبارەی هۆڵەنداوە نەبیستووە

## ئەستەمە سەردانی وەزارەتێکی کوردستان بکەم و بە هۆڵەندی بەخێرهاتنم نەکەن

**ڕووداو: لە کوردستان "واستە" یان پەیوەندی تاکەکەسی مەسەلەیەکی بەربڵاوە، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کورد پێیانوایە ئەمە لەسەر ئاستە هەرە بەرزەکەی پەیوەندی نێوان هۆڵەندا و کورد ڕۆڵ دەبینێ. ئایا ئەمە ڕاستە؟**

**جۆن ڤان دێر زاندێ:** پەیوەندییە تاکەکەسییەکان لە سەرانسەری جیهان ڕۆڵ دەبینن. خەڵک کاتێک پەیوەندییەکی باشیان هەبێت دەتوانن لەم ڕێگەیەوە کارەکانیشیان بکەن. بەڵام ئەگەر پەیوەندییەکان بگاتە شتی نائاسایی یان گەندەڵیی تێبکەوێت، ئەوە مەسەلەکە دەگۆڕێت. گەندەڵی یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی ئێرەیە. لە پێنوێنی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بۆ گەندەڵی، عێراق لە ڕیزەکانی سەرەیەوە، ئەمەش تەنیا حکومەتی عێراقی فیدراڵ ناگرێتەوە. وابزانم دەسەڵاتدارانیش لەمەدا هاوڕان، بەڵام زۆر شت هەیە دەبێت بکرێت، لە کاتێکدا گەندەڵی خەریکە هەموو پێشکەوتنەکان ئیفلیج دەکات. ڕاستە ئەمە باسی لێوە دەکرێت، بەڵام ئەوەی پێویستە بکرێت ئەوەیە ڕووبەڕووی گەندەڵی ببنەوە، ئەگینا وەکوو هۆڵەندییەکان دەڵێن ئەوەی دەکرێت وەکوو ئەوەیە بەسەر پشتی ئەسپێکی مردووەوە بیت.

**ڕووداو: پارساڵ لە کاتی مەشقە سەربازییەکاندا ڕووداوێکی ناخۆش ڕوویدا، کاتێک پێشمەرگەیەک لە کاتی مەشقەکاندا بە گوللەی هۆڵەندییەک بریندار بوو. چۆن لەو ڕووداوە دەڕوانیت؟**

**جۆن ڤان دێر زاندێ:** ئەوە ڕووداوێکی ناخۆش بوو. ئەو کات هەر کە بیستم ئەوە ڕوویداوە تەلەفۆنم بۆ د.فوئاد حوسێن کرد بۆ ئەوەی زانیاریی پێبدەم. پۆلیسێکی هێزە سەربازییەکانیش لێکۆڵینەوەی لە ڕووداوەکە دەکرد و دواتر کەیسی ڕووداوەکەی بۆ وەزارەتی بەرگریی هۆڵەندا نارد. ئەمەش بەو مانایەیە کە کەیسەکە لە دەست ئێمەدا نەماوە، بەڵام ئەمە واناکات ڕووداوەکە ناخۆش نەبێت بۆ ئەوانەی لە ڕووداوەکەدا بوون.

**ڕووداو: لە ماوەی کارکردنی تۆدا گەورەترین گۆڕانکارییەکان لە کوردستان چی بوون؟**

**جۆن ڤان دێر زاندێ:** قەیرانە ئابوورییەکە لە سەرووی هەموویانەوە دێت، ئینجا قەیرانە سیاسییەکە. یەکەم مەسەلە ئەوەیە ڕەوشی گیرفانی خەڵک چۆنە. ئەم ڕەوشە ئابوورییە پاش ئەو هەموو ساڵە لە پێشکەوتن ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی خەڵک لە ڕەوشەکەی پێشوو ڕاهاتبوو. کاتێک دەبیستی ئێستا داهاتی خەڵک هێندە کەم بووەتەوە، پێت سەیرە چۆن دەرەقەت دێن، لە کاتێکدا گوزەران و ژیان لە هەولێر هەرزان نییە. بیستوومە هەندێک خەڵک یارمەتی یەکتریان داوە بۆ ئەوەی تووشی هەژاری و نەداری نەبن.

ئینجا ڕەوشی سیاسی نێوخۆیی کوردستان دێت. ململانێ سیاسییەکان بە درێژایی نیوەی ماوەی کارکردنی من لێرە بەردەوام بوون. ئێمە و هاوبەشە ئەورووپییەکانمان دووجار هەوڵماندا سیاسییەکانی کورد بهێنینەوە سەر مێزی دانوستاندن و ڕەوشەکە هێور بکەینەوە. خۆیان دەڵێن ئەم هەوڵانە یارمەتیدەر بوون، بەڵام هەتا ئێستا ئێمە ئاکامەکەیمان نەبینیوە. لە هەموو شتێک گرنگتر کاراکردنەوەی پەرلەمانە، کە ئەوە نزیکەی ساڵێکە کار ناکات. دامەزراوە دیموکراتیکەکان کار و ئەرکی خۆیان هەیە. ململانێ سیاسییەکان دەبێت لەوێ، واتە لە پەرلەمان بکرێ. زۆر جێی داخە کە لەو کاتەی چاوی هەموو جیهان لەسەر کوردستانە، ڕێک لەو کاتەدا کوردستان لەڕووی سیاسییەوە ناسەقامگیر بێت. بەڵام ئەوەی پۆزەتیف و دڵخۆشکەرە ئەوەیە لە کاتی سەردانەکانی ماڵئاواییکردنی خۆم بۆ لای سیاسییەکان، دەمبینی تۆنی قسەکان بەمدواییە گۆڕانیان بەسەرداهاتووە.

**ڕووداو: ئایا قەیرانەکە کاریگەری لەسەر ئەو بزنسکارە هۆڵەندییانەش داناوە کە دەیانەوێت بێنە کوردستان؟**

**جۆن ڤان دێر زاندێ:** بەداخەوە بەهۆی قەیرانەکەوە چالاکییە بازرگانییەکانی هۆڵەندا کەم بوونەتەوە، بەڵام وابزانم کاتێک شتەکان بەرەو باشتر چوون، بزنسکارەکانیش زوو دەگەڕێنەوە. هەمان شت بۆ ئەو هۆڵەندی و کوردە هۆڵەندییانەش ڕاستە کە ئێرە جێدەهێڵن. لە هەمانکاتدا جێگەی داخە کە دەبینین گەنجی خوێندەوای ئێرە کاریان دەستناکەوێت و ڕوو لە ئەورووپا دەکەن و بەختی خۆیان لەوێ تاقی دەکەنەوە، لەکاتێکدا لەوێش خەڵکانی گەنجی خاوەن بڕوانامەی بێکار هەن. هیوادارم ئەم خەڵکە گەنجە لێرە بمێننەوە و هەوڵی بنیاتنانی وڵاتی خۆیان بدەن، چونکە ئەوان سەرکردەی سیاسی و بزنسکارەکانی داهاتووی ئێرەن. ڕاکردنی عەقڵەکان یارمەتیی وڵاتەکە نادات.

**ڕووداو: وەکوو شەخسی خۆت، ماوەی کارکردنت لێرە چ هەستێکی پێ بەخشیت؟**

**جۆن ڤان دێر زاندێ:** ئەوە بۆ دە ساڵ دەچێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستم. بەو پۆستەی لە تاران و تەلەڤیڤ هەمبووە، ئەوە سێیەم پۆستمە لە ناوچە غەیرە عەرەبەکان وەرمگرتبێت. لە ئەورووپا کاتێک باسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن تاکە شتێک خەڵک بیری لێبکەنەوە عەرەبە. من لە کوردستان فرەڕەنگیم بینی و ئەمەش سەرنجڕاکێشە. لەڕووی جیۆپۆلیتیکیشەوە چاوی جیهان لەسەر ئێرەیە. زانیاریم دەستکەوت و لە زۆر شت تێگەیشتم کە بۆ کاری داهاتووم سوودیان لێدەبینم.

## بە شەوقەوە چاوەڕێی دەرفەتی گەڕانەوە بۆ کوردستان دەکەم

**ڕووداو: پاش ئێرە چی دەکەیت؟**

**جۆن ڤان دێر زاندێ:** وەکوو هەماهەنگیکاری ئەمنی دەچمە عەممان. خۆم و پێنج کەسی دی لە هۆکارەکانی تەشەنەسەندنی توندئاژۆیی لە سەرانسەری جیهان دەکۆڵینەوە، هەروەها چ ڕێوشوێنێک بگیرێتەبەر بۆ ئەوەی ڕێگری لە چوونی خەڵک بۆ ڕێکخراوە توندئاژۆکان بکرێت. من کار لەسەر ئوردن، لوبنان و عێراق، بە کوردستانیشەوە، دەکەم. وەکوو دەڵێن هیوای گەڕانەوە وادەکات ماڵئاوایی خۆش دەکات، بە شەوقەوە چاوەڕێی دەرفەتی گەڕانەوە بۆ کوردستان دەکەم. کوردستان هۆگرت دەکات.

**ڕووداو: ئایا پەیامی ماڵئاواییت هەیە بۆ خەڵکی کوردستان؟**

**جۆن ڤان دێر زاندێ:** بۆ ئەوانەی لە دەسەڵاتدان پێیان دەڵێم: هەوڵبدەن پێکەوە کاروبارەکان ڕێکبخەنەوە. بە هاووڵاتیانی ئاسایی کوردستانیش دەڵێم: سەردەمە خۆشەکانیشتان بینیوە، هەروەها دەشزانن شتەکان چەند زوو گۆڕانیان بەسەر دێت. ئەمەش بەو مانایەیە ڕەوشەکە دەشێت بەرەو باشتریش بگۆڕێت، بۆیە ورەتان بەرز بێت. هەروەها پێشتان وانەبێت فەرشی زێڕ لەسەر شەقامەکانی ئەورووپا ڕاخراوە.



## گرانفرۆشەکان سزا دەدرێن

**ڕووداو- سلێمانی**

لیژنەی هاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی داوا لە فرۆشیاران دەکات لە رۆژانی پێش جەژندا نرخی شمەک بەرز نەکەنەوە. گۆران قادر سەرۆکی لیژنە هاوبەشـــەکانی قایمقامیەتی مەڵبەندی ســـلێمانی بە (ڕووداو)ی راگەیاند، تیمەکانیان بەردەوام چاودێری دوکاندارەکان دەکەن بەمەبەســـتی رێگریکردن لە زیادکردنی نرخی شمەک، بەڵام لەگەڵ نزیکبوونەوە لە جەژنی قوربان گەرانەکانیان چڕتر دەکەنەوە و گوتی "داواکارین لە فرۆشیاران بۆنەکان بۆ گرانکردنی شمەک نەقۆزنەوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان، چونکە تیمەکانمان لە رۆژانی پێش جەژندا بەردەوام چاودێرییان دەکەن و بزانرێت هەر فرۆشیارێک نرخ بەرز دەکاتەوە سزا دەدرێت".

### بەرهەمی ئەمساڵیان ملیۆنێک و 680 هەزار تۆن بوو

# نیوەی گەنمی ئەمساڵی جووتیاران لە دەرەوەی سایلۆ مایەوە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبـەری بەرهەمهێنانـی دانەوێڵـە لە وەزارەتی کشـتوکاڵ دەڵێت ئەگەر تا وەرزی چاندنـی ئەمسـاڵ، بەغدا پـارەی جووتیاران نەنێرێ و وەزارەتی کشتوکاڵیش رێگەیەک بۆ بـە بازاڕکردنی ئەو گەنمـە نەدۆزێتەوە کە لە سـایلۆکان وەرنەگیراون، ئەوا ساڵی داهاتوو زەوییەکی زۆر بە بەیار دەمێنێتەوە.

لـە چـوار سـاڵی رابـردوودا رووبـەری چێنـراوی گەنـم لـە هەرێمی کوردسـتان لە ملیۆنێـک و 737 هەزار دۆنمەوە بۆ 3 ملیۆن و 100 هەزار دۆنم زیاد بوو، بڕی بەرهەمیش لـە 227 هـەزار تۆنەوە بـۆ ملیۆنێک و 680 هەزار تـۆن هەڵکشـاوە، ئەمـە لەکاتێکدایە بەرهەمـی ئەمسـاڵی 15 پارێزگاکەی عێراق تەنیا ملیۆنێک و 750 هەزار تۆن بووە.

ئەم زیادبوونە خێرایـەی بەرهەمی گەنمی جووتیارانـی کوردسـتان، دوو سـاڵە گومانـی لەلای بەرپرسـانی بەغدا دروسـت کـردووە. سـاڵی رابـردوو دەنگۆی ئەوەیان بڵاوکردەوە کە گەنمی هاوردە تێکەڵ بـە گەنمـی جووتیارانـی کوردسـتان کراوە، ئەمسـاڵیش بەبیانووی قەیرانـی دارایی جگە لـە کەمکردنەوەی 92 هـەزار دینار بۆ نرخی کڕینـەوەی هـەر تۆنێک، بڕیـاری کڕینەوەی تەنیـا 70%ی بری پێشـبینیکراوی بەرهەمی جووتیارانیـان دا، ئەمـەش زیانـی زۆری بـە جووتیارانی کوردستان گەیاند.

سەلیم محەممەد، جووتیارێکی پێشکەوتووی گوندی کەردزی سـنووری ناحیەی قوشتەپەی شـاری هەولێـرە، ئەمسـاڵ 157 تـۆن گەنمی هەبووە، بەڵام لەسەر راسپاردەی بەغدا تەنیا 69 تۆن گەنمی لێوەرگیراوە. بۆیە کارتی سـایلۆی ئەو جووتیارانەی کڕیوەتەوە کە گەنمیان نییە، یان بەرهەمیان کەم بووە.

سەلیم گوتی "بەشـێکی زۆر لە جووتیاران بەهـۆی دواکەوتنی پـارەی سـاڵانی رابردوو و قەرزی کێڵان و دروێنە، ئەمساڵ بەرهەمەکانیان رادەسـتی سـایلۆ نەکـرد و بەنرخی زۆر کەمتـر لەسـایلۆ بـە بازرگانەکانیـان فرۆشت، کارتی وەرگرتنی گەنمیشیان بە جووتیارانی دیکە فرۆشتەوە".

پرۆسـەی بەبازاڕکردنـی گەنـم لـە هەرێمی کوردسـتان ئەمسـاڵ لە کۆتاییەکانـی مانگی ئایار دەسـتی پێکـرد و تاوەکـو کۆتاییەکانی مانگـی تەمموز بـەردەوام بـوو. بەپێی ئاماری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، لەو ماوەیەدا 881 هـەزار و 916 تـۆن گەنم لە سـایلۆکانی کوردستان وەرگیراوە: (هەولێر 374.753 هەزار تۆن، سـلێمانی 222.837 هـەزار تۆن، دهۆک 284.1426 هەزار تۆن).

نەوزاد ئەدهەم، بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بە وەکالەت، دەڵێت "لەماوەی کەمتـر لەدوو مانگدا نزیکەی 882 هەزار تۆن گەنممان لە جووتیاران وەرگرت، ئەم بڕەش 70%ی بڕی پێشبینیکراوی وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان بوو کە بەنووسراو ئاراستەی هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵ و بازرگانی عێراقیان کردبوو بەر لە پرۆسەی بە بازاڕکردن".

بەهۆی سنوردارکردنی بڕی وەرگیراوی گەنم لە سایلۆکان بەشێکی زۆری جووتیاران بێبەش بـوون لەوەی تەواوی بەرهەمەکانیان لە سـایلۆ بەبازاڕ بکەن و بەشـێکی زۆر گەنم لە دەرەوەی سایلۆکان مایەوە.

نـەوزاد ئەدهـەم بـە پێویسـتی دەزانـێ بەرپرسـانی وەزارەتی کشتوکاڵ میکانزمێک بۆ بە بازاڕکردنی ئەو گەنمە بدۆزنەوە کە ساڵانە لە دەرەوەی سایلۆکاندا دەمێنێتەوە. چونکە دەڵێت "رەنگە ساڵی داهاتوو بەغدا تەنیا 600 تاوەکو 650 هەزار تۆن گەنمی جووتیارانی کوردستان بەنرخی پاڵپشـت بۆ دابەشکردنی بەشە ئاردی هاووڵاتیان بەگوێرەی کۆبۆن بکڕێتەوە".

بەپێـی ئامـاری وەزارەتـی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئـاو، بەرهەمـی ئەمسـاڵی جووتیارانی هەرێمی کوردستان بۆ ملیۆنێک و 680 هـەزار تۆن زیادبووە، لەم برەشـدا تەنیا نزیکەی 882 هەزار تۆن لەسایلۆکان وەرگیراوە و 799 تۆن لەدەرەوەی سایلۆ ماوەتەوە.

بەرپرسـێکی وەزارەتی کشتوکاڵ هۆشداری دەدات لە دواکەوتنی پارەی گەنمی جووتیاران و دەڵێت سـاڵی داهاتوو بە سەتان دۆنم زەوی بە بەیار دەمێنێتەوە.

فاروق عەلـی، بەڕێوەبـەری بەرهەمهێنانی دانەوێڵە و پەسـندکردنی بنەتۆ لـە وەزارەتی کشـتوکاڵ بـە (ڕووداو)ی گـوت "ئەگـەر تا وەرزی چاندنـی ئەمسـاڵ، بەغـدا پـارەی جووتیـاران نەنێرێ لەوانەیە لە وەرزی چاندنی ئەمسـاڵ 500 هـەزار دۆنـم زەوی کەمتـر لە سـاڵی رابردوو بچێندرێـت و بەرهەمی گەنمی هەرێمی کوردستانیش لەساڵی داهاتوو کەمێک پاشەکشێ بکات، چونکە بەشێک لەجووتیاران توانای چاندنیان نەماوە".

فـاروق عەلی، بۆ بەبازاڕکردنی ئەو گەنمەی لە دەرەوەی سـایلۆکان ماوەتەوە پێشـنیازی بـۆ وەزارەتی کشـتوکاڵ کردووە کـە رێگە لە هاوردەکردنی سـاوار و بـروش و گەنمەکوتا و ئاردی سفر بگیرێت و رێکەوتن لەگەڵ بازرگان و کۆمپانیاکانی خۆراک بکەن کە گەنمی خۆماڵی بۆ دروسـتکردنی ئـەم بەرهەمانە بەکاربهێنن، فاروق دەڵێت "دەتواندرێت پێویسـتی هەرێمی کوردسـتان بـە زیـادەوە لـەو بەرهەمانـە بە کوالێتییەکی باش لە گەنمی خۆماڵی دروسـت بکرێـت". بەپێی داتاکانـی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسـازی 642 ملیـاری دینـاری پـارەی گەنمی جووتیارانی کوردستان هی ساڵی 2014 و 2015 لـەلای بەغـدا مـاوە، هێشـتا وادەی دابەشکردنی ئەو پارەیە دیار نییە.

نەوزاد ئەدهەم دەڵێت "بەپێی زانیارییەکانی ئێمـە وەزارەتـی بازرگانـی عێـراق چەنـد فەرمانبەرێکی ناردووەتە سـایلۆکانی هەرێمی کوردسـتان تاوەکو جەردێک بۆ بـڕی پارەکە بکـەن. بەپێی نووسـراوێکیش کە ئاراسـتەی سایلۆکان کراوە نیوەی پارەکە بەکاش دەدرێت و نیوەکـەی دیکەش دەکرێتـە چەکی بانکی، بەڵام تائێسـتا هیچ کاتێک بـۆ ناردنی پارەکە دیاری نەکراوە".

بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو) بەهۆی زۆریی گەنم لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا نرخی تۆنێک گەنمی پلە یەک لە 310 هەزار دیناوە بۆ 250 هەزار دینار دابەزیوە. نرخی تۆنێک گەنمی پاککراویـش بۆ چاندن لە 600 هەزار دینارەوە بۆ 450 هەزار دینار دابەزیوە.

د.ئەنوەر عومەر، بەڕێوەبەری گشتی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی کشـتوکاڵ دەڵێت بۆ ئـەوەی نرخـی گەنـم زیاتـر دانەبەزێت و جووتیاران زەرەر نەکەن، رێگەیان داوە بەشێک لەو گەنمە بە شـارەکانی عێراق بفرۆشێت و بۆ هەناردەکردنـی نزیکەی 70 هەزار تۆن گەنم بۆ ئێرانیش نووسراویان کردووە.

سەبارەت بە رێگری لە بەرهەمی هاوردە بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمی خۆماڵی. د.ئەنوەر عومـەر گوتی "پێشـنیازمان بۆ ئەنجوومەنی وەزیران کردووە، رێگە لەهاوردەکردنی ئاردی سفر، ساوار، بروێش، گەنمەکوتا و ماکەرۆنی و پێویسـتییەکانی هەویـرکاری بگرێت، یان رێگـە بـدات باجیـان بخەینەسـەر تاوەکـو بتوانین کارگەکانـی ناوخۆ بەگەڕبخەینەوە و پێویستیی هەرێمی کوردستان لەو بەرهەمانە لە گەنمی خۆماڵی دابین بکەین".

هەرچەنـدە وەزارەتـی کشـتوکاڵ لەگەڵ چەنـد کۆمپانیایەکـی بیانی قسـەی کردووە بـۆ سـاخکردنەوەی بەرهەمـی خۆماڵـی، بـەڵام بـە گوتـەی د.ئەنـوەر لەسـەر نـرخ رێکنەکەوتـوون. د.ئەنـوەر دەڵێـت "ئەگەر نەمانتوانی رێگەیەک بۆ بەبازاڕکردنی گەنمی جووتیاران بدۆزینەوە. ئـەوا هانیان دەدەین ساڵی داهاتوو لە جیاتی گەنم، نیسک و نۆک و گەنمەشامی بچێنن".



(فۆتۆ: سیڤان محەمەد سەلیم)

**بڕی گەنمی وەرگیراوی گەنم لەسایلۆکانی کوردستان (بە تۆن) لە 2012 - 2016**

| پارێزگا | 2012 | 2013 | 2014 | 2015 | 2016 |
|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 59.829 | 210.887 | 284.495 | 373.282 | 374.753 |
| سلێمانی | 97.386 | 140.344 | 219.054 | 261.157 | 222.837 |
| دهۆک | 69.678 | 212.191 | 238.855 | 278.187 | 284.326 |
| گەرمیان | 226.902 | 563.422 | 742.404 | 912.626 | 881.916 |

# کوردستان هەشت بەرهەمی کشتوکاڵی ڕەوانەی دەرەوە دەکات

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت بەهۆی کواڵێتیان خواستێکی زۆر لەسەر چەند بەرهەمێکی رووەکی و ئاژەڵیی هەرێمی کوردستان لە ئەوروپا و وڵاتانـی عەرەبیـدا هەیە، بـەڵام بەهۆی زۆریی تێچـووی گواسـتنەوە و بەرهەمهێنـان، ناتوانـن کێبڕکێی نرخی بەرهەمی وڵاتان بکەن.

بەپێـی ئامـاری وەزارەتـی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئاو، لە ساڵی رابردوودا و هەروەها لە شـەش مانگی یەکەمی ئەمسـاڵدا 11 هەزار و 125 تـۆن خوریی مـەڕ، 225 تۆن مـووی بزن، 22 هـەزار و 891 تۆن پێسـتە هەناردەی تورکیا و ئێران کراون، هەروەها 1307 تۆن هەزار لۆغانە و ریخۆڵـە، 193 هـەزار و 400 دانە جووجەڵەی ئەجداد هەناردەی لوبنان کراون. 500 تۆن پەتاتە بۆ سـعودیە و 1200 کیلۆ هەنگوینیش هەناردەی ئیمارات کراوە.

د.ئەنـوەر عومـەر، بەڕێوەبـەری گشـتیی پـلان و بەدواداچـوون لـە وەزارەتی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئـاو دەڵێت "بەهـۆی بەرزیی کواڵێتییان خواسـتێکی زۆر لەسـەر بەروبوومی کوردسـتان لە وڵاتانی ئەوروپی و عەرەبی هەیە، بەڵام بەهـۆی نەبوونی رێگای ئـاوی و تێچووی زۆری گواستنەوەی ئاسمانی و زەمینی، ناتوانین بەرهەمە زیادەکانمان هەناردە بکەین".

بۆ جۆری ئەو بەرهەمانەشـی کە خواستیان لەسـەرە، د.ئەنـوەر عومـەر گوتـی "خواسـت لەسـەر زۆربەی بەرهەمـەکان هەیە، بەڵام زۆرتر لەسـەر هەنار، سـێو، تـرێ، هەنگویـن، گەزۆ، نانە قەیسـی، باسوق و سجوق و گەنم لە وڵاتی تورکیـا و ئێران، لە لوبنانیش خواسـت لەسـەر پێسـتە، خوری، موو، ریخۆڵە، هـەزار لۆغانە و جووجەڵـەی دایکانـە هەیە". بەهـۆی نەبوونی کارگەی دورسـتکراوەکانی پێسـتە، خوری، موو، ریخۆڵـە و هەزار لۆغانـە، نەتوانراوە سـوود لەو بەرهەمانە وەربگیرێت، ئەمەش وایکردووە بەشێکی زۆریان فڕێ بدرێت و بەشـێکی کەمیشـیان دوای خۆشکردن و پاککردنەوەی لەلایەن بازرگانەکانەوە بە پارەیەکی زۆر کەم لە دەرەوە بفرۆشرێ.

رەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لـە وەزارەتـی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت "پێسـتە، خوری، موو و ریخۆڵە بەشێکن لە بەرهەمە لاوەکییە گرنگەکانی سـامانی ئاژەڵ، پێویستە هاوشێوەی بەرهەمەکانی گۆشت و شیر وەک سامانێکی نیشتمانی سەیر بکرێت و گرنگی پێبدرێـت، بەڵام بەداخەوە بەهۆی نەبوونی کارگە بۆ دروسـتکراوەکانیان، سـوودیان لـێ نەبینراوە و بەشـی زۆریان فڕێدەرێت. بەشـێکی کەمیشی هەناردەی تورکیا و ئێران و لوبنان دەکرێ".

کۆمپانیـای راسـون بـۆ بەرهەمهێنانـی جووجەڵـەی دایکانـە کـە سـەر بـە گرووپـی کۆمپانیاکانـی ڤانۆیـە و بریـکاری سـەرەکی کۆمپانیـای (Ross)ی بەریتانییـە، سـاڵانە ملیۆنێـک و 550 هـەزار جووجەڵـەی دایکانـە و ملیۆنێـک و 500 هەزار جووجەڵەی گۆشـت بەرهـەم دێنێ، بەمەش پێویسـتیی پرۆژەکانی بەخێوکردنـی جووجەڵـەی دایکانـە لـە عێراق و کوردسـتان دابیـن دەکات، بـەڵام هەندێجار بەرهەمەکەی زیـاد دەبێت و هەناردەی لوبنانی دەکات. سـەڵاح مسـتەفا، خاوەنی گرووپی ڤانۆ گوتـی "بەهۆی بەرزیی کواڵیتـی و هەرزانیی نرخ خواسـتێکی زۆر لەسـەر بەرهەمـی پرۆژەکەمان لە چەند وڵاتێکی ئاسـیا و ئەفریقـا هەیە، بەڵام بەهـۆی زۆریـی تێچووی گواسـتنەوە، هەتا لێرە خواست لەسەر بەرهەمەکانمان هەبێت هەناردەی ناکەیـن". بە گوتەی سـەڵاح مسـتەفا، پێشـتر لوبنان بۆ پێویسـتیی پرۆژەکانی جووجەڵەی لە سـووریا و ئەوروپـا هـاوردە دەکرد، بـەڵام دوای ئـەوەی کواڵیتی بەرهەمی پرۆژەکەی ئەوانیان بۆ دەرکەوتووە، ئێسـتا بۆ پڕکردنەوەی بەشـێک لە پێداویستییەکانیان روو لە کوردستان دەکەن.

کۆمپانیاکـەی سـەڵاح سـاڵی رابـردوو 119 هـەزار جووجەڵەیـان بـە 388 هـەزار دۆلار بە لوبنانییـەکان فرۆشـتووە، لـە شـەش مانگـی یەکەمـی ئەمساڵیشـدا، 74 هـەزار و 400 جووجەڵـەی دیکەیـان پـێ فرۆشـتوون کە بایی 234 هەزار دۆلار بووە.

د.ئەنوەر عومەر باسـی گرفتەکانی هەناردەی بەرهەمە خۆماڵییەکان دەکات و نموونە بە هەناری هەڵەبجە دێنێتەوە و دەڵێت "لە ساڵی 2011 دا ویستمان هەزار تۆن هەناری هەڵەبجە هەناردەی بەریتانیـا بکەین کە خواسـتی زۆر لەسـەر بوو، بەڵام بە رێگەی ئاسـمانی تێچووی گواستنەوەی هەر کیلۆیەکی دۆلارێک و نیو دەکەوت و تاوەکو دەگەیشـتە دەست فرۆشـیارەکانی بەریتانیاش، نرخـی کیلۆیەکـی دەبـووە 4.5 دۆلار، ئەمەش نرخێکـی زۆرە بەرامبەر بەنرخی کیلۆیەک هەنار لەو وڵاتە، بۆیە نەمانتوانی هەناردەی بکەین".

بۆ چارەسـەری ئەو گرفتـە د.ئەنوەر دەڵێت "بۆ کەمکردنەوەی نرخی گواسـتنەوە، لەهەوڵی ئەوەداین کارگـەی گوشـراوی ئـەو بەرهەمانە لـە کوردسـتان دابمەزرێنین و گوشـراوەکانیان هەنـاردەی ئـەو وڵاتانـە بکەین کە خواسـتیان لەسـەرە. بۆ نموونە دەتوانیـن لە 5 کیلۆ هەنار کیلۆیەک (سـرکە) دروسـت بکەین، ئەو کات لە جیاتی 7.5 دۆلار بۆ گواستنەوەی 5 کیلۆ هەنار بدەیـن، 1.5 دۆلار بـۆ گواسـتنەوەی کیلۆیەک سرکە دەدەین".

ئـەو بەرپرسـەی وەزارەت کشـتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، پلانی داهاتووی وەزارەتەکەی بـۆ (ڕووداو) ئاشـکرا کـرد بـۆ بەبازاڕکردنـی بەشـێک لـە بەروبوومی کوردسـتان لە دەرەوە "لەگـەڵ چەنـد رێکخراوێکـی نێودەوڵەتـی لە پلانماندایـە کارگـەی بچووک بۆ دروسـتکردنی نانەقەیسی و باسـوق و سجوق، سرکەی هەنار و هەندێ بەرهەمی دیکە دابمەزرێنین، دواتریش کۆمەڵە و رێکخراو بۆ جوتیاران دروست بکەین، تاوەکو بەشـێوەی گروپ کاربکەن و بەرهەمیان زۆربێت".

دکتـۆر ئەنـوەر عومـەر دەڵێـت "ئەمسـاڵ وەک نمونـە بەنیازیـن ئەم بیرۆکەیـە لەقەزای شـەقڵاوە جێبەجێ بکەین، ئەگەر سـەرکەوتوو بوو لە زۆربەی شـار و شـارۆچکەکانی دیکەش جێبەجێی دەکەین".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

# ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا یان فرۆشتنی نەوت بە سەربەخۆ؟



بیلال سەعید

هەفتەی ڕابردوو عەبدولجەبار لعێبی، وەزیری نوێی نەوتی عێراق، دوای وەرگرتنی متمانەی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند "چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق قورس نییە و هیچ شتێکیش مەحاڵ نییە". سەفین دزەیی، گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە وەڵامی لعێبیدا ڕایگەیاند "ئامادەین بۆ گفتوگۆ، بەڵام دەبێت ئیرادەیەکی بەهێز لە بەغدا بۆ چارەسەر هەبێت".

هەرێمی کوردستان لەدوای ساڵی 2003وە چەندینجار لەسەر دۆسیەی نەوت لەگەڵ بەغدا گەیشتوونەتە ڕێککەوتن، بەڵام زۆرینەی ڕێککەوتنەکان سەرکەوتوو نەبوون، بەهۆی پابەندنەبوونی بەغدا بە پێدانی بەشە شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان، یان پابەندنەبوونی هەرێمی کوردستان بە خاڵەکانی نێو ڕێککەوتنەکان.

دوایین ڕێککەوتنی نێوان هەردوو حکومەت لە کۆتایی ساڵی 2014 کرا و سەرەتای 2015 جێبەجێ کرا. هەردوولا ڕێککەوتبوون کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 550 هەزار بەرمیل نەوت (بە نەوتی کەرکووکیشەوە) ڕادەستی کۆمپانیای سۆمۆ بکات، لە بەرامبەریشدا حکومەتی عێراق بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان (17%) بدات.

دوای تێپەڕبوونی تەنیا دوو مانگ بەسەر ڕێککەوتنەکەدا هەریەک لە حکومەتی هەولێر و بەغدا یەکدییان بە پابەندنەبوون بە ڕێککەوتنەکە تۆمەتبار کرد و لە ناوەڕاستی ساڵی 2015 بەشێوەیەکی کردارەکی ڕێککەوتنەکە هەڵوەشایەوە، هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی سەربەخۆ دەستی بەهەناردەی نەوتی بۆ بەندەری جەیهانی تورکیا کرد.

لەناوەڕاستی ساڵی 2015ەوە هەرێمی کوردستان ئەزموونی هەناردەکردنی نەوتی بەشێوەی سەربەخۆ هەیە، حکومەتی عێراقیش بەردەوامە لە سیاسەتی هەناردەکردنی نەوتی خۆی. هەرچەندە لەوکاتەوە چەندینجار لە ڕێگەی میدیا و سەردانی بەرپرسانی هەرێمی کوردستانەوە بۆ بەغدا قسە لەسەر ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولاوە کراوە، بەڵام بێ ئەنجام بووە.

ئێستا کە وەزیری نوێی نەوتی عێراق و گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەییان بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییە نەوتییەکانی نێوانیان دەربڕیوە، پێویستە بپرسین ئایا کاتی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان هاتووە؟ ئایا ئاستی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان و ناوەند بۆ ڕێککەوتن لەبارە؟

بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، مانگی تەممووزی ڕابردوو هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان 14 ملیۆن و 176 هەزار و 761 بەرمیل بووە (بەبێ نەوتی دوو کێڵگەی کەرکووک کە لەلایەن کۆمپانیای نەوتی باکوورەوە هەناردەکردنی نەوتەکەیان لە ڕێگەی بۆڕی نەوتی کوردستانەوە ڕاگیرابوو)، ڕۆژانە 457 هەزار و 314 بەرمیل نەوتی کوردستان لەڕێگەی بەندەری جەیهانەوە فرۆشراوە. کۆی داهاتی نەوتی کوردستان لە مانگی تەممووزدا 461 ملیۆن و 196 هەزار و 477 دۆلار بووە و تێکڕای نرخی هەر بەرمیلێکیش 32.5 دۆلار بووە.

وەزارەتی نەوتی عێراقیش هەناردەکردنی نەوتی مانگی تەممووزی ڕابردووی ئاشکرا کردووە کە گەیشتووەتە 99 ملیۆن و 226 هەزار و 184 بەرمیل، ئاستی ڕۆژانەی هەناردەکردنی سێ ملیۆن و 202 هەزار بەرمیل بووە. کۆی گشتیی داهاتە بەدەستهاتووەکانیش سێ ملیار و 743 ملیۆن و 867 هەزار دۆلار بووە. هەر بەرمیلێکیش بە 37.7 دۆلار فرۆشراوە.

ئەگەر ئاستی هەناردەی نەوتی مانگی تەممووزی نێوان کوردستان و عێراق پێکەوە وەربگرین، ئاستی هەناردەی نەوت گەیشتووەتە 113 ملیۆن و 402 هەزار و 945 بەرمیل نەوت کە ئاستی هەناردەی نەوتی کوردستان دەکاتە 12.50% و عێراقیش 87.50%.

خاڵێکی دیکەی جیاوازیی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق، بەهای یەک بەرمیل نەوتە لە نێوان کوردستان و عێراق. کوردستان یەک بەرمیل نەوتی خۆی لە مانگی تەممووزدا بە 32.53 دۆلار فرۆشتووە، بەڵام عێراق بە 37.7 دۆلاری فرۆشتووە، واتە عێراق یەک بەرمیل نەوتی بە 5 دۆلار گرانتر لە هەرێمی کوردستان فرۆشتووە.

کۆی گشتیی داهاتی نەوتی فرۆشراوی هەرێمی کوردستان و عێراق پێکەوە دەکاتە 4 ملیار و 205 ملیۆن و 63 هەزار دۆلار، داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان لەکۆی گشتی دەکاتە 10.96%، بەڵام داهاتی عێراق لەکۆی گشتی دەکاتە 89.04%.

لەبەرئەوە هەر ڕێککەوتنێکی نوێی نەوتی لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق بە پشتبەستن بە دیاریکردنی 17%ی بودجەی گشتیی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان بکرێ، هەنگاوێکی گرنگ و بەجێیە، هەرچەندە ئەمە ئەستەمە لەبەرئەوەی 17% تەنیا وەک ژمارەیەکە و لەڕاستیدا بەغدا تەنیا 12%ی داهاتی عێراقی بە کورد داوە، ئەویش دوای زیادکردنی ساڵ لە دوای ساڵی خەرجییە سیادییەکان.

بۆیە بەدڵنیاییەوە عێراق ئەم ژمارانەی هەرێمی زۆر باش خوێندووەتەوە و تێدەگات کە هەرێمی کوردستان ئاستی هەناردە و بەهای فرۆشتنی نەوت و داهاتەکەی ناگاتە ئەوەی کە عێراق 17%ی بودجەی بۆ ڕەوانە بکات یان ڕێککەوتن لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات، بەڵام ئایا عێراق کە ئەمە دەزانێت بۆچی داوای ڕێککەوتن دەکات؟

بەپشتبەستن بە دوایین ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا لە ساڵی 2015 کە ڕێککەوتنەکە بەو شێوەیە بوو: هەرێمی کوردستان بەنەوتی کەرکووکەوە ڕۆژانە 550 هەزار بەرمیل ڕەوانە بکات، واتە نەوتی ڕەوانەکراوی کەرکووک لە بۆڕی نەوتی هەرێمی کوردستانەوە دەیکردە 54.55%ی کۆی نەوتی ڕەوانەکراو. هەرچەندە لە ناوەڕاستی مانگی شوباتەوە هەناردەی نەوتی دوو کێڵگەی کەرکووک لەلایەن عێراقەوە ڕاگیراوە، بۆیە هەر هەوڵێک ئەگەر لەلایەن عێراقەوە بێت، ئەوەندەی بۆ گێڕانەوەی نەوتی کەرکووکە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنەکە ئەوەندە لەبەر هەرێمی کوردستان نییە، چونکە ئاستی هەناردەی نەوت و بەهای نەوت لە بازاڕەکانی نەوت لەبار نییە بۆ ڕێککەوتن.

بۆیە بە لێکدانەوەی ئاستی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان و بەهای نەوتی فرۆشراو و داهاتی هەرێمی کوردستان لەمانگی تەممووزدا، دەگەینە ئەو خاڵەی کە ڕێککەوتن ئەگەر لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بێتە کایەوە، بە پشتبەستن بە 17%ی بودجەی گشتیی عێراق، ئەوا لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستانە، بەڵام ئەگەر وەک پێشتر تەنیا 12% بێت، سوودێکی ئەوتۆی بۆ کوردستان نابێت. لەبەرئەوە هەرێمی کوردستان بە زیادکردنی ئاستی هەناردەی نەوت و کارکردن بۆ بەرزکردنەوەی بەهای نەوتەکەی لە بازاڕدا و ئاماژە ئەرێنییەکان لە بازاڕی نەوت، دەتوانێ لەو بڕەی زیاتر دەستبکەوێت کە عێراق لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێک پێی دەدات.

*ڕۆژنامەنووسی ئابووری

## کۆبوونەوەی ئۆپێک و..

# کۆسپەکانی بەردەم سڕکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت

ڕووداو- هەولێر

کۆبوونەوەی ڕۆژانی 26-28ی مانگی داهاتووی ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک) لە جەزائیر، لە دوو هەفتەی ڕابردوودا کاریگەریی بەرچاوی لەسەر یارییەکانی بازاڕی نەوت داناوە. مانگێک بەر لە کۆبوونەوەکان، هەموو لایەنەکان لەبنەڕەتدا لەسەر ئەوە کۆکن کە سڕکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە قازانجی هەموو لایەنەکانە و بەرزکردنەوەی بەهای نەوت پێویستی بە یارمەتی هەموو لایەنەکان هەیە، بەڵام بەکرداری کردنەوەی ئەم زەرورەتە کارێکی ئاسان نییە، لەلایەکەوە کێشەی نێوخۆیی ئۆپێک ڕێگرە و لەلایەکەی دیکەشەوە ڕکابەریی ئۆپێک لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک (بە تایبەتیش نەوتی لیتەی ئەمریکا) بەربەست بۆ هەنگاوە ئەرێنییەکانی ئۆپێک بە ئاراستەی بەرزکردنەوەی نرخی نەوت دروست دەکەن.

## پاڵنەرەکانی ڕێککەوتن چین؟

نەوت سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی ئۆپێکە، لەوانەش سعودیە، عێراق، کوێت و ڤەنزوێلا. یاریکردنی بەردەوامی نرخەکانی نەوت بە ڕێژەی زیاتر لە 20%، واتە لە نێوان 40-50 دۆلار بۆ بەرمیلێک، نەک هەر بۆشایی گەورە لە بودجەدا دروست دەکات، بەڵکو نادڵنیایی و دوودڵییەکی بەردەوامیش تووشی ئەو لایەنانە دەکات کە ستراتیژی دارایی وڵاتەکان دادەنێن، هەر بۆیە وڵاتەکان بەردەوام ناچار دەبن وەکوو دۆخی تایبەت مامەڵە لەگەڵ پرۆژەکاندا بکەن، بۆیە سەیر نییە کە دەبینین هێندەی باسی بەرزکردنەوەی نرخەکانی نەوت دەکرێت، هێندە و زیاتریش باسی دروستکردنی هاوسەنگییەکی جێگیر لە نرخەکاندا دەکرێ.

دابەزینی نرخی نەوت زیانێکی زۆری لە نەوتی لیتەیی ئەمریکاش داوە، بەجۆرێک چاوەڕێ دەکرێت بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکا هەتا کۆتایی ئەمساڵ بە بڕی نزیکەی یەک ملیۆن بەرمیل دابەزێت، بۆیە هەر هەنگاوێک بۆ بەرزکردنەوەی نرخەکانی نەوت بە قازانجی پیشەسازیی نەوتی ئەمریکاشە.

پاڵنەری دووەم پەیوەندی بە زیانەکانی ئەم ڕەوشە بە پەرەسەندنی کەرتی نەوت خۆیەوە هەیە. دابەزینی نرخەکانی نەوت وای کردووە کۆمپانیاکانی نەوت چیدی نەتوانن قازانجی پشکەکان بە خاوەن پشکەکان بدەن، بۆیە ژمارەیەک لە کۆمپانیا زەبەلاحەکان بیریان لەوە کردووەوە لەبری قازانجی پشک، پشکی نوێ بە کەسەکان و لایەنەکان ببەخشن، بەڵام ئەمەش چارەسەرێکی کورتخایەنە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی پشکەکانی خاوەن قەرزەکان لە درێژخایەندا کێشەی گەورەتر بۆ کۆمپانیاکان دروست دەکات. بە جۆرێک چیدی نەتوانن قازانجی پشکەکان بۆ کەسەکان بگەڕێننەوە و پشکێکی ئەوتۆش نەمابێت لە بری قەرزەکان پێیان بدەن.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی وۆڵ ستریت جۆرناڵ، تێکڕای قەرزەکانی ئێکسۆن مۆبیل، ڕۆیاڵ داچ شێڵ، بریتش پێترۆلیۆم و شێڤرۆن گەیشتووەتە 184 ملیار دۆلار، بەمەش ئاستی قەرزەکانی ئەم کۆمپانیایانە لە چاو مانگی تەممووزی 2014 دوو بەرامبەر بووە. ئەم ڕەوشە نەک هەر کێشە لە نێوان کۆمپانیاکان و خاوەن پشکەکان دروست دەکات، بەڵکو کاریگەریی درێژخایەن لەسەر وەبەرهێنان لە کەرتی وزە دادەنێت، بە تایبەتیش لەو وڵاتانەی دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوتەکەیان پێویستی بە سەرمایە و کاتێکی زۆرە.

بەپێی هەمان ڕاپۆرت، کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیل لە نێوان نیسان بۆ حوزەیرانی ئەمساڵ 3.1 ملیار دۆلاری وەکوو قازانجی پشک بە خاوەن پشکەکان داوە، لە کاتێکدا داهاتی پوختی کۆمپانیاکە لەو ماوەیەدا تەنیا 1.7 ملیار دۆلار بووە. کۆمپانیای داچ شێڵ لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا 1.26 ملیار دۆلاری بە خاوەن پشکەکان داوە، لە کاتێکدا ساڵی پار لە هەمان ماوەدا تەنیا 726 ملیۆن دۆلاری بە خاوەن پشکەکان دابوو، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خاوەن پشکەکان لە بری پارە پشکی نوێیان وەرگرتووە.

ڕەنگە یەکێک لە ڕێگەچارەکان بۆ ئەم مەبەستە ئەوە بێت بڕی سوودی پشکەکان کەم بکرێتەوە، بەڵام لەم حاڵەتەشدا چیدی خاوەن سەرمایەکان ئامادە نابن پارەکەی خۆیان لە کەرتی نەوتدا بخەوێنن. ڕێگەچارەی دووەم کەمکردنەوەی بڕی ئەو گرێبەستانەیە کە پێشتر لەگەڵ وڵاتاندا واژۆ کراون، نموونەی ئەمەش لە گرێبەستەکانی نێوان حکومەتی عێراق و بریتیش پێترۆلیۆم و لوک ئۆیڵدا دەبینرێت کە تێیدا کۆمپانیاکان ڕازی بوون بە هەموارکردنی گرێبەستەکان و دابەزاندنی نرخەکانیان، جارێکی دیکە دەست بکەنەوە بە کارکردن لە پرۆژە نەوتییەکانی عێراقدا.

## بەربەستەکان چین؟

لە کانوونی یەکەمی 2011ەوە ئۆپێک وازی لە سیستەمی پشکی بەرهەمهێنانی ئەندامان هێنا و لەو کاتەوە هەر ئەندامێک بەپێی دۆزینەوەی کڕیار دەتوانێت بەرهەمی خۆی بەرز بکاتەوە. ئەمەش ململانێ نێوخۆییەکانی ئۆپێکی زیاد کرد و کۆنترۆڵی ڕێکخراوەکە بەسەر ئەندامان و بازاڕەوە بەشێوەیەکی بەرچاو کاڵ بووەوە. هەڵوەشانەوەی سیستەمی پشکی بەرهەمهێنانی ئۆپێک یەکێک لە هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی بەرچاوی نەوت بوو لەلایەن وڵاتانی کەنداو، بە جۆرێک هاوسەنگیی نێوان بەرهەمهێنان و داوا تێکچوو.

ئەم گۆڕانکارییەی سیاسەتی ئەندامانی ئۆپێک کاریگەریی بەرچاویشی لەسەر ناکۆکییەکانی ئێستای نێوان ئێران و سعودیە هەبووە. لە مانگی یەکەمی ئەمساڵەوە کە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بەکردەوە کەوتە واری جێبەجێکردنەوە، ئێران ئاستی هەناردەی وڵاتەکەی بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە و ئاستی بەرهەمهێنانی ئەم وڵاتە خەریکە لە ئاستی پێش دانانی سزا ئەتۆمییە نێودەوڵەتییەکان نزیک دەبێتەوە، ئەمەش مەرجی ئێران بوو بۆ بەشداریکردن لە هەر دانوستاندنێک کە سڕکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لەخۆبگرێ.

سعودیە و عێراق، کە یەکەم و دووەم گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتی ئۆپێکن، هەوڵەکانیان چڕکردووەتەوە بۆ ئەوەی بەر لە لوتکەی جەزائیر بەرهەمهێنانیان بگەیەننە ئاستێک کە ئەگەر ڕێککەوتن لەسەر سڕکردنەکەش کرا، کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر ئەوان دروست نەکات. هەرچەند هەتا ئێستا دیار نییە ئەگەر لەسەر سڕکردنەکە ڕێککەوتنیش بکرێت، بەپێی ئاستی بەرهەمهێنانی کام مانگ دەکرێت، بەڵام بۆ ئەوەی ئێران ڕازی بکرێت، دەبێت مانگێک دیاری بکرێت کە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران نزیکە لە ئاستی پێش سزاکان، واتە مانگی ئاب یان تەمموز.

بەڵام ئەمەش ئەو کێشەیە دروست دەکات کە سڕکردنەکە لە ماوەیەکی نزیکدا هیچ کاریگەرییەکی بەرچاو لەسەر نرخەکان دروست ناکات، لەبەر ئەوەی لەم دوو مانگەدا زۆربەی وڵاتانی ئۆپێک ئاستی پێوانەییان لە بەرهەمهێنانی نەوتدا تۆمار کردووە، بۆ نموونە سعودیە لە مانگی تەممووزدا ڕۆژانە 10.67 ملیۆن بەرمیل نەوتی بەرهەمهێناوە، بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی نەوتی عێراق لە هەمان مانگدا گەیشتووەتە سەرووی 4.6 ملیۆن بەرمیل، ئێرانیش لە هەوڵدایە بەرهەمهێنانی نەوتی وڵاتەکەی بۆ سەرووی چوار ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزبکاتەوە و لە مانگی تەممووزدا ئاستی دەرهێنانی نەوتی ئێران خۆی لە 3.85 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا داوە. هەر چەشنە ڕێککەوتنێکی سڕکردن دەبێت ڕووسیاشی تێدابێت، بەڵام بەرهەمهێنانی نەوتی ڕووسیاش سەرووی ڕۆژانە 11 ملیۆن بەرمیلی پێکاوە. پرسیارێک کە لێرەدا دێتە پێش ئەوەیە لەم دۆخەدا سڕکردنی ئاستی بەرهەمهێنان چ کاریگەرییەک لەسەر نرخی نەوت دادەنێت؟

لە پاڵ ئەم کێشە نێوخۆییانەدا، ئۆپێک و سعودیە بەتایبەتی کێشەی گەشەی خێرای پیشەسازیی نەوتی لیتەی ئەمریکاشی هەیە. ئەم پیشەسازییە لە ماوەی نەوتی سەرووی 100 دۆلاردا گەشەیەکی خێرای کرد و لە 2015دا گەیشتە 4.9 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا. ئێستا کۆی گشتیی نەوتی بەرهەماتووی ئەمریکا نزیک 5.8 ملیۆن بەرمیلە لە ڕۆژێکدا، ئەمەش زیاتر لە یەک ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە کۆی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکا لە مانگی نیسانی 2015 کەمترە. هۆکاری کەمبوونەوەی بەرهەمی نەوتی ئەمریکاش بۆ دابەزینی بەرچاوی نرخەکانی نەوت دەگەڕێتەوە. لاوازکردنی پیشەسازی نەوتی لیتەی ئەمریکا لەڕووی ئابوورییەوە لە قازانجی هەموو ئۆپێکە، بەڵام لەڕووی سیاسیشەوە وادەکات سعودیە لە ڕێگەی نەوتەوە قورسایی خۆی لە واشنتن هەبێت.



ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک) ڕۆژانی 26- 28ی مانگی داهاتوو لە جەزائیر کۆدەبنەوە

کۆیە نوقمی زێدەڕۆیی بووە

# قوباد تاڵەبانی داوای ڕاگرتنی زێدەڕۆییەکانی کۆیە دەکات

پشتیوان جەمال
ڕووداو- کۆیە

دیاردەی زێدەڕۆیی وای لە چاپوک عومەر، قایمقامی پێشووی کۆیە کرد دەست لە کارەکەی بکێشێتەوە، هەر ئەو دیاردەیەش قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەهێنێتە قسە و داوای ڕاگرتنی زێدەڕۆییەکان دەکات. قایمقامی کۆیە بە وەکالەت دەڵێت شەوی وا هەیە زیندانی کۆیە پڕدەبێت لەوانەی زێدەڕۆییان کردووە.

قەزای کۆیە لەڕووی کارگێڕییەوە سەر بە پارێزگای هەولێرە، پێنج ناحیە و زیاتر لە 150 گوندی لەخۆ گرتووە. ژمارەی دانیشتووانیشی نزیکەی 100 هەزار کەسە، بەڵام بە گوتەی بەرپرسانی قەزاکە، لە ساڵانی ڕابردوودا هاوشێوەی زۆربەی ناوچەکانی دیکە، زێدەڕۆیی بۆ سەر موڵکی گشتی و دروستکردنی خانوو پەرەی سەندووە و ئێستاش توانیویانە زێدەڕۆییەکان ڕابگرن.

سەرکەوت ڕەسوڵ، قایمقامی کۆیە بە وەکالەت کە ماوەی مانگێکە پۆستەکەی وەرگرتووە، دەڵێت یەکەمین کاری ڕاگرتنی زێدەڕۆییەکانە و بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، هەڵمەتێکیان بۆ نەهێشتنی زێدەڕۆیی دەستپێکردووە و سەرپێچیکارانیش ڕووبەڕووی دادگا کراونەتەوە: "بەشێکیان بەندکراون و هەندێکیشیان تا ڕۆژی دادگاییکردن بە کەفالەت ئازادکراون، هەندێکیشیان پلەدارن لە وەزارەتەکانی ناوخۆ و پێشمەرگە، بەخۆشحاڵییەوە ناوخۆ بروسکەیان کردووە و گوتوویانە ئەوانەی سەر بە ئێمەن ناوەکانمان پێبدەن بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی دادگایان بکەینەوە".

سەبارەت بە وەڵامی وەزارەتی پێشمەرگەش گوتی "ئەوانیش لەگەڵ ئاگادارکردنەوەیان، هەندێک لە بەرپرسانیان هاتوون بۆ شارەوانی و قایمقامیەت و بەڵێنیان داوە سەرپێچییەکان نەهێڵن، بەرپرسانی حیزبیش فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە و دەستگیرکراون".

قایمقامی کۆیە نەیتوانی ئاماری وردی ئەو کەسانە ئاشکرا بکات کە بە تۆمەتی زێدەڕۆیی دەستگیرکراون و گوتی "ڕۆژانە خەڵک دەستگیر دەکرێن، بەشێکیان بە کەفالەت ئازاد دەکرێن، بۆیە ناتوانرێت ئامارێکی ورد دەستبکەوێت، بەڵام دەتوانم بڵێم شەو هەیە بەندیخانەی کۆیە لەو کەسانە پڕ بووە کە زێدەڕۆییان کردووە، ئەوانەشی دەستگیر دەکرێن بەڵێننامە پڕ دەکەنەوە کە دووبارەی ناکەنەوە و شوێنەکانیشیان دەڕووخێندرێن، یاخود پێداویستییەکانیان دەستیان بەسەردا دەگیرێت و دەبرێتە شارەوانی".

سەرکەوت ڕەسوڵ، لەبارەی ئەو زێدەڕۆییانە گوتی "هەندێکیان زەوی حکومەتیان فرۆشتووە، هەندێکی دیکەیان لەسەر زەوی حکومەت خانوویان دروستکردووە، خەڵکێک دەسەڵاتدار بووە و سەرپێچی کردووە، هەموو ئەوانە ڕووبەڕووی دادگا کراونەتەوە، تەنانەت کرێکار و وەستا و شۆفێریش دەستگیرکراون، چونکە پێشتر بە سەندیکاکانیان گوتراوە ئەو کارە نەکەن". هەروەها گوتی "جگە لە ڕاگرتنی ئەو زێدەڕۆییانە، هەڵمەتمان بۆ دەستگیرکردنی ئەو کەسانەش دەستپێکردووە کە دارستان و پاوانەکانیان بۆ باخ بەکارهێناوە، یاخود سەرپێچییان بۆ سەر ئاو و کارەبا کردووە".

چەند ساڵێکە دابەشکردنی زەوی بەسەر فەرمانبەران و هاووڵاتیاندا ڕاگیراوە. لە بەرامبەردا کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت دەستیان بە دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون کرد.

قایمقامی کۆیە بە وەکالەت هۆکاری دروستبوونی زێدەڕۆییەکانی ڕوونکردەوە و گوتی "دابەشنەکردنی زەوی، لەڕووی وەبەرهێنانیشەوە پڕۆژەکان بە نارێکی ڕوویان لە کۆیە کردووە و تائێستا دوو کۆمپانیا سەرکەوتوو بوون کە چەند سەت خانوویەکیان دروستکردووە، هیچ باڵەخانە و شوققەیەکیش نەکراون، بەڵکو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە نۆ باڵەخانەی کردووە کە 108 یەکەیە و تائێستاش کارەکان تەواو نەکراون، لە بەرامبەریشدا خەڵکی شارۆچکەکە زیادیان کردووە و ئاوارەش هاتوونەتە شارەکە".

پێدەچێت دیاردەی زێدەڕۆیی لەو شارە تەنیا بۆ ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو نەگەڕێتەوە، بەڵکو وەک هیمداد مەجید سەرۆکی شارەوانی کۆیە بۆ (ڕووداو)ی ڕوونکردەوە، چەند جۆرێک لە زیادەڕۆیی هەن، یەکێکیان لەو گەڕەکانەی لە حەفتا و هەشتاکاندا هەر بەشێوەی زێدەڕۆیی دروستکراون و پارچە زەوییەکیان ماونەتەوە و زێدەڕۆیی کراوەتە سەریان. بەشی دووەمیش لەو گەڕەکانەن کە تاپۆن، بەڵام چەند پارچە زەوییەک لەنێوان دوو خانوودا ماونەتەوە کە ژمارەیان وەرنەگرتووە و پێویستی بە ڕێکخستنە، سێیەمیش لە دەرەوەی شارە، بۆ نموونە لە بناری چیای باواجی بە دۆنم کراوەتە باخ و سیاجیان بۆ کراوە.

ئەو بەرپرسەی شارەوانی گوتیشی "ڕەنگە پەنجا تا شەست خانوو بە زێدەڕۆیی لەگەڕەکە جیاوازەکان دروستکرابن، بەڵام ئەوانەی کە ئێستا لە بناغە و دیواردان تێکمانداون و پێداویستیمان بردوون. ئەوانەشی لە سەقفدان، خاوەنەکانیان دراونەتە دادگا".

سەرۆکی شارەوانی کۆیە سێ پێشنیازی بۆ چارەسەرکردنی ئەو زەوییانە خستەڕوو "بۆ زەوی گەڕەکە زێدەڕۆکان پێشنیاز دەکەین لیژنەیەک لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی کۆیە پێکبهێنرێت بۆ ئەوەی بەپێی ڕێنمایی خانوویان لەسەر دروست بکرێت، خاوەنەکانیشیان بە سوومەند هەژمار بکرێن"، بۆ زەوی گەڕەکەکانی دیکەش گوتی: "پێشنیاز هەیە ئەو زەوییانەش بە نرخی ڕۆژ بە خاوەکانیان بفرۆشرێتەوە، بۆ زەوییەکانی بناری باواجیش پێشنیاز دەکەین بە گرێبەستی کاتی، ساڵانە بە خاوەنەکانیان بدرێنەوە".

پرۆسەی ڕاگرتنی زێدەڕۆییەکان بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەچێت و بڕیار وایە خۆیشی سەردانی ئەو شارە بکات بۆ گوێگرتن لە چۆنێتی چارەسەرکردنی دوای ڕاگرتنی زێدەڕۆییەکان.

### دادوەری لێکۆڵینەوەی دادگای کۆیە:
### زێدەڕۆییەکان وەستێنراون

دادوەر د.هیمداد مەجید عەلی مەرزانی، دادوەری لێکۆڵینەوەی کۆیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەلایەن جەنابی کاک قوبادەوە پەیوەندیم پێوە کرا کە دەبێت زێدەڕۆیی ڕابگیرێت، ئێمەش بەپێی ئەو سکاڵایانەی لەلایەن قایمقامیەت و شارەوانی و داواکاری گشتییەوە پێمان گەیشتوون فەرمانی دەستگیرکردنمان بۆ سەرپێچیکاران دەرکردووە و ئێستاش بە خۆشحاڵییەوە دەڵێین زێدەڕۆیی ڕاگیراوە".

بە گوتەی ناوبراو، ئێستا سەرقاڵی دۆزینەوەی چارەسەرن بۆ قۆناغی دوای ڕاگرتنی زێدەڕۆییەکان و گوتی "چاوەڕێی سەردانی کاک قوبادین بۆ ئەوەی ڕێگەکانی چارەسەری بۆ بخەینەڕوو".

قایمقامی کۆیەش بە ئاماژەدان بەوەی بە گشتی زێدەڕۆیی وەستاوە، گوتی "ئێستا لەڕێگەی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی شارەوانییەوە لە هەوڵداین بۆ دەرکردنی ڕێنمایی و وەرگرتنی بڕیار بۆ چارەسەرکردنی هەندێک لە کێشەکان بۆ ئەوەی لەڕووی یاساییەوە ڕێگە بە دروستکردنی خانوو بدەین".

هەر لەوبارەوە سەربەست فەقێ سەعید، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کۆیە بە (ڕووداو)ی گوت، پێشتریش لەلایەن وەزارەتەکەیانەوە داوای ڕاگرتنی زێدەڕۆیی سەر زەوییە کشتوکاڵییەکانیان لێکراوە و گوتی "پێشتریش داوامان لە ئەنجوومەنی گوندەکان کردووە ناوی ئەو کەسانەمان پێبدەن کە زەوییەکانیان داگیر کردووە، تیمەکانیشمان ڕۆژانە سەرقاڵی ڕاگرتنی زێدەڕۆییەکانن و خەڵکانێکی زۆریشمان داوەتە دادگا، یاخود بەڵێننامەیان پێ پڕکراوەتەوە کە زێدەڕۆیی ناکەنەوە".

### قایمقامی کۆیە بە وەکالەت:
### شەوی وا هەیە بەندیخانە پڕە لەوانەی زێدەڕۆیی دەکەن



■ (فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

# حکومەت کرێی خزمەتگوزارییەکانی خوێندنی باڵا بەرزدەکاتەوە



خشتەی ژمارە (١)

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران

خشتەی ئەو ڕەسمانەی لەلایەن خودی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە زانکۆ و پەیمانگە و دامەزراوە تایبەتەکان وەردەگیرێت

| ز | جۆری خزمەتگوزاری | بڕی ڕسم (بە ژمارە) | بڕی ڕسم (بە نووسین) |
|---|---|---|---|
| ١٢ | پێشکەشکردنی پرۆپۆزەڵ بۆ کردنەوەی کۆلێژ یان سەنتەری زمان | ٨,٠٠٠,٠٠٠ | هەشت ملیۆن دینار |
| ١٣ | پێدانی مۆڵەتی کردنەوەی کۆلێژ یان سەنتەری زمان | ٢٠,٠٠٠,٠٠٠ | بیست ملیۆن دینار |
| ١٤ | پێشکەشکردنی پرۆپۆزەڵ بۆ کردنەوەی بەشی ئەکادیمی لە زانکۆی تایبەت یان پەیمانگەی تایبەت | ٢٠,٠٠٠,٠٠٠ | بیست ملیۆن دینار |
| ١٥ | پێدانی مۆڵەتی کردنەوەی بەشی ئاکادیمی لە زانکۆی تایبەت یان پەیمانگەی تایبەت | ١٠,٠٠٠,٠٠٠ | دە ملیۆن دینار |
| ١٦ | وردبینیکردنی فۆرم و دۆکیومێنتەکانی وەرگرتن بۆ هەر قوتابی/خوێندکارێك | ٣,٠٠٠ | سێ هەزار دینار |
| ١٧ | ڕسوماتی داهاتی گشتی ساڵانەی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان | %٣ | لەسەدا سێ |
| ١٨ | پەسەندکردن و ڕاستاندنی بڕوانامەی هەڵواسین (شهادە جداریە)ی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان | ٦٠,٠٠٠ | شەست هەزار دینار |
| ١٩ | پەسەندکردن و ڕاستاندنی بڕوانامەی بە نمرە بۆ هەر زمانێك (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی) بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان | ٦٠,٠٠٠ | شەست هەزار دینار |
| ٢٠ | پێدانی پشتگیری دەرچوون بە دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان | ٣٠,٠٠٠ | سی هەزار دینار |

| ز | جۆری خزمەتگوزاری | | |
|---|---|---|---|
| ١٧ | بڕوانامەی دیواربەند (شهادة جداریة) لە ئەنجومەنی کوردستانی | ١٥٠,٠٠٠ | سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ١٨ | نووسراوی پشتگیری دەرچوون لە ئەنجومەنی کوردستانی | ١٥٠,٠٠٠ | سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ١٩ | بڕوانامەی تەواوکردنی ڕاهێنانی کلینیکی لە ئەنجومەنی کوردستانی | ١٥٠,٠٠٠ | سەد و پەنجا هەزار دینار |

مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر

حکومەتی هەرێمی کوردستان کرێی ڕسوماتی خزمەتگوزارییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و زانکۆکان زیاد دەکات و دوو سندووقیش بۆ داهاتی ڕسوماتەکان دەکاتەوە.

بەپێی چەند نووسراوێک کە دەست (ڕووداو) کەوتووە، ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی 2016/5/2 بە بڕیاری ژمارە (76) هەر یەک لە سندووقی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و زانکۆ و پەیمانگاکان و دامەزراوەکانی دیکەی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا دەکاتەوە، بەو هۆیەوە کرێی خزمەتگوزاری و ڕسوماتەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد کراوە.

بە سێ خشتە ئاماژە بەو کرێ و ڕسوماتانە کراوە، ئەو ڕسوماتانەی لە لایەن خودی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە زانکۆو پەیمانگە و دامەزراوە تایبەتەکان وەردەگیرێت، هەروەها ئەو کرێیانەی لە لایەن خودی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و خشتەی سێیەمیش تایبەتە بە کرێی زانکۆ و دەزگاکانی دیکەی وەزارەتی خوێندنی باڵا.

بەپێی ڕێنماییەکان کە لە نووسراوەکەی حکومەتدا هاتووە، ئەو ڕسوماتەی لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی وەردەگیرێت بۆ پێشکەشکردنی پرۆپۆزەڵ بۆ کردنەوەی زانکۆ و پەیمانگە و دامەزراوە تایبەتەکان 20 ملیۆن دینارە، لە حاڵەتی وەرگرتنی مۆڵەتیش بۆ زانکۆ 250 ملیۆن دینارە و پەیمانگاش 50 ملیۆن دینارە.

بۆ پێشکەشکردنی پرۆپۆزەڵ بۆ کردنەوەی کۆلێژی تایبەت 10 ملیۆن دینارە، بۆ وەرگرتنی مۆڵەتیش 150 ملیۆن دینارە، هەرچی بۆ لقی پەیمانگایە پێشکەشکردنی پرۆپۆزەڵ بۆ لقی پەیمانگا هەشت ملیۆن دینارە و بۆ وەرگرتنی مۆڵەتیش 35 ملیۆن دینارە.

بۆ مۆڵەتی گۆڕینی لقی زانکۆی تایبەت بۆ زانکۆی تایبەتی سەربەخۆ 100 ملیۆن دینارە، هەروەها بۆ مۆڵەتی گۆڕینی لقی پەیمانگای تایبەت بۆ پەیمانگای سەربەخۆ 15 ملیۆن دینارە. بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەتی زانکۆ و پەیمانگای تایبەت 12 ملیۆن دینار وەردەگیرێت، هەرچی نوێکردنەوەی مۆڵەتی لقی زانکۆ یان لقی پەیمانگای تایبەتە، 12 ملیۆن دینار وەردەگیرێت.

پێشکەشکردنی پرۆپۆزەڵ بۆ کردنەوەی کۆلێژ یان سەنتەری زمان 8 ملیۆن دینارە. لە کاتی پێدانی مۆڵەتیش 20 ملیۆن دینارە. پێشکەشکردنی پرۆپۆزەڵ بۆ کردنەوەی بەشی ئەکادیمی لە زانکۆ و پەیمانگای تایبەت 20 ملیۆن دینارە هەروەها لە کاتی وەرگرتنی مۆڵەتیش 10 ملیۆن دینارە.

وەزارەتی خوێندنی باڵا لە وردبینی فۆرم و دۆکیۆمێنتەکانی وەرگرتنی خوێندکاران 3 هەزار دینار وەردەگرێت لەگەڵ ڕسوماتی داهاتی گشتی ساڵانەی زانکۆو پەیمانگە تایبەتەکان بە ڕێژەی 3%. هەروەها لە پەسەندکردن و ڕاستاندنی بڕوانامەی هەڵواسین (شهادە جداریە) بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگا تایبەتەکان 60 هەزار دینار وەردەگرێت. بۆ پەسەندکردنی ڕاستاندنی بڕوانامەی بە نمرە بۆ هەر زمانێک (کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی) بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگا تایبەتەکان 60 هەزار دینار وەردەگرێ. بۆ پێدانی پشتگیری دەرچوون بە دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگا تایبەتەکان 30 هەزار دینار وەردەگرێ.

سەبارەت بەو کرێییانەی لە لایەن زانکۆ و دەزگاکانی دیکەی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی وەردەگیرێت، فۆرمی پێشکەشکردن بۆ خوێندنی باڵا (دبلۆمی باڵا، ماستەر و دکتۆرا) 150 هەزار دینارە. فۆرمی وەرگرتنی پێشکەشکردن بۆ وەرگیران لە ئەنجوومەنی کوردستان 100 هەزار دینارە، بڕوانامەی دیواربەندی لە ئەنجوومەنی کوردستان 150 هەزارە دینارە و نووسراوی پشتگیری و بڕوانامەی تەواوکردنی ڕاهێنانی تەکنیکی لە ئەنجوومەنی کوردستانیش بۆ هەر یەکەیان 150 هەزار دینارە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرجەم داهاتەکانی دیوانی وەزارەتی خوێندنی باڵا دەخاتە سەر (سندووقی داهاتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی) کە خاوەن کەسایەتییەکی مەعنەوییە. 45%ی ئەو داهاتەش دەخرێتە سەر داهاتی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

هەروەها سەرجەم داهاتی زانکۆو دەزگاکانی دیکەی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی دەخرێنە سندووقێک بە ناوی (سندووقی داهاتی زانکۆ یان دەزگای دیکە) کە 23%ی ئەو داهاتەش دەخرێتە سەر داهاتی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

تاراوگە
ڕووداو
ژمارە ( 422 ) - دووشەممە 2016/8/29

## پەنابەرێک دەزگای کۆچی سوێد دەداتە دادگا

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

بەپێی بڕیارێکی دادگای ئەورووپا ئەو خێزانەی دەزگای کۆچی سوید بڕیاری دەرکردنی دابوو، لە سوید دەمێننەوە. ئەو خێزانە کە لە دایک و باوک و منداڵێک پێکهاتبوون ساڵی 2011 چوونەتە سوێد، بەڵام دەزگای کۆچی سوێد بڕیاری مانەوەی ئەو خێزانەی ڕەتکردبووەوە، بۆیە لە دادگای ئەورووپا سکاڵایان تۆمارکردبوو، باوکەکە لە سکاڵاکەی گوتبووی ئەو پێشتر لە عێراق لەگەڵ ئەمریکییەکان کاری کردووە و لە بەغدا هەڕەشەی لێکراوە و تەقەی لێکراوە، بەو هۆیەش کچێکی لەدەستداوە. دادگای ئەورووپا داوای لە حکومەتی سوێد کردووە ڕێگە بە مانەوەی ئەو پەنابەرە بدات، چونکە ڕەوشی عێراق هەتاوەکو ئێستا خراپە.




# چوار هەزار کوردی ئێزدی لە یۆنان گیریان خواردووە

**ڕووداو- New Statesman**

لە ئەفسانەکانی یۆنانی کۆندا، چیای ئۆلیمپۆس شوێنی حەوانەوەی 12 خواوەندەکە بووە و شوێنەواری پەرستگا و خانووە دێرینەکان لە دوورەوە دیارن. ئێستاش ئەم شوێنەوارانە بەسەر کەمپی پێترادا دەڕوانن کە دەکەوێتە داوێنی یەکێک لە گردەکانی سەر بە زنجیرە چیای ئۆلیمپۆس و سەدان کۆچبەری کوردی ئێزدی تێدا دەژی.

کەمپی پێترا کە پێشتر شوێنی نەخۆشخانەی نەخۆشییە دەروونییەکانیش بووە، 1300 کۆچبەری کوردی ئێزدی لەخۆگرتووە کە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا بەهۆی هێرشەکانی چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) ناچاربوون ڕوو لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان بکەن، یان ئەوەتا بەرەو وڵاتانی ئەورووپی کۆچ بکەن. بەپێی ئامارە فەرمییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان 4000 کوردی ئێزدی لە یۆنانن.

ئەم کۆچبەرە ئێزدییانە بەشێکن لەو 50 هەزار کۆچبەرەی لە یۆنان ماونەتەوە، دوای ئەوەی وڵاتانی ئەورووپیی هاوسنووری یۆنان بڕیاریان دا سنوورەکانی خۆیان دابخەن. بەپێی ڕاپۆرتی گۆڤاری نیوستەیتسمەن، ڕەوشی کەمپەکانی کۆچبەران لە یۆنان یەکجار ناڵەبارە، لە کاتێکدا ئاوی خواردنەوە پاک نییە، کارەبا و خۆراک بەپێی پێویست نییە و بەردەوامیش شەڕ و ناکۆکیی ئاینی لە نێوان کۆچبەرەکاندا ڕوودەدات.

ڕەنگە تاکە خاڵی پۆزەتیڤی کەمپی پێترا ئەوە بێت کە لەمجۆرە شەڕ و ناکۆکیانە دوورە، لەبەر ئەوەی هەموو دانیشتووانەکەی کوردی ئێزدین، بەڵام ڕەوشی تەندروستی، پاکوخاوێنیی شوێنەکە و زێرابی کەمپەکە زۆر نەشیاوە. دانیشتووانی ئەم کەمپە کە نیوەیان لە خوار 18 ساڵن، لە ژێر چادردا دەژین. هەندێک لە خێزانەکان توانیویانە کەرەستەی لێنانی خواردن پەیدا بکەن، لەوانەش ئاگر، بەڵام ئەمەش بەردەوام مەترسی ئاگرکەوتنەوەی هەیە، لەبەر ئەوەی ژێر چادرەکە تەسکە.

یەکێک لە ئافرەتە ئێزدییەکان لە بارەی بارودۆخ و خزمەتگوزارییەکانی کەمپی پێترا گوتی "ئاوی ئێرە پاک نییە و منداڵەکان نەخۆشن. ڕۆژێکیان دوو مار چووبوونە نێو یەکێک لە چادرەکان و بە منداڵەکانیەوە دابوو. ڕەوشی توالێتەکانیش زۆر خراپە".

کۆمیسارییای باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران (UNHCR) ڕایگەیاندووە کە سێ ژەم خۆراک، بە خۆراکی گەرمیشەوە، بۆ دانیشتووانی کەمپەکە دابین دەکەن و حکومەتی یۆنان بەرپرسیارە لە هەڵگرتنەوەی پاشماوە، بەڵام هەر لە ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە کە تەنیا 30 توالێت، 20 حەمام و 60 بەلوعەی ئاو لە کەمپەکەدا هەیە. هیچ شوێنێکی پاک و خاوێنی (وەکوو ئاودەست، حەمام و دەستشۆر)ی تایبەت بە ئافرەتان لە کەمپەکەدا نییە.

دانیشتووانی کەمپی پێترا خۆشحاڵن بەوەی کەمپەکەیان تەنیا کوردی ئێزدی لەخۆدەگرێت، لەبەر ئەوەی لەو کەمپانەی ئایین و نەتەوەکانی دیکەی تێدایە، کوردە ئێزدییەکان ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە. بەرپرسی (UNHCR) لە دیمانەی گۆڤارە بەریتانییەکەدا ئەمەی پشتڕاست کردووەتەوە کە لە کەمپەکانی دیکەدا پێکدادان لە نێوان کوردە ئێزدییەکان و کۆچبەرانی دیکەدا ڕوویداوە.

ناجی حاجی، کوردی ئێزدی، تەمەن 27 ساڵ، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە حکومەتی یۆنان مامەڵەیەکی باش لەگەڵ کۆچبەراندا دەکات، بەڵام هاوڕێکانی لە کەمپێکی دیکە لە باکووری تێسالۆنیک لەبەر ئێزدیبوونیان هێرشیان کراوەتە سەر، بە گوتەی ناجی "هەر لەبەر ئەم هۆکارە دانیشتووانی ئێزدیی کەمپەکانی دیکە دەیانەوێت بێنە پێترا".

پێشتر نادیە موراد، چالاکڤانی مافی ئێزدییەکان، لەگەڵ دادوەرێکی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی (ICC) سەردانی کەمپی پێترایان کردووە، بۆ ئەوەی بەڵگە و شایەتی لەسەر تاوانبارەکانی داعش کۆبکەنەوە. پانێلی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مانگی حوزەیراندا ڕایگەیاند، کۆمەڵکوژییەکەی ئابی 2014 جینۆسایدە، پێشتریش لە مانگی ئاداری ئەمساڵدا جۆن کیری، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، هەمان دەستەواژەی بۆ کوشتار و ڕفاندنی کوردە ئێزدییەکان لەلایەن داعشەوە، بەکارهێنابوو.

ناجی حاجی کە برایەکیشی لە 2007 بەهۆی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو لەدەستداوە، پێیوایە ئێزدییەکان لە ئەورووپاش چیدی ناتوانن هەست بە ئارامی بکەن و گوتی "هیوایەکی بچووکمان بە ئەورووپا بوو. توانیمان لەدەست داعش ڕابکەین، بەڵام وا ئێستا دەبینین ئەوان (واتە داعش) لە فەرەنسا، ئەڵمانیا و هەموو وڵاتەکانن".

نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژانە سەردانی کەمپی پێترا دەکات و چاودێریی ڕەوشی ژیانی دانیشتووانی دەکەن. لە پاڵ ئەوانیشدا ڕێکخراوی ڕزگارکردنی منداڵانی مەسیحی و ئێزدیی عێراق (CYCI) هەوڵەکانی چڕکردووەتەوە بۆ ئەوەی پشتگیری لە کوردە ئێزدییەکان بکات. ژولید گلانز، ڕێکخەری کاروباری ڕێکخراوەکە لە یۆنان، ئاشکرای کرد کە مەترسی پێکدادانە ئاینییەکان لە نێوان گرووپە جیاوازەکاندا زیادی کردووە.

گلانز لە لێدوانێکدا بۆ گۆڤاری نیوستەیتسمەن پێیوایە باشترین ڕێگە ئەوەیە کەمپی تایبەت بە کوردە ئێزدییەکان هەبێت لەبەر ئەوەی "مەترسی سەر ژیانیان گەورەیە و بەرگرییەکی ئەوتۆشیان لێناکرێ".

کێشەی وەرگێڕی کورمانجی یەکێکی دیکە لە کێشەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی یۆنانە. بە گوێرەی گوتەبێژی نەتەوە یەکگرتووەکان لە یۆنان، ئەوان بۆ زمانەکانی دیکەی وەکوو فارسی، عەرەبی و پەشتووش کێشەیان هەیە، بۆ چارەسەری ئەم کێشەیەش "یارمەتی لەو پەنابەرانە وەردەگرین کە سەر بە هەمان گرووپی ئەتنیکی یان ئاینین و زمانی ئینگلیزی دەزانن".

فەلاح، تەمەن 30 ساڵ و خەڵکی شنگال، لە کەمپی کاتسیکاس نیشتەجێیە. ئەو لەگەڵ هاوژین و دوو منداڵەکەی و دایک و باوکی خۆی پێکەوە هاتوونەتە یۆنان، بەڵام ئێستا هەتا دێت بێ ئومێدتر دەبن، لەبەر ئەوەی "لێرە نە پارە، نە خواردن و نە هیچ شتێکمان بۆ نەماوە. پێشتر پارەمان هەبوو، بەڵام 10 هەزار دۆلارمان دا بە قاچاخچی بۆ ئەوەی بمانگەیەنێتە یۆنان". لەلایەکی دیکەشەوە وڵاتە ئەورووپییەکانی دراوسێی یۆنان سنوورەکانی خۆیان داخستووە و ڕێگە بە ئاودیوبوونی هیچ کۆچبەرێک نادەن.


تاکە خاڵی پۆزەتیڤی کەمپی پێترا ئەوەیە کە هەموو دانیشتووانەکەی کوردی ئێزدین

# کوردێک لە سوێد بە نۆژەنکردنەوەی خانوو دەبێتە ملیۆنێر

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

پەنابەرانی کورد لە سوێد ڕوویان لە بزنسێکی تازە کردووە: دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی خانوو. بازرگانێکی سوێدی دەڵێت "کورد کۆنترۆڵی ئەو بوارەیان کردووە".

خەریکە پەنابەرانی کورد لە سوێد لەوە دەردەچن کە دەگوترا هەر خەریکی کاری چێشتخانە و مارکێت و پاککردنەوەن. ئێستا ئەوان دەستیان داوەتە بزنسێکی دیکە کە کاری بەڵێندەرایەتی دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی خانووە.

### خانوویەکی کۆن، کردی بە بازرگان

چیرۆکی سەرکەوتنی کوردێک لەم بوارەدا، هانی چەندین کوردی دیکەی داوە کە ڕوو لە کاری بیناسازی بکەن. ئەردەڵان کوردی کە سێ ساڵە ئەو کارە دەکات، ئێستا بووەتە ملیۆنێر و سەرمایەکەی ملیارێک کرۆنی سوێدیی تێپەڕاندووە.

ئەو خۆشحاڵە کە چەند کەسێکی بەردەستی خۆی، ئێستا هەمان کار دەکەن. ئەردەڵان جەعفەر کە خەڵکی باشووری کوردستانە، لەنێو بازرگانەکانی ئەم بوارەدا بە ئەردەڵان کوردی ناوی دەرکردووە.

ئەو بە (ڕووداو)ی گوت "بەهۆی نەبوونی خانوو، ئەوەندەی نەمابوو بکەومە سەر شەقام، کێشەی نیشتەجێبوون و ئاوارەیی هانیدام ئەو کارە بکەم".

### ئێستا کۆنترۆڵی بازاڕەکەی کردووە

ئەردەڵان بە کڕینی خانوویەکی کۆن لە شارۆچکەیەکی دەوروبەری ستۆکهۆڵم دەستی بەو کارە کرد "ساڵ و نیوێک خەریکی نۆژەنکردنەوەی خانووەکە بووم، نۆژەنم کردەوە و کردمە کۆشکێک".

ئەردەڵان زۆربەی کارەکانی نۆژەنکردنەوەی خانووەکەی لەگەڵ هاوژینەکەی و منداڵەکانی کردووە. ئەو گوتی "دوای ساڵ و نیوێک بە چوار هێندەی نرخی خۆی فرۆشتمەوە و دواتر دوو خانووم کڕی و بەو شێوەیە دەستم پێکرد".

ئێستا زیاتر لە 30 کەس کاری بۆ دەکەن و 5 خانووی لەژێر چاککردن و نوێکردنەوەدایە و ئەوەشی خۆشحاڵی دەکات، ئەوەیە کە زۆربەی کارمەند و کرێکارەکانی کوردن "بە شانازییەوە چەند کەسێک لەوانەی کاریان بۆ دەکردم وەک کرێکار و سەرپەرشتیار، ئێستا وەکو من ئەو کارە دەکەن و زۆر سەرکەوتوون".

گوتیشی "نزیکەی 18 کەس لەوانەی کارم بۆ دەکەن کوردن، پشت بەخوا ساڵی داهاتوو 3 لەو خانووانە دەفرۆشم و کارەکەم فراوانتر دەکەم".

### بەرتیلی نەدا

بەپێی یاسای سوێد، دەبێت ناوی خۆت لە یەکێک لە کۆمپانیاکان تۆمار بکەیت و دوای چەندین ساڵ هێدی هێدی ناوت نزیک دەبێتەوە لەوەی خانووی دەستی یەک و بە نرخی فەرمیی (هەرزان) وەربگریت. نۆرەی چاوەڕوانییەکەش بەپێی شوێن و جۆری خانووەکان، لە چوار ساڵەوە تاوەکو 15 ساڵ دەخایەنێت.

بەڵام ئێستا دەڵاڵە ڕەشەکان بە بەرتیلێکی خەیاڵی ئەو ڕێگایەت بۆ کورت دەکەنەوە. بەگوێرەی باشی و دوور و نزیکیی خانووەکە لە ناوەندی شار، بەرتیلی پێشخستنی نۆرە لە نێوان 15 — 40 هەزار دۆلاردایە.

ئەردەڵان گوتی "خراپیی باروگوزەرانم بەهۆی بێ خانووییەوە، وای لێکردبووم بیر لە هەموو شتێک بکەمەوە، هاوڕێیەکم کەسێکی بۆ دۆزیمەوە کە بڕی 18 هەزار دۆلار بەرتیل بدەم بۆ ئەوەی ناوەکەم لە لیستی چاوەڕوانی بۆ وەرگرتنی خانووی هەرزان پێشبخات، خەریک بوو بیکەم، بەڵام زوو پەشیمان بوومەوە، لەبری ئەوە کەمێک پارەم قەرز کرد و خانوویەکی کۆنمان کڕی".

لە سوێد چەند جۆرێک نۆژەنکردنەوە هەیە. زۆر لەوانە کۆمپانیاکان خۆیان دەیکەن، بەڵام ئەوەی ئەم کوردانە دەیکەن، زیاتر ئەو خانووانەن کە کەڵکی ژیانیان تێدا نەماوە و دەبێ برووخێنرێن.

ئیگمان یوهانسۆن، خاوەنی کۆمپانیای کڕین و فرۆشتنی خانوو کە لە نێو کورد و بیانیانی ئەو وڵاتە بە دەڵاڵی خانوو ناسراون، مامەڵەیەکی زۆری لەگەڵ ئەم کارانە هەیە.

یۆهانسۆن دەڵێت "کەمتر سوێدییەکان خۆیان لەم کارە دەدەن، پێشتر پۆڵۆنییەکان ئەم کارەیان دەکرد". گوتیشی "هەڵە نیم ئەگەر بڵێم ئەم کۆمەڵە کوردە، کارەکەیان پێشخستووە و کاریگەرییان لەسەر بووژاندنەوەی بازاڕی ئەو جۆرە خانووانە هەبووە". یوهانسۆن زیاتر لە 6 کورد دەناسێت کە ئەم کارە دەکەن و دەڵێت "سەرکەوتوون".

یۆهانسۆن لە پاڵ کارە بازرگانییەکەی، خۆشی ئەم کارە دەکات و دەڵێت "ئەندازیارانی کورد تاقەتێکی باشیان هەیە و کارەکان بە باشی دەکەن. بەڵام سوێدییەکان کەمتر تاقەتی ئەم کارەیان هەیە".

ئەو بازرگانە کوردانەی ئەو کارە دەکەن بە پلەی یەک سوود لە کرێکاری پۆڵۆنی و ڕۆمانی و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا وەردەگرن. یۆهانسۆن دەڵێت "زۆر لە سوێدییەکانیش کاریان لەگەڵ دەکەن و سوودێکی زۆریان بۆیان هەبووە".

ڕەهێل سەعدی دانیشتووی ستۆکهۆڵم لەپاڵ ئەو کارە بەردەوامەی لە فەرمانگەیەکی حکوومی هەیەتی، لەو جۆرە پڕۆژانەشدا کار دەکات.

ئەو بەهۆی ئەو ئەزموونە کەمەی لە کوردستان فێری بووە لە بواری کارەبادا، لە چاککردنەوەی کارەبا و شۆفاژ کارەکانیان بۆ دەکات. سەعدی بە (ڕووداو)ی گوت "لە ڕۆژانی پشوودا، هەندێکجار بە سوود وەرگرتن لە مۆڵەتی یەک هەفتەیی، کارەکان وەردەگرم و تا ئێستا لە 16 خانوودا کارم کردووە".

هەر لەوبارەوە زریان ئادەمی کە ئەندازیارێکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، دەڵێت "لە پاڵ کارە فەرمییەکەم لەگەڵ چەند بازرگانێکی کورد و سوێدی کاری نۆژەنکردنەوەی خانوو دەکەم".

یۆهانسۆن لە ڕوانگەی ئابوورییەوە هەڵسانگاندن بۆ کاری ئەو کۆمەڵە کوردە دەکات و دەڵێت "ئەو جۆرە بازرگانییە خزمەتێکی بەرچاوە بە کۆمەڵگەی سوێدی، چونکە سەدان خانوو لە ڕووخان و لەناوبردن ڕزگار دەکات و وەک شوێنێکی نیشتەجێبوون، بە نرخێکی گونجاو دووبارە دەیخاتەوە بازاڕ".


پەنابەرانی کورد خانووە کۆن و ڕووخاوەکانی سوید دەکەنە کۆشک (فۆتۆ: ڕووداو)

## هەڵدێر خۆی تاقی دەکاتەوە



**ڕووداو- هەولێر / دەریاز یونس**

هەڵدێر، ئەو گۆرانیبێژەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئەلبومێکی گۆرانی بە هاوکاریی هەڵکەوت زاهیر بڵاوکردەوە و یەکەمی بەرنامەی "ستۆدیۆی ئەستێرەکان" بوو، نوێترین کلیپی گۆرانی بڵاودەکاتەوە کە گۆرانییەکی کەریم کابانە. هەڵدێر کە تەواوی کارە هونەرییەکانی لەلایەن هەڵکەوت زاهیرەوە بۆ دەکرا، بە (ڕووداو)ی گوت، پێی باش بووە دوور لە هەڵکەوت زاهیر و بەتەنیا ئەزموونی کاری هونەری تاقی بکاتەوە. هەڵدێر دەڵێت "دڵنیام پێشوازی خەڵک لەو بەرهەمە زۆر باش دەبێت".

کارە نوێیەکەی هەڵدێر بریتییە لە دووبارەکردنەوەی گۆرانییەکی کەریم کابان، بەڵام ناوی گۆرانییەکەی گۆڕیوە و کردوویەتی بە (کابان). هەڵدێر گوتی "گۆرانییەکە لە شاری کەرکووک وێنەی گیراوە. پێشکەشی دەکەم بە ڕۆحی هونەرمەندی کۆچکردوو کەریم کابان".

# گەردەلوول یەریڤانی کردە گۆرانیبێژ

### یەریڤان بۆ (ڕووداو):

## بەشداریی دراما ناکەمەوە



دوای بەشداریکردنی لە بەشی سێیەمی درامای گەردەلوول کە سازێکی بەدەستەوە گرتبوو و چەند کۆپلەیەک گۆرانیی ماملێی گوت، ئیدی بڕیاری دا ببێتە گۆرانیبێژ. یەریڤان نوورەدین کە دوای دوو هەفتەی دیکە تەمەنی دەبێتە 25 ساڵ، لە شاری هەڵەبجە لەدایک بووە، ئێستا قوتابی قۆناغی سێیە لە بەشی میوزیکی کۆلێژی هونەر لە زانکۆی سلێمانی. هەرچەندە بۆ یەکەمجار لە ڕێگەی دراماوە دەرکەوتووە، بەڵام دەڵێت چیدی بەشداری دراما ناکات و دەیەوێ زۆرتر وەکو گۆرانیبێژێک دەربکەوێت.

یەریڤان لەم ماوەیەی ڕابردوودا گۆرانییەکی هونەرمەندی کۆچکردوو حیشمەت لووڕ نەژادی بەنێوی گوتەوە کە دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

**ڕووداو: لە نێو خێزانەکەت کەسانی هونەری یان هونەردۆست هەن دەستی تۆیان گرتبێ؟**

**یەریڤان:** ئەوان زۆر هاوکارم بوون، بە تایبەتی دوای ئەوەی بڕیارم دا لە گۆرانیگوتن زۆرتر لایەنی ڕەسانەیەتی بگرم، یان گۆرانی هونەرمەندانی کۆن بڵێمەوە، ئەوان زیاتر پشتگیرییان کردم. لە

> دوای بەشداریم لە درامای گەردەلوول بڕیارم دا گۆرانی بڵێم

خێزانەکەمدا برایەکم بە شێوەی هەرەمەکی فێری میوزیک بووە و دەنگیشی خۆشە، بەڵام تاوەکو ئێستا بڕیاری نەداوە دەربکەوێت.

**ڕووداو: پێش ئەوەی گۆرانی بڵێیت، بە میوزیکەوە خەریک بوویت، شارەزاییت لە چەند ئامێری موزیک هەیە؟**

**یەریڤان:** یەکەمجار ئامێری میلۆدییەکانم ژەندووە و هاوینانیش دەچوومە خولی فێربوونی موزیک. هەر لە منداڵیدا لە چەند فێستیڤاڵێک بەشدار بووم، لە ساڵی 2012 ەوە تاوەکو کۆتایی ساڵی ڕابردوو لەگەڵ گرووپی موزیکی لووڕ بووم، بەڵام بەهۆی خوێندنی زانکۆوە نەمتوانی بەردەوام بم، ژەنیاری ئامێری ساز بووم، لە پەیمانگەش ئامێری سازم خوێندووە و لە زانکۆش پیانۆ و ساز.

**ڕووداو: تۆ گەنجیت و ئێستا زۆر باوی میوزیکی سەردەمە یان ڕۆژئاواییە، چۆنە خولیای خۆت داوەتە ئەو ئامێرە سوننەتییانە؟**

**یەریڤان:** هەر لە منداڵییەوە هۆگری ئەو گۆرانییانە نەبووم کە ستایلی پۆپ بوون، بەڵکو زیاتر حەزم لە گۆرانیی فۆلکلۆر بوو. گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانیش زۆرتر بە ئامێرە سوننەتییەکان

> حەزم لە گۆرانیی هەڵپەڕکێ نییە و بۆ ئاهەنگی خۆشم هەڵناپەڕم

تۆمار کراون، بۆیە منیش زۆرتر خولیای ئەو جۆرە ئامێرانەم و زۆرتریش گوێ لە گۆرانیبێژانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرم، چونکە زۆرتر مۆرکێکی فۆلکلۆرییان هەیە.

**ڕووداو: زیاتر هۆگری دەنگی کام هونەرمەندی؟**

**یەریڤان:** زۆر هۆگری دەنگی سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی، مەزهەری خالقی و لەیلا فەریقی و هانیم.

**ڕووداو: چۆن بوو لە ژەنینی میوزیکەوە ڕووت لە گۆرانیگوتن کرد؟**

**یەریڤان:** ڕاستە سەرەتا وەکو موزیسیان دەستم پێکردووە، بەڵام پلانە سەرەکییەکەم هونەرە و دەرکەوتنیش بەشێکە لە هونەر، پێش ئەوەشی لە گروپ وەکو موزیسیان کار بکەم. لە بەشی سێیەمی گەردەلوول بەشداریم کرد و لە چەند برگەیەکدا گۆرانیم گوتەوە کە یەکێکیان گۆرانییەکی هونەرمەندی کۆچکردوو محەممەدی ماملێ بوو، بەوە زۆر ناسرام. دوای ئەو درامایە حەزم کرد گۆرانیگوتن تاقی بکەمەوە.

> لەگەڵ سەعدوون کاکەیی کارێکی هاوبەش دەکەین

**ڕووداو: گوتنەوەی گۆرانی "نەچوو"ی حیشمەتی لووڕنەژاد بۆ تۆ قورس نەبوو؟**

**یەریڤان:** ڕاستە زۆر قورس بوو، بەڵام منیش حەزی تایبەتیم بۆ دەنگی هونەرمەند حیشمەتی لووڕ نەژاد هەبوو، بۆیە بەو بەرهەمەش دەستمپێکرد.

**ڕووداو: دەڵێن بەرهەمهێنانی ماوەیەکی زۆری پێچووە؟**

**یەریڤان:** نزیکەی دوانزە مانگی پێچوو.

**ڕووداو: لەو باوەڕەدا بوویت ئەو گۆرانییە بەشێوەیەکی خێرا لەنێو خەڵکدا دەنگ بداتەوە؟**

**یەریڤان:** بەڵێ دەمزانی، چونکە گۆرانییەکی زۆر جوانە و منیش هەوڵم دا هەقی تەواوی پێبدەم.

**ڕووداو: چ کارێکی نوێت بەدەستەوەیە؟**

**یەریڤان:** دەمەوێت هۆنراوەیەکی باش هەڵبژێرم و بیدەمە ئاوازدانەرێکی باش بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکات، چونکە لەمەودوا کار لەسەر دووبارەکردنەوەی گۆرانی ناکەم.

**ڕووداو: لەمەودواش هەر بە ستایلی سوننەتی کار دەکەیت؟**

**یەریڤان:** دەمەوێت کەمێک جیاوازتر بێت، هەوڵ دەدەم لەنێوان ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییدا تێکەڵاوییەک هەبێت، بەو مەرجەی ڕەسەنایەتی لە دەست نەدات.

**ڕووداو: بەڵام گەنجان زیاتر گوێگری ستایلی نوێن لەوانەش پۆپ، دەتوانیت بەو سوننەتییە گەنجان بۆ لای خۆت رابکێشیت؟**

**یەریڤان:** بەداخەوە پۆپ ستایلی کورد نییە، بەڵام ئەوەندەی گوێ لەو ستایلە دەگیرێت گوێ لە گۆرانیی فۆلکلۆری کوردی ناگیرێت و خەریکە لەنێو دەچێت.

**ڕووداو: حەزت لە گۆرانی شادی نییە؟**

**یەریڤان:** نەخێر بە هیچ شێوەیەک، تەنانەت لە ئاهەنگیشدا حەزم لە هەڵپەڕکێ نییە و بیرم نایەت دواجار کە هەڵپەڕیم کەی بوو.

**ڕووداو: ئەی ئەگەر شوو بکەی، گۆرانی شادی ناڵێیت و هەڵناپەڕیت؟**

**یەریڤان:** ئاهەنگ ناگێڕم.

**ڕووداو: دەڵێن زۆر شەرمنیت، دەتوانیت بەرامبەر خەڵک گۆرانی بڵێی؟**

**یەریڤان:** ڕاستە زۆر شەرمنم، بەڵام هەست دەکەم کەمێک شەرمم شکاوە.

**ڕووداو: دەگوترێت کەسێکی زۆر بە بەزەییت؟**

**یەریڤان:** بەڵێ، ئەوەش زەرەری زۆری لێداوم، چونکە لەم ڕۆژگارەدا ئەو کەسانەی بە سۆزن، لە ڕووە جوان و پاکەکەوە سەیر ناکرێن.

**ڕووداو: هەڵەبجەییت، بەنیاز نیت گۆرانییەک بۆ شارەکەت بڵێی؟**

**یەریڤان:** بێگومان لە بەرنامەمدایە کارێکی جوان پێشکەشی هەڵەبجە بکەم.

**ڕووداو: لەمەودوا بەشداری دراما ناکەیتەوە؟**

**یەریڤان:** نەخێر، تەنیا خۆم بۆ گۆرانی تەرخان دەکەم.

**ڕووداو: هیچ کارێکت بەدەستەوەیە بۆ گۆرانیی هاوبەش؟**

**یەریڤان:** بڕیارە لەگەڵ سەعدوون کاکەیی کارێکی هاوبەش بکەین.

**ڕووداو: بۆچی لەگەڵ سەعدوون کاکەیی؟**

**یەریڤان:** پێش بڵاوکردنەوەی گۆرانیی نەچوو، لە کاتی تۆمارکردنی گۆرانییەکەدا داوای لێکردم پێکەوە بیڵێین، بەڵام نەگونجا.

### غەزەلنووس... لە کتێبەوە بۆ سینەما

# بە 30 هەزار دینار تەماشای 10 فیلم بکە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی نمایشکردنی فیلمەکە، خەڵک پۆل پۆل دەچوونە هۆڵەکە و سەیری پۆستەری فیلمی "نامە بۆ پاشا"یان دەکرد. فیلمەکە لە دەرهێنانی هیشام زەمانی بوو کە لە نەرویج دروستی کردووە و لەسەر ژیانی پەنابەران و کۆچبەرانی کوردە لە ئەورووپا.

ناوەندی غەزەلنووس لە شاری سلێمانی چەند ساڵێکە کراوەتەوە و زۆرتر وەکو ناوەندێکی کولتووری بۆ بڵاوکردنەوەی کتێب ناسراوە، ئەمجارەیان لە کارێکی جیاوازدا لەنێو باڵەخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، لە ڕۆژی 2016/8/8 سینەمایەکی بۆ نمایشی فیلمە کوردییەکان بەنێوی سالم کردەوە.

لەو هۆڵەدا ڕۆژانە لە سێ کاتی جیاوازدا فیلم نمایش دەکرێن: لە سێی دوای نیوەڕۆ، شەشی ئێوارە و نۆی شەو، چوونی بینەرانیش بۆ سینەماکە بە دوو جۆرە، یەکەمیان بە بلیتە کە نرخەکەی پێنج هەزار دینارە، یان بەشداریی مانگانەیە بە کارتێکی 30 هەزار دیناری کە هەڵگری کارتەکە دەتوانێت لە ماوەی مانگێکدا سەیری 10 فیلم بکات.

نەبەز خالید لە ئیدارەی سینەما سالم دەڵێ، نرخی بلیت و بەشداریی مانگانەیان بەراورد بە شوێنەکانی دیکە زۆر هەرزانە، چونکە ڕەچاوی باری ئابووریی خەڵکی هەرێمی کوردستانیان کردووە و دەیانەوێ زۆرترین کەس سەیری فیلمەکان بکەن.

ستافی سینەما سالم بە دوو هەفتە جارێک گۆڕانکاری لە نیشاندانی فیلمەکاندا دەکەن و هەفتانەش گۆڕانکاری لە کاتی نیشاندانی فیلمەکاندا دەکەن، واتە بۆ نموونە ئەگەر لە هەفتەیەکدا فیلمێک کاژێر سێ نمایش بکرێت، بۆ هەفتەی داهاتوو لە شەشی ئێوارە یان نۆی شەو نمایش دەکرێت.

کیا کسار کە بە پێکەنینەوە لەبارەی ناوەکەیەوە گوتی ئێمە نەوەی کەیخوسرەوین، لەگەڵ هاوژینەکەی هاتبوونە سینەما سالم بۆ تەماشاکردنی فیلمی "نامە بۆ پاشا". ئەو لەڕێگەی فەیسبووکەوە بە کردنەوەی ئەو سینەمایەی زانیوە و کارتێکی مانگانەی کڕیوە بۆ سەیرکردنی فیلمەکان.

کیا کسار بە (ڕووداو)ی گوت "کردنەوەی ئەو سینەمایە کارێکی زۆر باشە، ئەوەش لە پێناوی بە کولتووورکردنی سینەما، چونکە بەداخەوە تائێستا سینەما لای ئێمە نەبووەتە کولتوور، لەوەشدا بەشێکی خەتای میدیاکانە لەبەرئەوەی زیاتر کار لەسەر سیاسەت دەکەن".

دانا فایەق کە چیرۆکنووسێکی کوردە، بە ئاماژەدان بەوەی کە دەبێت هەر کەس لای خۆیەوە هەوڵی بە کولتوورکردنی سینەما و بەرەوپێشبردنی ئەو سینەمایە بدات، گوتی "ئەوەندەی لە نزیکەوە ئاگادارم ستافی سینەماکە دەیانەوێت فیلمەکان لە ئاستێکی بەرزدا بێت و مەبەستیانە بینەر بۆ فیلمەکان ڕابکێشن".

ساڵانی ڕابردوو لە شاری سلێمانی سێ سینەما هەبوون (دڵشاد، سیروان و ڕەشید)، بەڵام ئێستا تەنیا سینەما سیروان ماوە، شوێنی دووەکەی دیکە بووەتە باڵەخانەی بازرگانی. دانا گوتی "هێشتا لای ئێمە تێڕوانین بۆ سینەما ناشرینە. پێمانوایە ئەوانەی دەڕۆنە سینەما



"خەڵکی کوردستان زۆرتر حەزی لە سەیرکردنی فیلمی ئاکشنە" (فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

کەسانی سەرشەقامەکانن و وەکو کارێکی بەدڕەوشتی لێی دەڕوانرێت".

کردنەوەی ئەو سینەمایە لە شاری سلێمانی وەکو پایتەختی ڕۆشنبیری لە کاتێکدایە کە ئێستا تەنیا یەک سینەمای دیکە لە سلێمانی هەیە، دانا گوتی "کێشەکە ئەوەیە سلێمانی پایتەختی ڕۆشنبیرییە و سینەماکانیش چۆڵن، چونکە خەڵک هێشتا شاشەی ماڵەوە و سینەما جیاناکەنەوە، بەڵام دەبێت بزانن جیاوازییەکەیان زۆر گەورەیە و نازانن چێژی بینینی فیلم لەو شاشە گەورەیەوە چییە".

دوای فیلمی نامە بۆ پاشا، لە ڕۆژی 2016/8/20ەوە فیلمی کوردی "شوێنێک بۆ یاری" لە دەرهێنانی شەوکەوت ئەمین کۆرکی نمایش دەکرێت کە چەندین خەڵاتی نێودەوڵەتی بەدەستهێناوە.

کۆرکی کردنەوەی ئەو سینەمایەی بە هەنگاوێکی گرنگ ناوبرد و بە (ڕووداو)ی گوت "سینەما لە ئێراندایە و لە پێنج شەش ساڵی ڕابردوودا کە سینەما کراونەتەوە، زیاتر فیلمی ئەمریکییان نمایش کردووە، بەڵام هەوڵی ئەم سینەمایە بۆ نیشاندانی فیلمی هونەرییە، ئەوەش جێی دەستخۆشییە، هەرچەندە ئەوە کارێکی ئاسان نییە، چونکە بۆشاییەکی گەورە لەنێوان بینەر و سینەمادا هەیە".

کۆرکی کە چەندین خەڵاتی لە فێستیڤاڵەکانی نێوخۆ و دەرەوە بۆ فیلمەکانی وەرگرتووە، دەڵێت "تا ئێستاش ڕۆشنبیریی گشتی بۆ سینەما لای ئێمە پەیدا نەبووە، بەهۆی نەبوونی سینەماوە لە بیست ساڵی ڕابردوودا، تەنیا لە تەلەفزیۆنەکانەوە سەیری فیلم کراوە".

کۆرکی لەسەر داوای ئیدارەی سینەمای سالم فیلمەکەی هێناوەتەوە کوردستان و لێرە نمایشی دەکات. ئەو گوتی "ستافی سینەماکە داوایان کرد و منیش پێم باش بوو، فیلمەکە لە دەرەوە بینراوە و دەمانەوێت بینەری خۆمان لە کوردستانیش ببینن".

ناوەندی غەزەلنووس زۆرتر ئەو فیلمانە نمایش دەکات کە لەسەر ئاستی جیهان زۆر ناسراون و زۆریش نمایش کراون.

نەبەز خالید لە ئیدارەی سینەما سالم بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "جگە لە فیلمە کوردییەکان، مەبەستمانە فیلمی بیانیی زۆر باشیش نمایش بکەین، بەتایبەتی ئەو فیلمانەی خەڵاتیان بەدەستهێناوە".

فیلمە بیانییەکان بە ژێرنووسی کوردییەوە نمایش دەکرێن، ناوەندی غەزەلنووس ستافێکی 25 کەسی داناوە بۆ وەرگێڕانی فیلمەکان بۆ سەر زمانی کوردی. نەبەز گوتی "فیلمی زۆرمان ئامادەن و ئێستا سەرقاڵی وەرگێڕانیانین بۆ ژێرنووسی کوردی".

هەرچەندە لە سەرەتای ئەم مانگەوە ئەو سینەمایە کراوەتەوە، بەڵام بە گوتەی نەبەز پێشوازی هاووڵاتیان لە پرۆژەکەیان زۆر ساردوسڕە. نەبەز گوتی "بینەرمان کەمە، بێگومان چەند هۆکارێکی هەن، یەکێکیان ئەوەیە کە چوونە سینەما لە کوردستان هێشتا نەبووەتە کولتوور. جگە لەوەش خەڵکی کوردستان زۆرتر حەزی لە سەیرکردنی فیلمی ئاکشنە. هەروەها ئێمەش باری داراییمان باش نییە و نەمانتوانیوە وەکو پێویست ڕێکلام بۆ سینەماکە بکەین، بەڵام کۆڵ نادەین".


Life
UB HOLDING
Life
0.5 L
NATURAL SPRING WATER
NATURAL SPRING WATER
UB
UB HOLDING


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MILK
powder
حليب



## لە سۆران دوو کچ خۆیان دەکوژن

**رووداو- سۆران**

نەقیب هاوار یەحیا گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی شارۆچکەی سۆران بە (رووداو)ی راگەیاند، لە ماوەی ئەم مانگەدا دوو کچە قوتابی لە نێو ماڵی خۆیاندا لە دەڤەری سۆران خۆیان کوشتووە. ناوبراو ئاماژەی بەوەدا، یەکێکیان لە سنووری ناحیەی شێروان مەزن بووە کە تەمەنی 16 ساڵ بووە و ئەوەی دیکەش لە سنووری ناحیەی خەلیفان بووە و تەمەنی 15 ساڵ بووە. هەردووکیشیان بە گوللە خۆیان کوشتووە. نەقیب هاوار گوتی "پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ هەردوو رووداوەکە کراوەتەوە، بەڵام بە گوتەی کەسوکاریان کچەکانیان کێشەیان نەبووە و هۆکارەکانیش نەزانراون".

# ژنێک لە داخی مێردەکەی خۆی دەخنکێنێ



**پشتیوان جەمال**
**رووداو- گەرمیان**

نەسرین بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ مێردەکەی پەنای بۆ خۆکوشتن برد، دوای خۆیشی دوو منداڵی بۆ کەسوکارەکەی جێهێشت. ماڵی باوکی ئەو ژنە سکاڵایان لەسەر مێردەکەی تۆمار کردووە، بەڵام دەڵێن لێی خۆش دەبن.

رۆژی 2016/8/21 ژنێکی تەمەن 23 ساڵ، بەنێوی نەسرین هاشم، دانیشتووی گوندی شێخ لەنگەر لە نزیک شارۆچکەی کەلار، لە ماڵەکەی خۆیاندا بە پەت خۆی خنکاند، لەسەر سکاڵای کەسوکاریشی، مێردەکەی بەناوی (ج.ح) بەند کرا.

عەقید لەمیعە محەممەد، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە گەرمیان بە (رووداو)ی راگەیاند "بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان، ئەو ژنە بەهۆی کێشەی خێزانییەوە لەگەڵ مێردەکەیدا پەنای بۆ خۆخنکاندن بردووە و مێردەکەشی لەسەر سکاڵای دایک و باوکی ژنەکە، بەپێی ماددەی 411 دەستگیرکراوە. ئەو ماددەیە تایبەتە بە هاندان بۆ خۆکوشتن".

نەسرین ماوەی حەوت ساڵ بوو شووی بە (ج) کردبوو کە ئامۆزای خۆی بوو. لە گوندی شێخ لەنگەر لە تەنیشت ماڵی باوکی دەژیا. لە یەکەم رۆژی پرسەی نەسریندا لە مزگەوتی گوندەکەیان، هاشم عەبد باوکی نەسرین قسەی بۆ (رووداو) کرد و گوتی کچەکەی چووەتە ژووری میوانەکەیان و دەرگای لەسەر خۆی داخستووە، پاشان چووەتە سەر پەیژەیەک و بە پەت خۆی خنکاندووە.

هاشم گوتی "لە کاتی رووداوەکەدا، مێردەکەی لە ماڵ نەبووە، منداڵەکانیشی لە حەوشە بوون، بەڵام یەکێک لە منداڵەکانی گریاوە، دایکی نەسرین ویستبووی بزانێت بۆچی دەگریەت، کاتێک بەدوای نەسریندا گەڕاوە بینیویەتی خۆی هەڵواسیوە".

هاشم نەیشاردەوە کە کچەکەی کێشەی لەگەڵ مێردەکەی هەبووە و گوتی "ئەوان لەو ماوەیە کێشەیان هەبوو، ئەویش بەهۆی خراپیی باری ئابووریان بوو، زاواکەم کرێکاریی دەکرد و کەمدەرامەت بوو، نەسرینیش نەخۆشیی ژنانەی هەبوو، پێی گوتبوو بیباتە لای پزیشک، بەڵام مێردەکەی گوتبووی توانام نییە. لەسەر ئەوە دەمەقاڵە لە نێوانیاندا روویدابوو، پیاوەکە لە نەسرینی دابوو".

وەکو باوکی باسی کرد، لەسەر ئەو کێشانە کچەکەی نەتۆراوە و گوتی "لەو دوو مانگەدا نەسرین نەتۆرا، ئێمەش چەند جارێک قسەمان لەگەڵ مێردەکەی کرد، بەڵام دەیگوت پارەم نییە، بۆیە خۆمان بردمانە لای پزیشک".

سەبارەت بە تۆمارکردنی سکاڵا لەسەر (ج)، هاشم گوتی "لەبەرئەوەی کاتێک ژنەکەی داوای کردووە بیبات بۆ لای پزیشک، ئەو لێی داوە و ئێمەش لەسەر ئەو لێدانە سکاڵامان لەسەر تۆمار کرد".

بەگوتەی هاشم، هەر لەبەر خراپیی مێردەکەی، پێشتریش کچەکەی هەڕەشەی خۆکوشتنی کردووە و گوتی "سێ رۆژ پێشتر بە دایکی گوتبوو ئەگەر مێردەکەم هەروا خراپ بێت خۆم دەکوژم، بەڵام لەو باوەڕەدا نەبووین ئەو کارە بکات".

هەرچەندە ئەوان لە یەکەم رۆژی خۆکوشتنی کچەکەیاندا، سکاڵایان لە دژی زاواکەیان تۆمار کردبوو، بەڵام رۆژێک دوای رووداوەکە باوکی نەسرین گوتی "لە مێردی نەسرین خۆش دەبین. کێشەشمان لەگەڵ ماڵی باوکی نییە".

بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان کە دوای رووداوەکە بەدواداچوونی زیاتریان بۆ دۆسیەکە کردووە، دەڵێن ئەو ژنە هەر لە تەمەنی مێرمنداڵیدا و دوور لە خواستی خۆی بەشوو دراوە. عەقید لەمیعە گوتی "رەنگە لایەنی ماددیی یەکێک لە هۆکارەکان بێت، بەڵام بەپێی بەدواداچوونمان هۆکارێکی دیکەش هەبووە، ئەو کچە لە تەمەنی 16 ساڵیدا لەلایەن کەسوکارییەوە بەشوو دراوە و بە خواستی خۆیشی نەبووە".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان، لەماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا چوار ئافرەت لە سنووری گەرمیان خۆیان کوشتووە.

لە مانگی نیسانی ئەمساڵیشدا لە ناحیەی رزگاری ژنێکی دیکە کە شووی بە پوورزایەکی خۆی کردبوو، خۆی کوشت. لەلایەن کەسوکارییەوە سکاڵا لەسەر مێردەکەی تۆمار کرا، بەڵام دواتر لێی خۆشبوون.

عەقید لەمیعە ئەو لێخۆشبوونانەی بۆ چەند هۆکارێک گەڕاندەوە و گوتی "رەنگە خێزانەکان بیر لە منداڵەکان بکەنەوە کە دوای دایکیان، بێ باوکیش نەبن، جگە لەوەش ئەوەندەی خزمایەتی دەخوێننەوە ئەوەندە بیر لە هاندان بۆ خۆکوشتنەکە ناکەنەوە و زۆرجاریش سوڵحی عەشایەریی دەکەن".

# ژنان لە ململانێی چەکداری دەپارێزرێن و دەکرێنە سەرکردە

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

هەرێمی کوردستان، ماستەرپلانی بڕیارێکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان رادەگەیەنێت کە مەبەست لێی پاراستنی ژنانە لە ململانێ چەکدارییەکان و پێگەیاندنی ژنانی سەرکردەیە. ماستەرپلانەکەش لە ماوەی ساڵێکدا جێبەجێ دەکرێ.

بڕیاری ژمارە 1325ی ساڵی 2000 کە لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ پاراستنی ژنان لە ململانێ چەکدارییەکان دەرکراوە، ئێستا وەزارەتەکانی ناوخۆ، پەروەردە، تەندروستی، کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان کار لەسەر جێبەجێکردنی دەکەن و رۆژی 2016/9/1 کۆنفرانسێکی بۆ دەبەستن و ماستەرپلانی جێبەجێکردنی بڕیارەکە ئاشکرا دەکەن.

ئەمەل جەلال، ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای خانمان بە (رووداو)ی راگەیاند، نێوەرۆکی بڕیارەکە جەخت لە پاراستنی ژنان لە کاتی ململانێ چەکدارییەکان دەکاتەوە، بەتایبەتیش لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، چونکە لە کاتی جەنگەکاندا ژنان و منداڵان دەبنە قوربانی و بەرەورووی دەستدرێژی دەبنەوە.

بە گوتەی ئەمەل، ئەو بڕیارە لەسەر چەند ئاستێکە، یەکەم: پاراستنی ژنان لەو ململانێیانە و دووەم: دەرخستنی تواناکانی ژن تا بتوانن رۆڵی سەرکردە لە نێوخۆی وڵاتەکانیاندا بگێڕن. سێیەم: ژنانی ئاوارە لە دەستەی بەڕێوەبەریی کەمپەکانیاندا هەبن و چوارەم: دەرکردنی یاسای تایبەت بۆ ژنان.

عێراق یەکەمین وڵاتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە ئەو بڕیارەی پەسەند کردووە و پلانی نیشتمانیشی بۆ داڕشتووە. کوردستانیش پابەندە بە جێبەجێکردنی ئەو پلانە. ئەمەل گوتی "لە حکومەتی عێراق ژوورێکی هەماهەنگی دروستکراوە و پلانی نیشتمانی داڕێژراوە، لەوانەش پاراستن و دەرکردنی یاسا بۆ ژنان و هۆشیارکردنەوەیان، لە کوردستان وەزارەتە پەیوەندیدارەکان پلانەکە جێبەجێ دەکەن".

بەپێی ئەو پلانەی دانراوە، دەبێت بڕیارەکە لە ماوەی ساڵێکدا جێبەجێ بکرێ. ئەمەل گوتی "بەپێی ماستەرپلان ئیش لەسەر ژنانی ئاوارە و پەنابەرانیش دەکرێ، بۆ ژنانی هەرێمی کوردستان ئێمە دوو گرێبەستمان لەگەڵ وەزارەتەکانی ناوخۆ و کاروباری کۆمەڵایەتی هەیە، کاروباری کۆمەڵایەتی چاکسازی لە سیستەمی شەڵتەرەکان و باشکردنی رەوشیان دەکات، ناوخۆش بە هەماهەنگی بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، پاڵپشتی تیمەکانی مۆبایل دەکات بۆ هۆشیارکردنەوەی ژنان و کچانی ئاوارە و پەنابەر".

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەئێستاوە چەند پلانێکیان بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە لەماوەی ساڵی داهاتوودا داڕشتووە، نەورۆز عەبدوڵڵا، نوێنەری وەزارەتی پەروەردە پلانەکانی بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "یەکێکیان ئەوەیە قوتابیانی هەردوو رەگەز لە تەمەنەکانی نۆ ساڵی تا 18 ساڵی لە ناوەندەکانی خوێندن هۆشیار دەکەینەوە".

پلانی دووەمیش وەکو نەورۆز روونیکردەوە، دروستکردنی ئافرەتانی سەرکردەیە لە شوێنی کارەکانیان، ئەویش لە رێگەی سەمینار بۆ بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەت و پارێزگاکان. پلانی سێیەمیشیان راپرسییەکە لە بەرپرسە نێرینەکانی وەزارەتەکەیان کە چۆن ئافرەتان لە کاتی ململانێکاندا بپارێزرێن.

بەپێی پلانەکە بێت، دەبێ ژنانی ئاوارە لەنێو ئیدارەی کەمپەکاندا هەبن. سۆزان سەفەر سەرۆکی رێکخراوی داک بۆ پرسی ژنانی کوردی ئێزدی بە (رووداو)ی گوت "ئێمە لەم هەفتەیەوە و بەهاوکاری چەندین راهێنەر لە چوارچێوەی بڕیاری 1325 وەکو خۆبەخش دەستمان بە هۆشیارکردنەوەی ژنان و کچانی نێو کەمپەکان کردووە، چونکە ئەو بڕیارە بۆ ژنان و کچانی ئێمە زۆر گرنگە".

گوتیشی "ژنان و کچانی خاوەن بڕوانامەمان زۆرن کە دەتوانن کەمپەکان بەڕێوەببەن، یان لە بواری ئەمنیدا وەکو پۆلیس پۆست وەربگرن".

### کوردستان لە عێراق باشترە

هەرێمی کوردستان چەند ساڵێکە ژمارەیەک بەڕێوەبەرایەتی و نووسینگەی بۆ پاراستنی ژنان لە توندوتیژی کردووەتەوە و لە پەرلەمانیش یاسای تایبەت بەو بوارەی دەرکردووە، بەڵام لە عێراق رەوشەکە بەباشی بەڕێوەناچێ.

رێزان دلێر، ئەندامی لیژنەی ژنان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (رووداو)ی راگەیاند، ماوەی دوو ساڵە دەیانەوێت چەند پرۆژە یاسایەک بۆ باشترکردنی رەوشی ژنان دەربکەن، بەڵام تائێستا پەسەند نەکراون و گوتی "عێراق دەبێت یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی پەسەند بکات کە تائێستا نەیکردووە، جگە لەوەش شەڵتەر لە شارەکانی عێراق نییە، دامەزراوەیەکی تایبەتیشمان بۆ پاراستنی ژنان نییە، بۆیە ئەوەی عێراق باسی دەکات تەنیا قسەیە و ئەستەمیشە لە ساڵێکدا جێبەجێ بکرێت".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

# ژنە بەندکراوێک خۆی دەسووتێنێ



**عومەر چاوشین**
**رووداو- کۆیە**

(ش) لەناو چوار دیواری زیندانی گرتن و گواستنەوەی کۆیەدا بەرگەی مانەوەی نەگرت و هەر لەوێ ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا، بەڵام لە زیندانەوە کەوتە سەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانە. بەڕێوەبەری پۆلیسی کۆیە دەڵێت لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەیان بۆ رووداوەکە پێکهێناوە.

دوای نیوەڕۆی رۆژی 2016/8/24 ژنێکی تەمەن 26 ساڵ بەنێوی (ش.س) کە ماوەیەکە لە زیندانی گرتن و گواستنەوەی کۆیە راگیراوە، لە نێو زیندان ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا. (ش) سەرەتا بردرایە نەخۆشخانەی شەهید دکتۆر خالید لە کۆیە، بەڵام بەهۆی زۆریی رێژەی سووتانەکەی کە 80% بووە، گواسترایەوە بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی رۆژئاوای هەولێر.

عەمیدی پۆلیس محەممەد سەعید بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای کۆیە بە (رووداو)ی گوت "ئەو ژنە لە 2016/8/15 بە بڕیاری دادوەر بەهۆی کێشەیەکەوە لە بەشی گرتن و گواستنەوەی قەزای کۆیە راگیراوە، بەڵام دوانیوەڕۆی 2016/8/24 لە زیندان نەوتی بەخۆیدا کردووە و ئاگری لە خۆی بەرداوە.

ئەفسەرەکەی پۆلیس لەبارەی ئەوەی کە ئەو ژنە چۆن نەوتی دەستکەوتووە، دەڵێت "پاسەوانەکانی زیندان هەستیان بەوە کردبوو ئەو ژنە نەخۆشیی دەروونی هەیە، بۆیە بردبوویان بۆ لای خۆیان. ئەویش دەرفەتی لەو هەلە بینیوە، چووەتە ژووری ئامادەکردنی خواردنی پاسەوانەکان. لەوێ نەوتی لە تەباخ دەرهێناوە و بە جەستەی خۆیدا کردووە، پاشان ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداوە، بەڵام پاسەوانەکان زوو فریای کەوتبوون و ئاگرەکەیان کوژاندبوووەوە".

ئەو ژنە کە دایکی منداڵێکە، بەپێی ماددە 428 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکراوە. ئەو ماددەیە تایبەتە بە شکاندنی حورمەتی ماڵ و موڵکی خەڵکی دیکە.

بەڕێوەبەری پۆلیسی کۆیە دەڵێت جگە لە دۆسیەی یەکەمی کە بۆی کراوەتەوە و لەسەری دەستگیرکراوە، دۆسیەیەکی دیکەش بۆ رووداوی خۆسووتاندنەکەی کراوەتەوە. دادوەر لەسەر دۆسیەی دووەمی داوای شایەتی کردووە. پۆلیسیش سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە بۆ ئەوەی بزانێت کێ کەمتەرخەم بووە لەوەی ئەو ژنە دەستی بگاتە نەوت و خۆی پێ بسووتێنێ.

بەڕێوەبەری پۆلیسی کۆیە هۆکاری خۆسووتاندنی (ش) دەگێڕێتەوە بۆ بێزاری و خراپیی باری دەروونی. محەممەد سەعید گوتی "ئەو ژنە لە نەخۆشخانە گوتەی لێ وەرگیراوە، گوتوویەتی لە ژیانی خۆی بێزار بووە، ویستوویەتی بە خۆسووتاندن خۆی لەنێو ببات بۆ ئەوەی جارێکی دیکە کەسوکارەکەی نەبینێتەوە".

محەممەد سەعید، تیشکی خستە سەر خراپیی گرتووخانەی قەزای کۆیە و بەنیگەرانییەوە گوتی "بەداخەوە بەشی گرتن و گواستنەوەی قەزای کۆیە هیچ مەرجێکی زیندانی تێدا نییە، کاتی خۆی بۆ بەشی چاکسازی کراوەتەوە، بەڵام لەبەر نەبوونی و ناچاری، کراوە بە زیندانی گرتن و گواستنەوە".

خۆسووتاندنی ئەو ژنە لە گرتن و گواستنەوەی کۆیە لە کاتێکدایە کە چوار ساڵ لەمەوبەر پیاوێکی دیکەش لەو زیندانە خۆی خنکاند.

سەنگەر عوسمان ئەحمەد، بەڕێوەبەری نووسینگەی مافی مرۆڤ لە قەزای کۆیە گوتی "ئەو ژنە بەپێی ماددەی 428 لە یاسای سزادانی عێراقی بە بڕیاری دادوەر لە بەشی گرتن و گواستنەوەی کۆیە راگیرابوو، چونکە مەترسی لەسەر ژیانی هەبوو، بۆ پاراستنی ژیانی، دادوەر بڕیاری دابوو لە زینداندا بهێڵدرێتەوە.

نووسینگەی مافی مرۆڤ لە قەزای کۆیە، دوای خۆسووتاندنی ژنەکە، لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی پێکهێناوە. ئێستا لیژنەکە خەریکی کۆکردنەوەی زانیارییە لەبارەی رووداوەکە.

سەنگەر دەڵێت "بەردەوام سەردانی بەندکراو و راگیراوەکانی سنوورەکەمان دەکەین و لە رەوشی ژیانیان دەکۆڵینەوە، بەڵام نەمانزانیبوو ژنێک لەو شوێنە هەیە و مەترسی لەسەر ژیانی هەیە و نەخۆشیی دەروونیشی هەیە". بە گوتەی سەنگەر دوای رووداوەکە کەسوکاری هەواڵی ئەو ژنەیان نەپرسیوە و سکاڵاشیان لەسەر کەس تۆمار نەکردووە.

کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمارە (422) - دووشەممە 2016/8/29



### هاوڕێکەی خۆی بە تاپڕ دەکوژێت

**ڕووداو- سلێمانی**

بەهۆی دەرچوونی گوللەیەک لە چەکی تاپڕ، پێشمەرگەیەکی هێزەکانی حەفتا، پێشمەرگەیەکی هاوڕێی کوشت. ئێستا پێشمەرگەکە لە فەرماندەییەکەی ڕاگیراوە. نەقیب سائیب سەلام، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی بۆ کاروباری قەزاکان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو ڕووداوە پاشنیوەڕۆی 2016/8/28 ڕوویداوە و گوتی "لە کاتی ئەرکدا پێشمەرگەیەک بە گوللەی تاپڕ هاوڕێیەکەی کوشتووە، هەر خۆیشی خستوویەتییە نێو ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنەوە. بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانیش ڕووداوەکە بە ئەنقەست و مەبەستدار نەبووە، دوای ڕووداوەکەش بکوژەکە لەلایەن فەرماندەکەیەوە ڕادەستی یاسا کراوە و لێکۆڵینەوەش لە ڕووداوەکە بەردەوامە".

# براکەی خۆی لەسەر قەرز دەکوژێت



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سەنگاو**

وەک بڵێی مەرگ دوای کەوتووە، پشتیوان دووجار لەلایەن براکانییەوە تەقەی لێکرا، جارێکیان لە شوێنی کارەکەی، بەڵام بەرنەکەوت، جاری دووەمیش لە ماڵەوە و ئەمجارەیان مەرگ بووە میوانی. هەردوو تەقەکەرەکە کە برای پشتیوانن، دوای ڕووداوەکە خۆیان حەشارداوە و تاوەکو ئێستا دەستگیر نەکراون. ئامۆزایەکی ئەو سێ برایە دەڵێت "کێشەی ئەو سێ برایە لەسەر قەرز بووە".

شەڕی نێوان ئەو سێ برایە سەرلەبەیانی ڕۆژی 2016/8/22 لە ناحیەی سەنگاوی سەر بە شارۆچکەی چەمچەماڵ ڕوویدا. لەو ڕووداوەدا گەنجێکی تەمەن 28 ساڵ بەنێوی پشتیوان عوبێد لەلایەن (ک)ی تەمەن 21 ساڵەوە کە برایەتی، بە گوللەی کلاشینکۆف کوژرا. پۆلیس فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ (ک) و برایەکی دیکەی پشتیوان دەرکردووە کە دەگوترێ بەر لە (ک) هەوڵی کوشتنی پشتیوانی داوە. پشتیوان خێزاندار بوو، لەنێو بازاڕی سەنگاو دوکانی وایەرمەنی هەبوو.

عەقید حەیدەر محەممەد، بەڕێوەبەری پۆلیسی چەمچەماڵ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو ڕووداوە لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی نێو خێزانەکە بووە و گوتی "لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوە فەرمانی دەستگیرکردن بۆ دوو برای کوژراوەکە دەرچووە، بەڵام ئێمە نازانین کامیان بکوژن و لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بەردەوامە".

سەرچاوەیەک کە ئاگاداری کێشەی نێوان ئەو برایانەیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کوڕەکان لەنێوان خۆیاندا تووشی کێشە بوون، باوکیشیان ویستوویەتی کێشەکەیان چارەسەر بکات، بەڵام کوژراوەکە بە قسەی نەکردووە. پاشان برایەکیان چووە بۆ شوێنی کارەکەی پشتیوان و تەقەی لێکردووە، بەڵام بەرنەکەوتووە. لەوێ خەڵک نێوبژیوانیی کردوون و نەیانهێشتووە کێشەی نێوانیان گەورەتر ببێت".

کێشەی نێوان پشتیوان و براکەی لە دووکانەکەیدا کۆتایی هات، بەڵام پشتیوان نەیدەزانی هێشتا (ک)یش ماوە رقی خۆی بەرامبەر هەڵبڕێژێت. بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە "دوای ئەوەی پشتیوان چووەتەوە ماڵەوە، (ک)ی برای بەدوایدا چووە و لە ماڵەوە تەقەی لێکردووە و بریندار کردووە، بەڵام پێش ئەوەی بگەیەنرێتە نەخۆشخانە گیانی دەرچووە". ئەو سەرچاوەیە پێیوایە (ک) بە مەبەستی کوشتن تەقەی لە پشتیوان نەکردووە و تەنیا مەبەستی ئەوە بووە بیترسێنێ.

لە یەکەم ڕۆژی پرسەکەیاندا، (ڕووداو) سەردانی ئەو خێزانەی کرد، مەلا سۆران ڕەئوف کە ئامۆزای ئەو سێ برایەیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کێشەکە لەسەر دەمەبۆڵەیەک بووە کە سەرلەبەیانی هەمان ڕۆژ ڕوویداوە، ئەگینا پێشتر کێشەیان نەبووە و گوتی "لە کاتی ڕووداوەکەدا تەنیا دایکیان لە ماڵەوە بووە و باوکیشیان لە دەوام بووە، پاشان برایەکی دیکەیان هاتووەتەوە و نێوبژیوانی کردوون، بەڵام دوای ڕووداوەکە ئەویش لە ترسان لەگەڵ بکوژ هەڵهاتووە".

هەرچەندە سەرچاوەکەی (ڕووداو) دەڵێت باوکیان ئاگای لە شەڕی ئەو سێ برایە بووە و لێیان تووڕە بووە، بەڵام مەلا سۆران ئەو زانیارییەی ڕەتکردەوە و گوتی "بەدڵنیاییەوە باوکیان هۆکاری کێشەکە نەبووە. بەیانییەکەش لە دووکانەکەی تەقە لە پشتیوان نەکراوە".

ئامۆزاکەیان هۆکاری دەمەبۆڵەکەی نێوان ئەو سێ برایەی ئاشکرا کرد و گوتی "ئەوەندەی باس دەکرێت لەسەر قەرزێکی نێوانیان بووە، پشتیوان قەرزداری (ک) بووە، ئەویش داوای پارەکەی کردووەتەوە، بەڵام پشتیوان حاشای نەیداوەتەوە و لەسەر ئەوە شەڕ لە نێوانیاندا دروستبووە".

سەرچاوەیەکی دیکە کە ئاگاداری ژیانی ئەو خێزانەیە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو سێ برایە لە دەرەوە بێ کێشە بوون و گرفتیان بۆ خەڵک دروست نەدەکرد، بەڵام لە نێوان خۆیاندا تەبا نەبوون و هەندێکجار کێشە لە نێوانیاندا ڕووی دەدا". مەلا سۆران نەیشاردەوە کە کێشە لەنێو ئەو خێزانەدا هەبووە و گوتی "بە گشتی تووڕەبوونێک هەبوو کە بەداخەوە ئەو ڕووداوەی لێکەوتەوە".

تا ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، تۆمەتبارەکان دەستگیر نەکرابوون. سۆران ڕەئوف گوتی "ئومێد دەکەین بەزووترین کات بیاندۆزینەوە و ڕادەستی یاسایان بکەین".

ڕووداوی کوشتنی پشتیوان لەلایەن براکەیەوە لە کاتێکدایە کە ئەمساڵ دوو ڕووداوی دیکەی هاوشێوە لەشاری هەولێر ڕوویاندا و دوو مێرمنداڵ براکانی خۆیان کوشت. یەکێکیان لەسەر ئەوەی داوای لە براکەی کردبوو قژی کورت بکاتەوە، بەڵام بە قسەی نەکردبوو، بۆیە کوشتبووی. ئەوەی دیکەش لەسەر دەمەبۆڵەیەکی نێو خێزانەکەیان بوو.

# لەسەر خێرا لێخوڕینی ئۆتۆمبێل گەنجێک دەکوژرێت



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- چەمچەماڵ**

ساڵێک لەمەوبەر کێشە لە نێوانیاندا هەبوو، بەڵام پێدەچێ کەسێک نەبووبێ ئاوێک بە ئاگری کێشەی نێوانیاندا بکات، تا دواجار کێشەکە بە کوشتنی چالاک قووڵتر بووەوە، ئێستا چوار کەس بە تۆمەتی کوشتنی چالاک دەستگیرکراون. موختاری گوندەکەش دەڵێت کێشەی نێوانیان لەسەر خێرا لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بووە.

بەرەبەیانی ڕۆژی 2016/8/19، چالاک نەجمەدین، 24 ساڵ. دانیشتووی شارۆچکەی چەمچەماڵی نزیک شاری سلێمانی، لەلایەن چەند کەسێکی گوندەکەیانەوە تەقەی لێکرا و کوژرا.

عەقید حەیدەر محەممەد، بەڕێوەبەری پۆلیسی چەمچەماڵ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو دوو خێزانە زیاتر لە ساڵێکە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە نێوانیاندا هەبووە، بەرەبەیانی ئەو ڕۆژەش کێشەکە دووبارە سەری هەڵداوەتەوە و هەردوولا تەقەیان لە یەکدی کردووە، بەو هۆیەشەوە کەسێک بەنێوی چالاک نەجمەدین کوژراوە.

عەقید حەیدەر محەممەد، ئاشکرای کرد "لەسەر سکاڵای ماڵی کوژراوەکە، چوار کەس بە تۆمەتی کوشتنی چالاک دەستگیرکراون، بەڵام تائێستا نازانین کامیان بکوژن، ئەوە لە قۆناغەکانی دیکەی لێکۆڵینەوەدا دەردەکەوێت". عەقید حەیدەر گوتیشی "پێشتریش باوکی یەکێک لەو تۆمەتبارانە لەسەر سکاڵای ئەو خێزانە دەستگیرکراوە".

خێزانی ماڵی چالاک لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی گورگەی فەتاحن، ئەو گوندەش لەڕێگەی سلێمانییەوە بۆ چەمچەماڵ نزیکەی پێنج کیلۆمەتر دوورە و ئێستاش 10 ماڵی لێیە و بەکاری کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە خەریکن. ماڵی تۆمەتبارەکانیش هەر لەو گوندەن.

حسێن حەسەن، مامی چالاک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ماڵی برایەکی و باوکی لەو گوندە نیشتەجێن و شەوی ڕووداوەکە لەلایەن باوکییەوە لە سووتانی شوێنی ئاژەڵەکانیان کە لە تەنیشت ماڵەکەیانە ئاگادار کراونەتەوە و گوتی "لایەنی بەرامبەر لەو شەوەدا شوێنی ئاژەڵەکانی ماڵی باوکمیان سووتاندووە، باوکیشم نزیکەی کاژێر دووی بەرەبەیان پەیوەندی کرد و گوتی ماڵەکە دەسووتێنن و تەقەیان لێکردووین، ئێمەش لایەنە پەیوەندیدارەکانمان ئاگادار کردەوە و ڕۆیشتین، دوای کوژاندنەوەی ئاگرەکە و ڕۆیشتنی هێزەکان، لەبەر دڵنەوایی باوکم لەوێ ماینەوە، ئەوە بوو لە کاژێر پێنج بۆ شەشی بەیانی دیسان دەستیان بە تەقە کردەوە و چالاک کوژرا".

هەرچەندە پۆلیس دەڵێن ئەو دوو خێزانە نزیکەی ساڵێکە کێشەیان هەیە، بەڵام حوسێن گوتی "لە مانگی نیسانی ئەمساڵەوە کێشەکان دروستبوون، (ج)ی کوڕیان ئۆتۆمبێلی پێبوو، بە خێرایی بەلای چالاکدا دەهات و مۆڕەی لێدەکرد و تەقەی بەسەردا دەکرد،، چەند جارێک ئەمەی دووبارە کردەوە، منیش باوکیم ئاگادار کردەوە و بەڵێنی دا کێشەکە چارەسەر بکات، بەڵام بەڵێنەکەی نەبردە سەر".

بە گوتەی حوسێن، لە سەرەتای مانگی ئایاری ئەمساڵدا جارێکی دیکە ئەو خێزانە گێچەڵیان پێکردوون "ڕۆژێک خۆم و خێزانم و چالاک لەسەر زەوییەکانمان بووین، ئەوان هاتنەوە ئاواییەکە و بێ هیچ هۆکارێک تەقەیان کرد، پۆلیس و ئاسایش هاتن من و باوکی (ج)یان دەستگیرکرد، بەڵام شەوەکەی دیسان کەسوکاری ئەوان هاتبوون بۆ ماڵی باوکم تا بزانن کێشەکە چییە و دەستیان بە تەقە کردەوە و برایەکم کە پێشمەرگەیە، گوللەیەک بەر بڕبڕەی پشتی کەوت و بریندار کرا، پاشان ئێمەش ئازاد کراین".

حوسێن گوتیشی "چالاک چەند جارێک پێیگوتم کە (ج) واز ناهێنێ و بەردەوام بە ئۆتۆمبێل بە خێرایی بەبەردەمیدا دەڕوات، بەڵام من هەر پێمگوت تەحەمولت هەبێت".

وەکو حوسێن ئاماژەی بۆ کرد، دوای برینداربوونی براکەشیان ئەوان هەر هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکەیان داوە و گوتی "دەمانویست کێشەکە گەورەتر نەبێت، بەڵام ئەوان بەناڕاستەوخۆ داوای چۆڵکردنی گوندەکەیان لێدەکردین و شەڕیان پێدەفرۆشتین".

مامی چالاک باسی شەوی ڕووداوەکەی کرد و گوتی "لە کاژێر پێنج بۆ شەشی بەیانی بە شەش کەس تەقەیان کرد، ئێمەش لە تەنیشت دیوارەکانەوە خۆمان شاردبووەوە و کاتێک چالاک بریندار کرا، ئێمەش بۆ بەرگریکردن دەستمان بە تەقە کرد". بە گوتەی حوسێن ئەوانەی تەقەیان لێکردوون شەش کەس بوون، بەڵام سکاڵایان لەسەر چوار کەس هەیە، ئەو چوار کەسەش گیراون.

(ڕووداو) سەردانی گوندەکەی کرد و کوێخا فەتاح ئیبراهیم موختاری ئەو گوندە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ساڵێکە ئەو کێشەیە هەیە. پرسیارم لە چالاک و (ج) کرد بۆ وا دەکەن، ئەوان یەکدییان بەوە تۆمەتبار دەکرد کە بە خێرایی ئۆتۆمبێلیان لێخوڕیوە و تۆز و خۆڵیان بەسەر یەکدیدا کردووە، جگە لەوە هیچ کێشەیەکی دیکە نەبووە".

موختاری گوند قسەکانی حوسێنی پشتڕاست کردەوە کە لە ماوەی ئەو ساڵەدا چەند جارێک شەڕە تەقە لە نێوان هەردوولا ڕوویداوە و گوتی "مامێکی چالاک بە فیشەکی بیکەیسی بریندار بوو، ئێستا هەردوو قاچی لە کار کەوتووە".

وەکو موختاری گوندەکە گوتی، ڕۆژی ڕووداوەکەش لە کاژێر دووی بەیانییەوە تەقە هەبووە، بەڵام نازانێت کامیان دەستپێشخەر بووە و تەقەی کردووە. گوتیشی "ئەو شەوەش ئاگر لە ماڵی باپیری چالاک کەوتبووەوە، بەڵام نازانم کێ ئاگرەکەی کردبووەوە، بەرەبەیانییەکەشی لەنێوان تەقەی هەردوولا چالاک کوژرا، بەڵام نازانرێت کێ کوشتوویەتی".

(ڕووداو) ویستی ڕای ماڵی تۆمەتبارەکان وەربگرێت، بەڵام کوێخا فەتاح گوتی "خێزانی ماڵی (ج) پیاوەکانیان گیراون و ژنەکانیش گوندەکەیان چۆڵ کردووە، مامێکی (ج)یش لە چەمچەماڵە بەیەکەوە چووینە پرسەی چالاک، پێیگوتم کە نزیکەی سێ ساڵە هیچ پەیوەندییەکی بە خێزانی ماڵی براکەیەوە نەماوە".



موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

## مێردەکەی تاقیکردەوە

هیچ شتێک بۆ ژنەکە لەوە خۆشتر نەبوو، کاتێک کچە هاوڕێکەی پێیگوت مێردەکەت لە تاقیکردنەوەکە دەرچوو، کەسێکی پاکە و وەڵامی تەلەفۆنی من ناداتەوە، بەڵام پەتی درۆیەکە زۆر کورت بوو، زۆری نەبرد پەیوەندیی نێوان مێردەکەی و کچە هاوڕێکەی ئاشکرا بوو.

ماوەیەک لەمەوبەر ئافرەتێک سەردانی کردین، ئەو ئافرەتە سکاڵای لەسەر کچە هاوڕێیەکی خۆی هەبوو کە واز لە مێردەکەی ناهێنێت و خەریکە هێلانەیان لێ تێکدەدات.

ئەو ژنە چیرۆکەکەی خۆی گێڕایەوە و گوتی لە شوێنی کارەکەم کچێکم ناسی، زۆری نەبرد بووینە هاوڕێیەکی زۆر نزیکی یەکدی، تا وای لێهات مێردەکەم هاتوچۆی بە هەردووکمان دەکرد و هاتوچۆی خێزانیش لە نێوانمان پەیدا بوو. ڕۆژێکیان لە ماڵەوە باسی پەیوەندیی نێوان ژن و مێرد و خیانەتی هاوژینیمان دەکرد، لەو کاتەدا بیرۆکەیەکم بۆ هات کە مێردەکەم تاقی بکەمەوە. بە کچە هاوڕێیەکەم گوت تەلەفۆنی بۆ بکە و قسەی خۆشی بۆ بکە، بزانە چی دەڵێت. زۆر دڵم خۆش بوو کاتێک کچە هاوڕێکەم گوتی مێردەکەت وەڵام ناداتەوە. بەڵام لەو ماوەیەی ئەو کچە لەگەڵ مێردەکەم هاتوچۆی دەکرد، هەڵسوکەوتی زۆر گۆڕابوو، هەتا ڕۆژێکیان نامەی کچە هاوڕێیەکەم لەنێو مۆبایلەکەیدا بینی، ئیدی بوو بە شەڕمان. هاوژینەکەم پێیگوتم خەتای خۆتە، بەو کچە دەڵێی مێردەکەم تاقیبکەوە، ئەویش تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی ژنەکەت متمانەی پێت نییە، ئیدی منیش لە داخی ئەوە پەیوەندیم لەگەڵ دانا.

ژنەکە لەگەڵ مێردەکەی کۆتاییان بە کێشەی نێوانیان هێنابوو، بەڵام کچەکە وازی نەهێناوە و بەردەوام کۆنە نامەکانی مێردەکەی بۆ ناردووەتەوە. ئەو ژنە دەیگوت "من دوو منداڵم هەیە و نامەوێت ماڵم لێ تێکبچێ و منداڵەکانم سەرگەردان ببن، بەو مەرجەش لە مێردەکەم خۆش بووم، ژمارە تەلەفۆنەکەی بگۆڕێت".

ئەو ژنە نەیدەویست سکاڵا لەسەر هاوڕێکەی و مێردەکەی تۆمار بکات، تەنیا داواکاریی ئەوە بوو کە هەردووکیان بانگ بکرێن و ڕوونی بکەنەوە کە پەیوەندییان هەیە یان نا. ئەگەر پەیوەندییان هەیە کۆتایی پێ بهێنن.

بەدوای کچەکەدا نێردرا و لە سەنتەری ڕاوێژکاریی خێزانی قسەی لەگەڵ کرا. کچەکە نکۆڵی لە پەیوەندیی نێوان خۆی و مێردی ئافرەتەکە نەکرد و گوتی من ئەو پیاوەم خۆشدەوێ و تاوەکو ئێستاش پەیوەندی نێوانمان هەر ماوە. ئەو پیاوە بەڵێنی پێداوم بمهێنێ.

پاشان بەدوای مێردی ژنەکەماندا نارد، ئەویش نکۆڵی لەوە نەکرد کە پەیوەندی لە نێوانیاندا هەبووە، بەڵام گوتی کچەکە دەستپێشخەر بووە، دوای ئەوەی ژنەکەی بە پەیوەندییەکەی زانیوە، وازی لە کچەکە هێناوە. پیاوەکە دانی بەوەدا نا کە کارێکی هەڵەی کردووە و لە کاتێکدا ژن و منداڵی هەیە، پەیوەندی لەگەڵ کچێک داناوە کە هاوڕێی ژنەکەیەتی. ئەو سوپاسگوزاریی ژنەکەی بوو کە کێشەکەی گەورە نەکردووە و کەسوکاری خۆی و ئەوی لەو بابەتە ئاگادار نەکردووەتەوە و سکاڵاشی لەسەر تۆمار نەکردووە.

لە کۆتاییدا بەڵێننامە لە پیاوەکە وەرگیرا کە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵ ئەو کچە نەمێنێ، بە هەمانشێوەش بە کچەکە ڕاگەیەنرا کە واز لەو پیاوە بهێنێ و چیدی بەو نامانە هەڕەشە لەو ئافرەتە نەکات.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# کورد و ئەگەری دۆمینۆی داعش لە ئێران



زریان رۆژهەڵاتی

ئەگەری پەلهاوێشتنی داعش بۆ ناوخۆی ئێران و خۆماڵیبوونی لە سنوورەکانی خۆرهەڵات و رۆژئاوای ئەو وڵاتە رووداوێکی گرنگی ئەمنییە کە دەتوانێت کاریگەریی راستەوخۆ لەسەر کورد دابنێت.

لە ماوەی کەمتر لە سێ مانگی رابردوودا، چەندەمین جارە کە بەرپرسانی ئەمنیی ئێران باسی گرتن، کوشتن و پێکدادانی هێزەکانیان لە ناوچەکانی سیستان و بەلوچستان لە خۆرهەڵات و قەسری شیرین و کرماشان لە خۆرئاوای ئەو وڵاتە لەگەڵ ئەندامانی خۆیان واتەنی" گرووپە تەکفیرییەکان" دەکەن کە دەکرێت وەک داعش، یان رێکخراوی داعشئاسا تەرجەمە بکرێت. هەرچەندە لەوانەیە بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵانە وەک بابەتێک بۆ بەکارهێنانی ناوخۆیی و سوودبەخشین بۆ باڵی موحافزەکاری ئێران کەڵکی هەبێت، بەڵام لەبەر هەبوونی زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی- سیاسیی بەهێز، وەک فاکتەرێکی راستەقینەی کاریگەر لەسەر ئەمنی ناوخۆیی ئێرانیش دەردەکەوێت.

**لێرەدا لە روانگەیەکی کوردییەوە دوو پرسیاری سەرەکی پەیدا دەبێت:**

1-ئایا داعش یان رێکخراوێکی داعشئاسا لە نێو ئێران خۆماڵی دەبێت یان نا؟

2- داخۆ جێگرتنی داعش لە ناوخۆی ئێران و بەدەستهێنانی توانای جموجۆڵی لەو وڵاتە چ کاریگەرییەک لەسەر کورد دادەنێت؟

لەوانەیە لە ماوەی کورتخایەندا بەهۆی توانای سەربازی- ئەمنیی ئێران، ئاسان نەبێت داعش لە ناوچە شاخاوییەکانی رۆژئاوای ئێران/ رۆژهەڵاتی کوردستان یان سیستان و بەلوچستان و خوزستان لە رۆژهەڵات و باشووری ئەو وڵاتە جێگیر بێت و پانتاییەکی جوگرافی دەستبخات، بەڵام لەبەر چەندین فاکتەری گرنگی ناوخۆیی و دەرەکی، ئەگەری زۆرە داعش بتوانێت لەرێی ئەنجامدانی تەقینەوە و کردەوەی جۆراوجۆر، هەڕەشەیەکی ئەمنیی جیدی لە ناوخۆی ئێران دروست بکات.

### چڕبوونەوەی ئۆپەراسیۆنەکانی دژی داعش

تەنگاوبوونی داعش لە سووریا و عێراق و لیبیا و لەدەستدانی پانتایی جوگرافی و بەشێک لەو خاکانەی لە ساڵانی رابردوودا دەستی خستوون، هەروەها چڕبوونەوەی ئۆپەراسیۆنەکان و بازنەی هاوپەیمانییە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان لە دژی ئەو رێکخراوە، لەدەستدانی مونبج و ئۆپەراسیۆنە چاوەڕوانکراوەکانی مووسڵ و رەققە، داعش ناچار دەکەن تا لە ئەگەری لەدەستدانی قەڵەمڕەوی زەمینیدا، وەک هێزێکی گەڕۆک لە جیاتی شەڕی بەرەیی روو لە شەڕی چەتەیی شوێن شوێن بکات. دەکرێت تەقینەوەکانی ئەمدواییە لە عەرەبستانی سعودی وەک نموونەیەکی "ستراتیژی بەدیل"ی داعش لە شەڕ سەیر بکرێت. هەوڵی یەکەمی داعش بۆ خۆگەیاندنە ئێران لە شێوەی شەڕێکی بەرەیی لەکاتی گرتنی جەلەولا سەری نەگرت، بەڵام ئەگەری گەیشتنی لە شێوەی گرووپی بچووک شتێک نییە کە بەرپرسانی ئێرانیش حاشای لێبکەن.

لەلایەکی دیکەوە رۆڵی دیاری ئێران لە جەنگی دژی داعش بە تایبەتی لە عێراق دەتوانێت فاکتەرێکی دیکە بێت تا ئەو رێکخراوە هانبدات روو لە ئێران بکات.

### شوناسی دژیەک

شوناسی شیعیی ئێران وا دەکات کە ببێتە ئامانجێکی سرووشتیی داعش یان رێکخراوێکی داعشئاسا. لە دوای رووخانی رژێمی سوننە مەزهەبی تاڵیبان لە ئەفغانستان و سەدام حسێن لە عێراق و زیادبوونی کاریگەریی تاران لەو وڵاتانە، وردە وردە باسەکانی تایبەت بە بابەتی هەژموونی شیعی لە ناوچەکە گەرمتر بوون. بەهاری عەرەبی و قەیرانی سووریا و یەمەن وایان لە ئێران کرد، لە سیاسەتی دەرەوەدا بەشێوەیەکی زیاتر رەچاوی بنەما ئایدیۆلۆژییەکان و مەزهەبی شیعە بکات و ئەمەش کاردانەوەی سوننەکان بەگشتی و رەوتە جیهادییە سوننییەکانی ناوچەکەی لێکەوتەوە. داعش وەک رەوتێکی پەڕگیری سوننی هەرگیز نەیشاردووەتەوە کە دژایەتی ئێران دەکات.

### بارودۆخی ناوخۆیی ئێران

دابەشبوونی دیمۆگرافیی سوننە مەزهەبەکان لە ئێران، سیستان و بەلوچستان شوێنی بەلووچەکان لە باشووری خۆرهەڵات بە لێواری سنووریدا هەتا باکووری خۆرهەڵات شوێنی تورکمانەکان پەلدەکێشێت و لەبەری خۆرئاواشەوە بەشێک لە کورد لەخۆ دەگرێت.

بەهۆی سیستەمی سیاسی و رەسمیبوونی مەزهەبی شیعە لە ئێران، هەستی ستەملێکراوی لە نێو سوننەکاندا بەجۆرێک بڵاوە کە لە نێو بەلووچەکاندا جوڵانەوەی چەکداریی جیهادی سوننی وەک "جەیشی عەدل" دامەزراوە.

بەهێزیی جوڵانەوەی نەتەوەگەرایی کوردی و دابەشبوونی شوناسی مەزهەبیی کورد لە نێوان شیعە و سوننە و دەسەڵاتی ئەمنیی حکومەت، وایان کردووە کە کوردە سوننە جیهادییەکان زیاتر لە رێکخراوە جیهادییەکانی ناوچەکەدا جێی خۆیان بدۆزنەوە نەک ئەوەی وەک هێزێکی چەکداریی جیهادی لە رۆژهەڵات خۆیان رێکبخەن. ئەمەش بەستێنێکی بەهێزی دروستکردووە تا بەشێک لە کوردە سوننەکان روو لە داعش بکەن.

بۆیە ئەگەری دەرکەوتن و زیادبوونی جووڵەی داعش یان رێکخراوێکی داعشئاسا بەهۆی بارودۆخی ناوخۆییەوە، شتێک نییە کە پشتگوێ بخرێت.

### دۆمینۆی داعش و ئێران

دەرکەوتنی داعش و بڵاوبوونەوەی لە باکووری ئەفریقا تا باشووری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و سنووری ئەفغانستان و پاکستان لە خۆرهەڵاتی ناوچەکە، ئەو پرسیارەی دروست کردووە کە ئایا ئەم بڵاوبوونەوەیەی داعش کە وەک کەوتنی پوولی دۆمینە، زۆرێک لە وڵاتانی ناوچەکەی گرتووەتەوە، ئێران دەگرێتەوە یان نا؟

داعش لە ناوچەکەدا بە سێ شێوەی سەرەکی حزووری هەیە. یەکیان ئەو شوێنانەی کە تێیدا قەڵەمڕەوێکی سەرزەمینی بەدەستەوەیە، ئەوی دیکەشیان ئەو شوێنانەیە کە تێیدا بەبێ بوونی جوگرافیا، نفوز و کاریگەری هەیە و تێیدا توانای ئەنجامدانی تەقینەوە و کاری رێکخراوەیی هەیە.

وڵاتانی سووریا، عێراق و لیبیا لە ریزی دەستەی یەکەم و وڵاتانی میسر، جەزائیر، ئوردن، فەلەستین، تورکیا، تونس، کوەیت، عەرەبستانی سعودی، یەمەن و ئێران و... لە ریزی دەستەی دووەمدا دێن.

ئەگەر دۆمینۆی داعش و تەشەنەکردنی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە بە راست بزانین، بە لەبەرچاوگرتنی زەمینەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ناوخۆ و دەرەوەی ئێران، ئەگەری دەرکەوتنی کاریگەریی داعش لە ناوخۆی ئێران بە شتێکی دوور نایەتە بەرچاو. جگە لەوە ناکرێت ئێران کە خۆی وەک لایەنێکی ململانێی مەزهەبی لە ناوچەکەدا سەیر دەکرێت، لە کاریگەریی ئەو جەنگە تایفییەی لە ناوچەکەدا هەیە پارێزراو بێت. ئەمەش لەلایەک دەتوانێت قەیرانێکی ئەمنیی جددی لە ناوخۆ بۆ ئێران دروست بکات و فەزای سیاسیی ئەو وڵاتە زیاتر ئەمنی بکاتەوە، بەوەش رۆڵی سوپا و هێزە ئەمنییەکان زیاتر بکات. بە لەبەرچاوگرتنی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار، پێدەچێت ئەم جۆرە رووداوانە خزمەتی بەهێزبوونی باڵی موحافزەکاری ئەو وڵاتە بکەن، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە کە هەڕەشەی داعش بۆ سەر ئێران شتێکی دەستکردە و واقیعی نییە.

### دۆمینۆی داعش و کاریگەریی لەسەر کورد

ئەگەر ئێران لە ئاستی ناوخۆ تووشی گرفتی داعش یان رێکخراوێکی هاوشێوەی داعش ببێت، ئەوا لە سنوورەکانی رۆژئاوای ئێران / رۆژهەڵاتی کوردستانەوە، بۆ کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان، تاران پێویستی زیاتری بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت.

لەلایەکی دیکەوە دەرکەوتنی قەیرانێکی ئەمنی ناوخۆیی بە هۆی رەوتێکی رادیکاڵی سوننە، دەتوانێت بەشێک لە توانا سەربازی و ئەمنییەکانی ئێران بۆ خۆی بەرێت و بەوەش کاریگەریی لەسەر مانۆڕەکانی تاران لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی بە تایبەت عێراق کەم بکاتەوە کە ئەمەش بەشێوەیەکی راستەوانە پەیوەندی بە کوردەوە هەیە.

هاوکات لەگەڵ ئەوانەشدا، ئەگەری دۆمینۆی داعش لە ئێران بۆ کورد وەک شمشێری دووسەر وایە. لەوانەیە بوونی هەڕەشەی داعش بەشێوەی کاتی گوشارەکانی ئێران لەسەر جووڵانەوەی کوردی رۆژهەڵات و حکومەتی هەرێمی کوردستان کەم بکاتەوە، بەڵام لە حاڵەتی خۆماڵیبوونی لە ناوچە کوردییەکاندا، دەتوانێت شوێنی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لێژ بکات و بۆ هەرێمی کوردستانیش کە ئێستا لە دیوی خۆرئاوای سنوورەکانی خۆیەوە دەستەویەخەی داعش بووە، لە ملی خۆرهەڵاتیشەوە مەترسییەکی درێژخایەنی ئەمنی دروست بکات.

**سەنتەری لێکۆڵینەوەی رووداو**

# ئەمریکا و هەڵکردنی چرای سەوز بۆ سوپاکەی ئەردۆغان

رێبوار قاسم
رووداو- هەولێر

رۆژی 24ی ئاب، چەند کاژێرێک بەر لەوەی جۆ بایدن، جێگری سەرۆکی ئەمریکا بگاتە ئەنقەرە، تانک و زرێپۆشەکانی تورکیا و 500 چەکداری هێزەکانی سووریای ئازاد، سنووری سووریایان بەزاند و شارۆچکەی جەرابلوسیان کۆنترۆڵ کرد.

سەردانەکەی بایدن لە چەند رووییەکەوە گرنگ بوو، یەکەم: لەدوای کودەتاکەی 15 تەممووزەوە ئەوە یەکەمجار بوو بەرپرسێکی باڵای ئەمریکی سەردانی تورکیا بکات. دووەم: ناردنی بایدن لەلایەن ئۆباماوە دەیسەلمێنێت کە ئەمریکا بەنیازی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیەتی لەگەڵ تورکیا، بەبێ ئەوەی ئۆباما خۆی ناچار بێت لەسەر شاشەکان لەگەڵ ئەردۆغان دەربکەوێت.

ستیف کلێمنز کە ماوەی چەندین ساڵە لە گەشتە سیاسییەکانی دەرەوەیدا هاوڕێی بایدن بووە، دەڵێت یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی جێگرەکەی ئۆباما دروستکردن و پاراستنی پەیوەندییە لەگەڵ سەرکردە سەرسەختەکان، واتە ئەوانەی ئۆباما کەیفی پێیان نایەت. سەیر نییە سەختترین وڵات و سەرکردەکان خراونەتە ئەستۆی بایدن، لەوانەش عێراق، ئۆکراینا، کێشەکانی نێوان ژاپۆن و کۆریا، ئەمریکای ناوەڕاست، کۆڵۆمبیا و ئیسرائیل و نەتانیاهو. ئێستا ئەم لیستە تورکیا و ئەردۆغانیشی هاتووەتە سەر.

جۆزێف بایدن لە هەڤپەیڤینێکدا باسی بنەمای سەرەکی کاری سیاسی خۆی دەکات و دەڵێت "باوکم زۆربەی جاران پێیدەگوتم، ئەگەر هەموو شتێکت وەک یەک پێ گرنگ بێت، ئەمە واتە تۆ هیچت پێ گرنگ نییە. بۆیەش لە ماوەی 44 ساڵی رابردووی کاری سیاسیمدا سەختترین بەش ئەوە بووە دیاریی بکەم کام هەڕەشە و نیگەرانی دەبێت لە ئەولەویەتدا بێت، بۆ ئەوەی بەپێی بایەخەکەیان توانا و سەرچاوەیان بۆ تەرخان بکەین".

لە دوایین مانگەکانی بەرپرسیارێتی خۆی لە کۆشکی سپی، بایدن جارێکی دیکە و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رووبەڕووی ئەم پرسیارە بووەتەوە، ئەمجارەیان ئەمریکا دەبێت لە نێوان تورکیا و کوردی رۆژئاوا ئەولەویەتی خۆی دیاری بکات.



جێگری سەرۆکی ئەمریکا لەکاتێکدا سەردانی تورکیای دەکرد کە دوو کەیسی هەستیار لەسەر مێز بوون: یەکەمیان پەیوەندی بە رادەستکردنەوەی فەتحوڵڵا گولەن، رابەری بزووتنەوەی خزمەتەوە هەبوو کە تورکیا بە پلاندانەری کودەتاکەی 15ی تەمموزی دەزانێت و داوای رادەستکردنەوەی لە ئەمریکا دەکات. کەیسی دووەم پەیوەندی بە پێشڕەوییەکانی هێزەکانی سووریای دیموکراتەوە هەبوو بەرەو ناوچەکانی ئەلباب و جەرابلوس.

لە کەیسی رادەستکردنەوەی گولەندا بایدن تورکیای دڵنیا کردەوە کە ئەم پرسە لە دەستی ئۆبامادا نییە و دەبێ سیستەمی دادوەریی ئەمریکا بڕیاری لەسەر بدات، بۆ ئەم مەبەستەش تورکیا دەبێ بەڵگەی تەواو رادەستی وەزارەتی دادی ئەمریکا بکات، ئەمەش ئەو شتەیە کە تورکیا هەتا ئێستا نەیتوانیوە بیکات.

محەممەد ئەیوب، توێژەر لە ناوەندی سیاسەتی جیهانی دەڵێت "بەکارهێنانی کارتی گولەن هێندەی بۆ جووڵاندنی رای گشتیی نێوخۆییە، هێندە بۆ دروستکردنی گوشار لەسەر ئەمریکا نییە". لەبەر ئەوەی "مانەوەی گولەن لە ئەمریکا ئامرازێکە بۆ ئەوەی هەست و سۆزی نێوخۆیی پێ بجووڵێنن و لەم رێگەیەشەوە بیانوو بۆ ئەجێندا نێوخۆییەکانی خۆیان بهێننەوە، لەوانەش زەروورەتی گۆڕینی سیستەمی سیاسیی تورکیا لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی". جگە لەمە تورکەکان دەزانن، ئەگەر گولەن لە داهاتوویەکی نزیکدا رادەست بکرێتەوە، ئەوە وەکوو دیارییەکی ژەهراوی لە دەستی تورکەکاندا دەمێنێتەوە، لە کاتێکدا دوای رادەستکردنەوەی گولەن دەبێ دۆخی نائاسایی تورکیا نەرمتر بکرێت و ئەردۆغان بیانووەکەی ئێستای بۆ بەرگری لە سیستەمی سەرۆکایەتی نامێنێت، بەدەر لە هەموو ئەمانەش دەستگیرکردنی گولەن دەرفەتێک بۆ رۆژئاوا دەکاتەوە کە چاودێریی توند بخاتە سەر سیستەمی دادوەریی تورکیا و جۆری مامەڵەکردنیان لەگەڵ گولەن.

بەڵام کەیسی دووەم، واتە ئاسایشی سنوورەکانی باشووری تورکیا، ئەو کەیسەیە کە ئەمریکا دەشێت ئامادە بێت دانوستاندن و سازشی لەسەر بکات. بایدن لە کۆنفرانسە رۆژنامەڤانییەکەیدا رایگەیاند ئەمریکا بڕوای تەواوی بەوە هەیە کە سنوورەکانی تورکیا دەبێت لەلایەن تورکیا خۆیەوە پارێزگارییان لێ بکرێت، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە نابێت سووریا پارچە پارچە بێت. بەڵام روونی نەکردەوە مەبەستی لە پارچە پارچەبوون دامەزراندنی سیستەمی فیدراڵیشە یان نا، پەیەدەش داوای سەربەخۆیی لە سووریا ناکات، بەڵام لێدوانەکەی بایدن دەرگای هەردوو ئەگەرەکەی لە کوردی رۆژئاوا داخستووە: واتە دروستکردنی دەوڵەت یان هەرێمی یەکپارچەی رۆژئاوای کوردستان.

وەک لە لێدوانەکەی جێگری سەرۆکی ئەمریکادا دەردەکەوێت، ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیا لەناو خاکی سووریا (واتە ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فورات) سنووردارە بە پاراستنی سنوورەکانی تورکیا، نەک بەشدارییەکی کارا لە یەکلاکردنەوەی قەیرانی سووریا کە پێناچێت تورکیا لەم قۆناغەدا خۆی لە کێشەیەکی ئاوها ئاڵۆز لەگەڵ رووسیا و ئێران وەربدات.

یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) وەکوو بەهێزترین هاوپەیمانی ناحکومیی ئەمریکا بۆ جەنگی دژی داعش لە سووریا لەقەڵەم دەدرێ، لە کاتێکدا تورکیا هەر لە سەرەتاوە جۆرێک لە کەمتەرخەمی لە بەرامبەر داعش نواندووە و گەورەترین بەشداریی تورکیا لە جەنگی دژی داعش پێدانی بنکەی ئاسمانیی ئەنجەرلیک بووە. هەر بۆیە هەست دەکرێت ئەمریکا لەڕووی ئەخلاقییەوە بەرپرسیارە لە پاراستنی کۆمەڵێک بەرژەوەندی بۆ کورد.

بۆ تێگەیشتن لەم هەڵوێستەی ئەمریکا لە نێوان تورکیا و کوردی رۆژئاوا، دەبێت جارێکی دیکە سەیری ئەولەوییەتە گشتییەکانی ئەمریکا بکەین. بایدن لە دیمانەیەک لەگەڵ کلێمنزدا دەڵێت "تیرۆریزم مەترسییەکی راستەقینەیە، بەڵام هەڕەشەی مان و نەمان لە ئەمریکا ناکات". ئیدارەی کۆشکی سپی لە ماوەی نزیک هەشت ساڵی رابردوودا "هەڕەشەی ئەتۆمی" لەلایەن رووسیا، چین، کۆریای باکوور و پاکستان، وەکوو هەڕەشەی سەرەکی بۆ سەر ئەمریکا بینیوە، نەک تیرۆریزم. تەنانەت هەڕەشەی رووسیا لەسەر سنوورەکانی رۆژهەڵاتی ئەورووپا و ناوچەی باڵتیک لە پێش تیرۆریزمن.

تورکیا خاوەن پێگەیەکی جیۆپۆلیتیکی گرنگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکانی رووسیا، بە تایبەتیش لە دەریای رەش و باشووری قەوقاز، هەر بۆیە نزیکبوونەوەی تورکیا و رووسیا نیگەرانییەکی زۆر بۆ ئەورووپا و رۆژئاوا دروست دەکات. رووسیا لە رێگەی دەستتێوەردان لە قەیرانی نێوخۆیی سووریا تەرکیزی رۆژئاوای لەسەر هێرشەکانی سەر کریمیا و رۆژهەڵاتی ئۆکراینا هەڵگرت، ئێستاش ئەمریکا دەیەوێت هەر لە سووریا و بە پێدانی کۆمەڵێک گەرەنتی و پاراستنی کۆمەڵێک بەرژەوەندی، تورکیا لە رووسیا دووربخاتەوە.

## نەزانراوەکان لە دروستبوونی داعشدا

# لە بەیعەتی درۆینەی بەغدادییەوە تا دابەشبوونی گرووپە توندئاژۆکان

ڕووداو- هەولێر

کاتێک لە ئاداری 2011دا ڕاپەڕین لە سووریا دەستی پێکرد، ئەبوو ئەحمەد، خەڵکی باکووری سووریا، قوتابی بوو، لە ڕۆژی یەکەمی خۆپیشاندانەکانەوە بەبێ دوودڵی بەشداریی کردبوو. ئەو دەڵێت "نەماندەویست ئەو ڕەشەبایەی لە ناوچەکەدا هەڵیکردبوو، هەروا بە ئاسانی بەسەر وڵاتی ئێمەدا تێپەڕێت". لە ناوەڕاستی 2012دا ڕەوشی سووریا لە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەوە بۆ جەنگێکی نێوخۆیی هەمەلایەنە گۆڕا. لەم کاتەشدا ئەبوو ئەحمەد بڕیاری دا بچێتە نێو یەکێک لە گرووپە توندڕەوەکانەوە کە زۆرینەی ئەندامەکانی سووری بوون، ژمارەیەک چەکداری ئەورووپی و ئاسیای نێوەڕاستیشی تێدابوو.

لە بەهاری 2013دا گرووپەکەی ئەبوو ئەحمەد چووە نێو گرووپی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ دەستپێکردنی پێکدادانەکانی نێوان داعش و بەرەی نوسرە (فەتح ئەلشامی ئێستا).

تیمێکی گۆڤاری فۆرین پۆڵیسی 15 چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەبوو ئەحمەددا کردووە. چاوپێکەوتنەکان 10 مانگیان خایاندووە و ماوەی تۆمارە دەنگییەکانیش خۆی لە 100 کاژێر دەدات. زۆربەی چاوپێکەوتنەکان زیاتر لە شەش کاژێریان خایاندووە.

هەڤپەیڤین لەگەڵ گۆڤارێکی ڕۆژئاوایی سەرکێشییەکی گەورەیە، بەڵام ئەبوو ئەحمەد زۆر هۆکاری هەبوو بۆ ئەوەی هەڤپەیڤینی لەمجۆرە بکات، لە کاتێکدا بە گوتەی خۆی داعش "لەڕادەبەدەر توندڕەو بووە". هەر ئەمەش توشی بێئومێدیی کردووە. نموونەی ئەمەش ئەو ئەشکەنجەیەیە کە داعش لە مەیدانی تەحریری شاری ئەلباب نمایشی دەکات و تێیدا خەڵکی شارەکە بە بیانووی زۆر بچووکی وەکوو فرۆشتنی جگەرە دەخرێنە نێو قەفەسێکەوە و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەوێدا ڕادەگیرێن.

### "گەمژەکان"ی نێو داعش

ناوی مەیدانەکە لە تەحریرەوە بۆ "مەیدانی سزا" گۆڕا. ئەبوو ئەحمەد واقیعیانە بیری لە کێشەکە کردەوە و پێیوابوو "ئەمجۆرە سزایە بۆ ئێمە خراپە، چونکە وادەکات سوننەکان لێمان بترسن". ئەو سەرەتا پێیوابوو داعش هێزێکی "یەکخەری جیهادییەکان"ە، لە کاتێکدا هەزاران چەکداری بیانی گەنجی لە وڵاتانی دەوڵەمەندی ئەورووپییەوە بۆ ریزەکانی خۆی ڕادەکێشا.

بەڵام هەر زوو بۆی دەرکەوت هیچکام لە خەونەکانی ئەو وەک خۆیان دەرنەچوون: چونکە داعش نەیتوانی هەموو جیهادییەکانی جیهان لەناو خۆیدا کۆبکاتەوە، بگرە ئێستا زیاتر لە هەموو کاتێک ئەگەری شەڕ و پێکدادانی نێوان گرووپە ڕادیکاڵە ئیسلامییەکان لە سووریا هەیە. لەلایەکی دیکەوە هەموو ئەوانەی لە ئەورووپاوە دەهاتنە سووریا کەسانێک نەبوون ژیانێکی ئاینی ژیابێتن، بەڵکو کۆمەڵێک گەنجی تاوانباری بەلجیکی و هۆڵەندیی بەڕەچەڵەک مەغریبی بوون کە هیچ تێگەیشتنێکی ئەوتۆیان لەبارەی ئایینەوە نەبوو، هیچکاتیش قورئانیان نەخوێندبووەوە. ئەبوو ئەحمەد ئەمجۆرە کەسانەی بە "گەمژەکان" ناودەبرد و دەیگوت "ئەوان یان بۆ خۆشی، یان بۆ شۆردنەوەی ژیانە پڕ لە گوناهەکەی خۆیان دەهاتنە سووریا".

لەنێو بیانییەکاندا کەسێک بە ناوی ئەبوو سەییاف هەبووە کە زۆربەی جاران باسی سەربڕینی کردبوو، وەکوو ئەبوو ئەحمەد دەگێڕێتەوە، ئەو چەکدارەی داعش جارێکیان داوای لە ئەمیرەکەی خۆی کردبوو ڕێگەی بدەن سەری بڕدراوی کەسێک بەدەستەوە بگرێت و گوتبووی "تەنیا حەز دەکەم سەرێکم بەدەستەوە بێت". خەڵکی ناوچەکە ئەبوو سەیافیان بە "سەربڕەکە" ناونابوو.

بۆ تاقیکردنەوەی ڕاستی و دروستیی قسەکانی ئەبوو ئەحمەد، تیمی ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە، وێنەی 50 چەکداری بیانییان پیشانی ئەبوو ئەحمەد دا و داوای زانیاریان لەبارەی ئەو 50 کەسە کرد، وەڵامەکانی ئەبوو ئەحمەد دەریخست کە زانیارییەکی تەواوی لەبارەی چەکدارە بیانییەکانی داعش هەیە.

### کارەڤانەکەی بەغدادی

لە نیسانی 2013 و لە شاری کەفر حەمرا لە باکووری سووریا، ئەبوو ئەحمەد بینی ئۆتۆمبێلێکی قاوەیی لەبەردەم بارەگای ئەنجوومەنی شوورای موجاهیدین ڕایگرت کە ئۆتۆمبێلی یەکێک لە گرووپە سەلەفییە جیهادییەکانی سووریا بوو. یەکێک لە هاوڕێکانی ئەبوو ئەحمەد چووە بن گوێی و داوای لێکرد بە وردی سەیری نێو ئۆتۆمبێلەکە بکات.

ئۆتۆمبێلە بێ ژمارەکە شتێکی تایبەت نەبوو، نە هێندە نوێ بوو سەرنج ڕابکێشێ و نە شەق و شڕیش بوو، تەنانەت چەکیشی لەسەر دانەنرابوو. جگە لە شوفێرەکە، هەموو سەرنشینەکان چەکی سووکیان پێ بوو، بەڵام ئەبوو ئەحمەد نەیزانی کێن.

بە گوێرەی گێڕانەوەی ئەبوو ئەحمەد، ڕۆژەکە لە ڕۆژێکی ئاسایی دەچوو، هیچ ڕێوشوێنێکی ئەمنیی تایبەت لە نزیک بارەگاکە نەگیرابووە بەر، تەنانەت ئینتەرنێتیش وەکوو ڕۆژانی ئاسایی هەبوو، بەڵام دوای دەرچوونیان لە ئۆتۆمبێلەکە و چوونیان بۆ بارەگاکەی ئەنجوومەنی شوورای موجاهیدین، ئەبوو ئەحمەد تێگەیشت ئەو ڕۆژە چارەنووسی جەنگی نێوخۆیی سووریا و داهاتووی گرووپە جیهادییە سەلەفییەکان دیاری دەکات. کاتێک چوار کەسەکە چوونە ناو بارەگاکەوە، یەکێک لە فەرماندەکان بە گوێی ئەبوو ئەحمەددیدا چپاندبوو "ئەوەی ئێستا بینیت ئەبوبەکر بەغدادی بوو".

بەغدادی لە 2010ەوە سەرۆکی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق (داع) بوو، ئەو لە 2011 دا ئەبوو محەممەد ئەلجۆلانی ناردبوو بۆ سووریا بۆ ئەوەی بەرەی نوسرە لەوێ دابمەزرێنێ. هەتا سەرەتای 2013ش نوسرە و داع پێکەوە کاریان دەکرد، بەڵام بەغدادی بەوە ڕازی نەبوو، ئەو دەیویست قاعیدەی عێراق و سووریا بکاتە یەک و خۆی سەرکردایەتی هەردووکیان بکات.

پێنج ڕۆژ لەسەر یەک ئۆتۆمبێلە قاوەییەکە دەهاتە هەمان شوێن و بەغدادی و حاجی بەکر، جێگری بەغدادی، لە نزیک بارەگاکە دادەنا. بەر لە خۆرئاوابوونیش هەمان ئۆتۆمبێل و هەمان شوفێر دەهات و بەغدادیی دەبردە شوێنێکی نادیار. ئەبوو ئەحمەد هەر زوو تێگەیشت بارەگاکەیان بووە بە شوێنی کۆبوونەوەی بەناوبانگترین سەرکردە ڕادیکاڵەکانی جیهان، کە هەموویان لە یەک ژووردا بە دەم خواردنی نانی بەیانی و نیوەڕۆوە باسی داهاتووی ڕێکخراوە توندڕەوەکانی سووریایان دەکرد. بەغدادی لەگەڵ خواردنەکەیدا پیپسی، میراندا و سۆدە بە تامی پرتەقاڵی هەڵقوڕاندووە.

جگە لە بەغدادی و حاجی بەکر، هەر یەکە لە ئەبوو ئەسیر، ئەمیری مەجلیسی شوورا، ئەبو موسعەب ئەلمیسری، عومەر شیشانی، ئەبوو ئەلوەلید ئەللیبی، عابد ئەللیبی، ئەمیری کەتیبەی ئەبەتاری لیبیا و دوو بەرپرسی هەواڵگریی نووسرە لە کۆبوونەوەکە بەشدار بوون.

### درۆی بەغدادی و بیرۆکەی "دەوڵەت"

بەڵام ڕازیکردنی بەشدارانی کۆبوونەوەکە کارێکی هێندە ئاسانیش نەبووە. گەورەترین کێشەش پەیوەندی بە بەیعەتی لەمێژینەی ئەوان بە ئەیمەن زەواهیری، سەرکردەی قاعیدەوە هەبووە. پرسیارەکە ئەوە بووە چۆن ئەوان دەتوانن لەپڕ بەیعەتی خۆیان بۆ زەواهیری هەڵبوەشێننەوە و بێنە لای بەغدادی؟ بە گوتەی ئەبوو ئەحمەد ئەوان لە کاتی کۆبوونەوەکەدا پرسیاریان لە بەغدادیش کردووە کە ئاخۆ ئەو بەیعەتی بە زەواهیری داوە یان نا؟

بەغدادی لە وەڵامدا گوتبووی ئەو بەیعەتی بە سەرکردەی قاعیدە داوە، بەڵام لەسەر داوای زەواهیری بەیعەتەکەی ئاشکرا نەکردووە، هەروەها بەڵێنیشی بە بەشدارانی کۆبوونەوەکە دابوو کە ئەو لە ژێر فەرمانی زەواهیریدا کاردەکات. بەشدارانی کۆبوونەوەکە هیچ ڕێگەیەکیان لەبەردەست نەبووە بۆئەوەی لە ڕاستی و دروستیی قسەکەی بەغدادی بکۆڵنەوە، لەبەر ئەوەی زەواهیری یەکێک لە شاراوەترین سەرکردە جیهادییەکانی جیهانە و دۆزینەوە و وەرگرتنی شایەتیی ئەو نیمچە مەحاڵە.

نەبوونی زەواهیری وای کرد بەشدارانی کۆبوونەوەکە ناچاربن خۆیان مەسەلەکە لێکبدەنەوە، واتە ئەگەر بەغدادی بەڕاستی نوێنەری زەواهیری بێت و کار بۆ ئەو بکات، ئەوە گومانی تێدا نەبوو کە ئەوانیش دەبووایە لەگەڵی بن. بەڵام ئەگەر بەغدادی سەربەخۆ ئەم کارەی کردبێت و پلانی دەستگرتن بەسەر بەرەی نووسرەی هەبێت، ئەوە تووشی لادان بووە و تەنانەت "فیتنە"ی لەنێو جیهادییەکاندا ناوەتەوە.

ئەبوو ئەحمەد لە بارەی دوایین بڕیاری بەشداربووانی کۆبوونەوەکە گوتی "ئەوان بە بەغدادیان گوت ئەگەر ئەوەی ئەو دەیڵێت ڕاستبێت، ئەوە ئەوانیش پشتگیریی دەکەن". بەغدادی بەیعەتێکی مەرجداری لەو سەرکردانە وەرگرتبوو.

بەڵام بەغدادی تەنیا بۆ هەڵوەشاندنەوەی نووسرە نەچووبووە سووریا، بەڵکو ئەم پلانەی لە چوارچێوەی ئامانجێکی درێژخایەنتردا بووە، واتە دروستکردنی "دەوڵەتی ئیسلامی" لە سووریا. بەشدارانی کۆبوونەوەکە لەسەر ئەمەش ناکۆک بوون، لەبەر ئەوەی قاعیدە بە درێژایی مێژووی خۆی وەکوو ڕێکخراوێکی "نادەوڵەتی" کاری کردبوو، بەردەوامیش جەختیان لەسەر ئەوە کردبووەوە کە مانەوە وەکوو ڕێکخراوێکی نهێنی و ژێرزەمینی قازانجێکی زیاتری بۆ ئەوان تێدایە. فەرماندەکانی نێو کۆبوونەوە پێنج ڕۆژییەکە سوور بوون لەسەر ئەوەی دروستکردنی دەوڵەت ڕێکخراوەکەیان دەکاتە ئامانجێکی دیار و ئاسان بۆ "دوژمن".

ماوەیەک بەر لە هاتنی بەغدادی بۆ شوێنەکە، ئەبوو ئەسیر بە ئەبوو ئەحمەد و چەکدارانی دیکەی گرووپەکەی گوتبوو "هەندێک کەس باسی ئەم بیرۆکە ناعەقڵانەیە دەکەن. مەگەر شێت بیت، ئەگەرنا کێ لەم کاتی جەنگەدا باسی ڕاگەیاندنی دەوڵەت دەکات!".

بە گوتەی ئەبوو ئەحمەد، عومەر شیشانیش لەگەڵ بیرۆکەکەدا نەبووە، بەڵام بەغدادی بڕیاری خۆی دابوو، تەنانەت باسی لە سنوورەکان، مافی هاووڵاتیبوون، دامەزراوەکان و کارە ئیدارییەکانی ئەو دەوڵەتەش کردبوو. بە گوتەی ئەبوو ئەحمەد بەغدادی جەختی لەسەر ئەوە کردبووەوە "ئەگەر دەوڵەتی ئیسلامی بتوانێت لە قۆناغی بەراییدا خۆی ڕابگرێت، ئەوە بۆ هەتا هەتایە دەمێنێتەوە".

بۆ بەرگری لە بیرۆکەکەی خۆی، بەغدادی ڕایگەیاندبوو کە دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی دەتوانێت دەیان هەزار جیهادی بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی ڕابکێشێ. بە گوێرەی ئەبوو ئەحمەد "بەغدادی و ئەوانی دیکە هاتنی چەکدارە بیانییەکانیان بە (هیجرە)ی پێغەمبەری ئیسلام و هاوڕێیانی لە مەککەوە بۆ مەدینە دەچوواند". هەر ئەو لێکچوواندنە بەس بوو بۆ ئەوەی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا هەزاران چەکداری بیانی ڕوو لە سووریا و عێراق بکەن.

دوای چەند ڕۆژ کۆبوونەوەی دوور و درێژ، هەموو سەرکردەکان، بە ناڕازییەکانیشەوە بە پلانەکەی بەغدادی ڕازی بوون، تاکە مەرجێک کە دایاننا ئەوە بوو دەوڵەتی ئیسلامی دەبێت بە هاوکاریی تەواوی بەرەی نوسرە و ئەحراری شام دابمەزرێت و بەغدادیش لاریی لەم مەرجە نەبوو.

### بەیعەتدان بە بەغدادی

هەنگاوی داهاتووی کۆبوونەوەکان پێدانی پەیمان بە بەغدادی بوو. بە گوێرەی گێڕانەوەی ئەبوو ئەحمەد یەکە یەکەی بەشداربووانی کۆبوونەوەکە هەڵسابوون و لە بەرامبەر بەغدادی وەستابوون، ئینجا دەستیان خستبووە ناو دەستی بەغدادییەوە و ئەم ڕستانەی خوارەوەیان وەکوو پەیمان (بەیعەت) گوتبووەوە: "من بەیعەت بە ئەمیری موئمینین، ئەبووبەکر بەغدادی ئەلقورەیشی دەدەم، پەیمانی تەسلیم بوون و گوێڕایەڵی، لە سەختی و ناخۆشیدا، لە هەبوون و نەبوونیدا بڕیارەکانی ئەو پێش بڕیاری خۆم بخەم و بەرەنگاری فەرمانی بڕواپێکراوەکانی نەبمەوە، مەگەر ئەوەی بێ بڕواییەکی زەقی تێدا ببینم".

دواتر بەغدادی داوای کردووە هەر کام لە بەشداربووان هەندێک لە چەکدارەکانی خۆی بهێنێت. ئەبوو ئەسیر ژمارەیەک لە چەکدارە بەلجیکی، هۆڵەندی و فەرەنسییەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بردبووە نێو کۆبوونەوەکە. یەکێک لەو کەسانەش کە بەغدادی بە شەخسی بینیبوو، ئەبوو سەییافی "سەربڕ" بووە.

دواتر هەمان ڕۆژ چەکدارە ڕۆژئاواییەکان بە دڵخۆشییەوە لە بارەگاکە هاتنە دەرەوە و دەیانگوت بەیعەتیان بە بەغدادی داوە. ئەمانە هەمان ئەو کەسانە بوون کە چەند مانگ پێشتر لە ئەمستردام، برۆکسل و پاریس دەستیان لە تاوانی وەکوو دزی و ڕفاندندا هەبوو.

پاش ئەو ڕۆژە، خەڵکانێکی زیاتر هاتنە ڕیزی بەیعەتدەرانی بەغدادی. ئەبوو ئەحمەد دوو ڕۆژ پاش تەواوبوونی کۆبوونەوەکان بەیعەتی بە بەغدادی دابوو.

بەگوێرەی ڕێککەوتنەکە، لە پاش گۆڕینی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق (داع) بۆ دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، هەموو ئەو گرووپانەی هاتوونەتە نێو داعش دەبووایە واز لە ناوەکەی پێشووی خۆیان بهێنن. ئەم گۆڕانکارییە بۆ نوسرە و جۆلانی مەترسیدار بوو، چونکە دەکرا بە مانای ئاوابوونی هەمیشەیی خۆری قاعیدە لە جیهانی گرووپە توندئاژۆ سەلەفییەکاندا بێت. جۆلانی فەرمانی بە چەکدارانی نوسرە دا نەچنە نێو داعش و چاوەڕێی فەتوای زەواهیری بن، بۆ ئەوەی بزانن کێ دەبێت سەرکردایەتی "جیهاد" لە سووریا بکات، بەڵام ڕاگەیاندنەکەی جۆلانی درەنگ کەوتبوو.

زۆربەی فەرماندە و چەکدارانی نوسرە لە سووریا گوێیان بە فەرمانەکەی جۆلانی نەدا. چەند هەفتەیەک دواتر ئەبوو ئەحمەد سەردانی حەلەبی کرد و بینیبووی 90%ی چەکدارانی نوسرە چوونەتە نێو داعش. ئەبوو ئەحمەد باش بیری ماوە کاتێک چەکدارەکانی داعش بە چەکدارانی نوسرەیان دەگوت دەبێت شوێن و بارەگاکان جێبهێڵن، چونکە ئەوان سەر بە "دەوڵە"ن و زۆرینە پێکدەهێنن.

لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا، داعش دەستی بەسەر هەموو بارەگا و کۆگاکانی نوسرە لە باکووری سووریادا گرت. ئەوەی سەیرە ئەوەیە لەو قۆناغەدا ئەلقاعیدە دەبووایە جەنگی مان و نەمانی خۆی بکات. لەو ساڵەوە قۆناغێکی نوێ دەستی پێکرد، کە قۆناغی داعش و لەتبوونی گرووپە جیهادییەکان بەسەر دوو بەرەی ناکۆکدا بوو.

### ئاشکرابوونی درۆکەی بەغدادی

مانگێک دوای کۆبوونەوە پێنج ڕۆژییەکەی کەفر حەمرا، گرووپێک بە ناوی "لیژنەی خوراسان" و بەنوێنەرایەتی زەواهیری هاتبوونە سووریا، لە نێویاندا کەسی وەکوو موحسین ئەلفەزڵیش هەبوو کە ساڵی پار لە هێرشێکی ئاسمانیی ئەمریکادا کوژرا. ئەلفەزڵ بەرەچەڵەک کوەیتی بوو، یەکێک بوو لەوانەی پەیوەندیی نزیکی بە هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەرەوە هەبووە، بەر لە کوژرانیشی، حکومەتی ئەمریکا حەوت ملیۆن دۆلاری وەکوو خەڵات دانابوو بۆ زانیارییەک کە دۆزینەوەی ئەلفەزڵی لێبکەوێتەوە.



لیژنەکە دوو ئەرکی سەرەکییان هەبوو کە هەردووکیان سیاسی بوون. لەلایەکەوە دەبووایە هەڵسەنگاندنێکی ڕەوشەکە بکەن و بزانن دەسەڵاتی بەغدادی لە سووریا چەندە فراوان بووە و ئەمەش وەکوو ڕاپۆرتێک بۆ زەواهیری بنێرنەوە. ئەرکی دووەمیشیان ئەوە بوو لەگەڵ سەرکردەکانی پێشووی نوسرە قسە بکەن و پێیان ڕابگەیەنن زەواهیری هیچکات بەغدادی ڕانەسپاردووە بۆ ئەوەی لە عێراقەوە بچێتە سووریا، یان فەرماندەکانی نوسرە بەیعەت بە بەغدادی و داعش بدەن.

بە گوتەی ئەبوو ئەحمەد، شەش کەس لە لیژنەکە سەردانی کەفر حەمرایان کردبوو، هەر شەش کەسەکەش ساڵانێکی زۆر پەیوەندی نزیکیان لەگەڵ ئوسامە بن لادن، سەرکردەی پێشووی قاعیدە و زەواهیریدا هەبووە. ئەبوو ئەحمەد لەگەڵ چوار کەسیان دانیشتنی هەبووە، بەڵام لە هەموویان زیاتر لەگەڵ ئەبوو ئوسامە ئەلشەهابیی بەڕەچەڵەک سووری نزیک بووە.

بە گوێرەی قسەکانی ئەبوو ئەحمەد، قەناعەت پێهێنانەوەی سەرکردەکانی پێشووی نوسرە کارێکی ئاسان نەبووە. لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی نێوان شەهابی و فەرماندەیەکی پێشووی نوسرەدا شەهابی بە فەرماندەکەی گوتووە "زۆر ڕوونە کە بەغدادی تەنیا لەبەر ئەوە داعشی دروستکردووە، چونکە هەستی کردووە نوسرە زۆر بەهێز بووە، دەیزانی جۆلانی دەبێت بە سەرکردەیەکی زۆر گەورە". فەرماندەکەی پێشووی نوسرە ئامادە نەبووە دەمودەست واز لە داعش بهێنێت و داوای کاتی زیاتری کردووە.

هەتا ئایاری 2013ش نوسرە و داعش پەیوەندییەکی ئاشتیانەیان هەبوو. بەڵام لەگەڵ شکانەوەی باڵانسی دەسەڵات بەلای داعشدا، پەیوەندییەکان گۆڕان بۆ شەڕ و پێکدادان. لایەنگرانی نوسرە داعشیان بەوە تۆمەتبار دەکرد کە دووبەرەکی خستووەتە نێو جیهادییەکان، لایەنگرانی داعشیش نوسرەیان بەوە تۆمەتبار دەکرد کە نەرم و نیانە. ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارانی هەردوو لا چەکدارانی لایەنەکەی دیکەیان بە موسڵمانیش نەدەزانی.

لەو کاتەدا "لیژنەی خوراسان" ڕاپۆرتەکەی خۆیان بۆ زەواهیری ناردبوو، لەگەڵ وەرگرتنی ڕاپۆرتەکەشدا زەواهیری لە 23ی ئایاری 2013 پەیامێکی نووسراوی بڵاوکردەوە کە تێیدا لایەنگری لە چەکدارانی نوسرە کردبوو، هاوکات داوای لە چەکدارانی داعشیش کردبوو بگەڕێنەوە بۆ عێراق. لە بەشێک لە پەیامەکەی زەواهیریدا هاتبوو "بەغدادی هەڵە بوو، کاتێک بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت یان ڕاوێژ و تەنانەت بێ ئاگادارکردنەوەی ئێمە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شامی ڕاگەیاند".

پەیامەکەی زەواهیری دەریخست بەغدادی بەناوی زەواهیرییەوە قسەی ناڕاستی کردووە و پلانی فراوانکردنەوەی چالاکییەکانیان بۆ سووریا و هەڵوەشاندنەوەی نوسرە و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسلامی بەرنامەی خۆی بووە. ئەمە سەرەتای دابەشبوونی چەکدارانی گرووپە جیهادییەکانی جیهان بوو. لە دوای پەیامەکەی زەواهیری، 30%ی ئەو چەکدارانەی لە نوسرەوە چووبوونە نێو داعش، جارێکی دیکە گەڕانەوە نێو نوسرە.

سەرچاوە: Foreign Policy

بەپێی راپرسییەکی رووداو:

# 86%ی پزیشکانی کوردستان حەز دەکەن بڕۆنە دەرەوەی وڵات

## پزیشکێک: ئەگەر بچمە دەرەوە بە سەردانیش ناگەڕێمەوە کوردستان

سەروەر سالار
رووداو- سلێمانی

سەتان پزیشک واز لە پیشەکەیان دەهێنن و دەچنە دەرەوەی وڵات، ئەوانەیش کە ماون زۆربەیان بیری لێ دەکەنەوە کە کوردستان بەجێبهێڵن.

پزیشکێک دەردەدڵی خۆی بۆ (رووداو) کرد و گوتی نەک هەر بیری لەوە کردووەتەوە کە وڵات جێبهێڵێت، بەڵکو پلانیشی بۆ داناوە و جێبەجێی دەکات "پێشتر پلان و بەرنامەم بۆ کارەکەم هەبوو، بەڵام ئەم قەیرانە هەموو شتی لەگۆڕ نا" دکتۆر سۆران محەممەد غەریب، پزیشکی جومگە و رۆماتیزم، وایگوت.

بەر لە دوو ساڵ، واتە پێش ئەوەی هەرێمی کوردستان بەرەورووی قەیرانی دارایی ببێتەوە، داهاتی مانگانەی دکتۆر سۆران سێ ملیۆن دینار بووە، بەڵام ئێستا لە 500 هەزار دینار تێپەڕ ناکات.

سۆران دەڵێت: "ژیان بەو بڕە پارە کەمە بەڕێ ناکرێت. برادەرم هەیە لە سوید پێمدەڵێ وەرە بۆ ئێرە مانگانە لانیکەم 6000 دۆلارت هەیە، ئیدی بۆ نەچم بۆ دەرەوە".

بەڵام پزیشکی دیکەش هەن سەرەڕای قەیرانی دارایی و سەختیی ژیان، ئامادەنین کوردستان بەجێبهێڵن. دکتۆر هێمن مەحموود کە هەمان پسپۆڕیی د.سۆرانی هەیە، ئامادە نییە بەهۆی دواکەوتن و کەمیی مووچەکەی کوردستان بەجێبهێڵێ "ئێرە وڵاتی منە، لێرە لەدایکبووم و لێرەش دەژیم، ئەم وڵاتە پێویستی بە خەڵکی وەکو منە، تاوەکو ژیان تێیدا باشتربێ". دکتۆر هێمن دەڵێ پێشتر دوو جار چووەتە ئەڵمانیا و دەیتوانی لەوێ بمێنێتەوە و نەگەڕێتەوە، بەڵام کوردستانی هەڵبژاردووە و گەڕاوەتەوە "من بە حەزی خۆم لە کوردستان دەرناچم، مەگەر دەرمبکەن ئەم کوردستانە بەجێبهێڵم". هێمن دەڵێ پاڵنەری مانەوەی ئەو لە کوردستان هەستی نەتەوەییە.

بەپێی راپرسییەکی رووداو لەنێو پزیشکانی ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا، ژمارەی ئەوانەی وەکوو دکتۆر هێمن بیر دەکەنەوە، زۆر کەمن.

یەکێک لە پزیشکەکان قەیرانی دارایی هێندە بێزاری کردووە لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی "ئەگەر دەرفەت گونجا و رۆیشتم، بە سەردانەوەش ناگەڕێمەوە کوردستان".

لە کۆی 156 پزیشکی کوردستان کە (رووداو) لە رێگەی ئۆنلاینەوە پرسیاری لێکردوون دەربارەی ئەوەی ئایا بیریان لەوە کرووەتەوە کوردستان بەجێبهێڵن؟ 135 پزیشک (86.5%ی بەشداربووان) دەڵێن بەڵێ بیرمان لێکردووەتەوە، تەنیا (21) پزیشک (13.5%ی بەشداربووان)ی راپرسییەکە دەڵێن نەخێر بیرمان لەوە نەکردووەتەوە بچینە دەرەوە.

پزیشکێکی دیکەش کە بە (نەخێر) دەنگی داوە، دەڵێ "کە بە نەخێر دەنگم داوە واتای ئەوە نییە حەز دەکەم لە کوردستان بمێنمەوە، بەڵکو دۆخی تایبەتیم وەهایە، ناچارم بمێنمەوە و بیر لە رۆیشتن نەکەمەوە، ئەگەر نا ئارەزووم لێیە بڕۆم".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

### ئامارەکان چی دەڵێن؟

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، لە ساڵی 2014ەوە کە قەیرانی دارایی سەری هەڵدا، 1528 فەرمانبەری وەزارەتی تەندروستی دەستیان لە کارەکانیان هەڵگرتووە. هەروەها 955 فەرمانبەری هەمان وەزارەت مۆڵەتی بێ مووچەیان وەرگرتووە و 867 فەرمانبەریش کۆتایی بە راژەکانیان هێنراوە، ژمارەیەکی بەرچاو لەو فەرمانبەرانە لە پزیشکانن.

لەبارەی ئامارێکی وردی پزیشکان کە کۆچیان کردووە، (رووداو) پەیوەندی بە هەریەکە لە شوان قادر، بەرپرسی لقی هەولێری سەندیکای پزیشکانی کوردستان و د.تەها مەحوی، بەرپرسی لقی سلێمانی هەمان سەندیکاوە کرد، بەڵام ئەوان گوتیان ئاسان نییە ئەو ئامارە دەستبکەوێ، چونکە ژمارەیەکی بەرچاوی پزیشکان کە کۆچ دەکەن سەندیکا ئاگادار ناکەنەوە، کاتێک ناسنامەکەیان بەسەردەچێ و نوێی ناکەنەوە، سەندیکا وا بیردەکاتەوە کە لە کوردستان نەمابن.

### وەزارەت چی کردووە؟

پلانی کورتخایەنی وەزارەتی تەندروستی ئەوەیە جێگەی ئەو پزیشکانە پڕبکاتەوە کە کوردستان بەجێدەهێڵن، بەڵام نایشارنەوە کە تاوەکو سەر ناتوانن بەو جۆرە بەردەوام بن "ئەگەر بەمجۆرە پزیشکان کوردستان بەجێبهێڵن و دامەزراندنیش نەبێ، کاریگەریی خراپی لەسەر کوالیتی خزمەتە تەندروستییەکان دەبێت" د.خالس قادر، گوتەبێژ و بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی تەندروستی، وای بە (رووداو) گوت.

بە گوتەی د.خالس، وەزارەتەکەی ئەوان لە هەوڵی چڕوپڕدایە بۆ ئەوەی هانی حکومەت بدات گوزەرانی پزیشکان باش بکات و وایان لێبکات بیر لە رۆیشتن نەکەنەوە "وەزیر هەوڵی زۆر دەدات و چاوەڕوانی ئەنجامەکانی ئەو هەوڵانەین".

# هەوکردنی گوێی نێوەڕاست لە منداڵدا



د.شادمان حەمەئەمین*

هەوکردنی کتوپری گوێی نێوەڕاست لە منداڵدا، بریتییە لە هەوکردن و دروستبوونی کێم لە بۆشایی نێوەڕاستی گوێدا. زۆرتر لە تەمەنی 6-15 مانگی روودەدات. زۆربەی منداڵان ئەگەر بۆ جارێکیش بێت تووش دەبن.

هۆکارەکەی دەگونجێ بەکتریای (ستیرپتۆکۆکەس، هیمۆفیلەس و مۆراکسیلا) بێت، یان ڤایرۆسی (راینۆ، ئینفلەوەنزا، ر.س.ڤ) و.. هتد بێت.

بەکتریاکان دەچنە گوێی نێوەڕاست کاتێک جۆگەی ئۆستاکی بگیرێت جا بە هەر هۆیەک بێت وەکو (هەوکردنی رێڕەوی هەناسە، گۆشتی زیادەی پشتی لووت). جۆگەی ئۆستاکی: جۆگەیەکە بۆشایی قورگ دەگەیێنێت بە بۆشایی گوێی نێوەڕاست.

## ئەوانەی زۆرتر تووش دەبن

- منداڵی بچووک.
- ئەوانەی شیری قوتوو دەخۆن (بەهۆی مەمەی شیر)
- دایک، باوک، خوشک و برا هەوکردنی گوێیان هەبێت.
- بوونی جگەرەکێش لەماڵدا (جاران منداڵ هەوکردنی گوێی هەبووایە دووکەڵی جگەرەیان دەکردە گوێی!).
- زوو زوو منداڵ بردن بۆ نەخۆشخانە!
- ئەوانەی لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتییان لە خوارەوەیە..
- ئەوانەی نەخۆشیی دیکەیان هەیە: داون، دانەخرانی مەڵاشوو، ئەوانەی بەرگریی لەشیان کەمە. ئەوانەی گۆشتی زیادەی پشتەلووتیان هەیە (ئەدینۆید) و... هتد.

## نیشانەکانی:

- دەگونجێ منداڵەکە تەنیا تای هەبێت، یان نیشانەکانی پەتای هەڵامەتی هەبێت (تا، ئاوی لووت و قورگ ئێشە) هەر کاتێک پەتا درێژەی کێشا یان تای بەرزی لەگەڵ بوو، دەگونجێت هەوکردنی گوێ بێت.
- لەمنداڵی خوار یەک ساڵی: تا، هەراسانبوون و شیرنەخوادن.
- منداڵی گەورەتر: تا، ئازاری گوێ.
- دەردانی کێم لە گوێ، ئەویش دوای کونبوونی پەردەی گوێ.
- ئەگەر هەوکردنەکە زۆر دووبارە و درێژخایەن بێت: لەدەستدانی بیستن، بە ئەستەم فێری قسەکردن دەبێت، تێکچوونی هاوسەنگیی لەش..
- پشکنینی گوێ بە ئۆتۆسکۆپ: سووربوونەوە و دەرپەڕینی پەردەی گوێ (کاتی ئاسایی: رەنگی خۆڵەمیشیی کاڵە، دەگونجێ پەمەیی، سپی یان زەرد بێت)، کۆبوونەوەی کێم لە پشتی پەردە. کەمبوونی جووڵانەوەی پەردەکە.. ناتوانرێت ئێسکەکانی گوێی نێوەڕاست ببینرێن، نەمانی بریقە لەسەر پەردەکە. بینینی کونبوونی پەردەکە و ئەو کێمەی لێوەی دێت (ئەگەر پەردەکە کون بووبێت).

## چارەسەر:

چارەسەری نەخۆشییەکە بە گشتی لەلایەن پزیشکەوە دەستنیشان دەکرێ، کە بریتین لە:

- دژە بەکتریا: ئەمۆکسیل (٤٠ ملگم بۆ هەر کیلۆیەکی کێش) رۆژانە دووجار بۆ ماوەی 5-7 رۆژ، یان ئەمۆکسیکلاڤ (40 ملگم ئەمۆکسیلەکەی بۆ هەرکیلۆیەک) رۆژی دووجار بۆ ماوەی 5 — 7 رۆژ. سفتریاکسۆن (50 ملگم بۆ هەر کیلۆیەک) رۆژی جارێک بە ماسولکە (سمت) بۆ ماوەی 1-3 رۆژ. سپراکس، ئەزیسرۆمایسین و..هتد.
- دژەتا (ئازارشکێن: پاراسیتامۆڵ یان پرۆفین (12 ملگم بۆ هەرکیلۆیەک) رۆژی سێ جار بۆ ماوەی دوو رۆژ.
- بۆ ئەوانەی وەڵامیان نییە بۆ چارەسەرەکان/ زوو زوو تووش دەبنەوە: پێویستە لەلایەن پزیشکی پسپۆڕی قورگ و لووت و گوێ (ENT) ببینرێن

## ئاڵۆزییەکان و لێکەوتەکانی:

- هەوکردنی درێژخایەنی گوێ.
- کۆلیستیاتۆما: دروستبوونی کیس لە گوێی ناوەوەدا.
- هەوکردنی ئێسکی پشتەگوێ (ماستۆیدایتس): گواستنەوەی هەوکردنەکەیە بۆ خانە و کونە ئێسکییەکان.. ئازاری پشتەگوێ، ئاوسان، سووربوونەوە، نەرمایی گوێ بەرەو خوارەوە/دەرەوە دێت.
- کۆبوونەوەی ئاو لە گوێی نێوەڕاستدا: لە منداڵی خوار دوو ساڵدا زۆرە، چەند هەفتەی پێدەچێت تاوەکو چاک دەبێتەوە..
- لەدەستدانی بیستن (زۆربەی جار کاتییە)
- گواستنەوەی هەوکردنەکە بۆ نێو مێشک.

## خۆپاراستن:

- مەمەی شیر لەنێو دەمی منداڵدا جێنەهێڵدرێت
- جگەرەنەکێشان لە نێو ماڵ.
- ڤاکسینی دژە (نیمۆکۆکەڵ)/ دژە ئینفلەوەنزا بە رێژەیەکی باش، ئەگەری هەوکردن کەم دەکاتەوە لەوانەی زوو زوو تووش دەبن.

*پزیشکی منداڵان

# بۆچی تووشی دڵەکزێ دەبین؟

د.زانا ئەحمەد*

بینیوتانە کە دەڕشێنەوە چ تامێکی تیژ و ناخۆش لەنێو دەمتان دروست دەبێ! ئەوە بەهۆی گەیشتنی ترشی گەدەیە بۆ نێو دەم. ئەو ماددەیە ئەوەندە بەهێزە، تەنیا گەدە بەرگەی دەگرێ. کاتێک سەری گەدە کە لە حاڵەتی ئاساییدا بەتەواوی داخراوە و تەنیا بە هێزی پارووە خواردن و قومە ئاو دەکرێتەوە، بە هەر هۆیەک بێ شل دەبێتەوە، ئەو ترشییەی نێو گەدە دەربازی بۆڕیی خواردن (سورێنچک) دەبێت. نیشانەی ئەو حاڵەتە ئەوەیە کە کەسەکە هەست بە سووتانەوە دەکات لەسەر گەدە. هەندێجاریش بەشێوەی جیا دەردەکەوێت، وەک زیادبوونی لیک. زۆربەمان تووشی حاڵەتی وا بووین کە لە خەو هەڵساوین بینیومانە سەر سەرینەکانمان لیکاوی کردووە، بێ ئەوەی بزانین ئەمە بەهۆی گەڕانەوەی ترشی گەدەیە بۆ نێو سورێنچک!

جا کاتێک ئەم هەڵگەڕانەوەی ترشییە زۆر درێژە دەکێشێ، رووپۆشی نێوەوەی سورێنچک دەگۆڕێ بۆ جۆرێکی دیکە لە شانە کە بەرگەی ئەو ترشییە بگرێ. ئەم حاڵەتە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئازار، بەڵام دەبێتە هۆی زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی سوورێنچک 50-100 ئەوەندەی جاران!

جا لەبەر ئەوەی ئەم حاڵەتە ئەوەندە باوە کە 20%ی خەڵکی گیرۆدەن و ئەوەندەش مەترسیی لەسەر تەندروستی دروست دەکات، دەبێت خەمی لێ بخورێت. ئەمەش بە گۆڕینی شێوازی ژیان و خواردن دەبێ نەک داو و دەرمان کە زۆرتر نیشانەکانی ناهێڵن، نەک ئەوەی رێگریی لێبکەن یان بە یەکجاری چارەی بکەن.

گرنگترین ئەو گۆڕانانەی پێویستە لە شێوازی ژیاندا بکرێن بریتین لە:

**1- کێش دابەزاندن:** قەڵەوی دەبێتە هۆی زیادکردنی گوشاری نێو سک و گوشینی گەدە. گەدەش ناچار بەدوای هەر دەرچەیەکدا دەگەڕێ تا ئەوەی تێیدایە هەڵیداتە دەرێ. بۆیە دەبێ ئەو کەسانەی کێشیان زۆرە، کەمی بکەنەوە.

**2- خواردنی چەور و سوور کراوە:** هەرسکردنی خواردنی چەور و سوورکراوە، کاتیان دەوێ و زیاتر دەمێننەوە لە گەدەدا، بۆیە دەبێ کەمبکرێنەوە.

**3- کاربۆهیدرات:** وەک نان و شەکر... هتد، دەبێ کەم بخورێن.

**4- ئاو:** تاوەکو دەکرێ زۆر بخورێتەوە، رۆژانە 4 لیتر (16 پەرداخ) ئاو بخۆنەوە.

**5- ژەمی گەورە:** زۆر خواردن گەدە پڕ دەکات و وا دەکات لێی بڕژێ.

**6- نەخەوتن و پاڵ نەکەوتن دوای نان خواردن:** گەدە پێویستی بە نزیکەی 4 کاژێر هەیە بۆ بەتاڵبوونەوە لە خواردن. بۆیە ئەگەر بکرێ، لەو ماوەیەدا پاڵ نەدرێتەوە، یان هەر هیچ نەبێ 2-3 کاژێرێک چاوەڕێ بکرێ تا بەشێکی زۆری شۆڕ دەبێتەوە. ئینجا لە کاتی خەوتندا لای سەرەوەی لەش هەمووی بەرز بکرێتەوە نەک هەر سەر، چونکە ئەگەر هەر سەرینی بەرز دابنرێ، گوشاری سەر گەدە زیاتر دەکرێ.

7- چا و زیاتریش قاوە سەری گەدە شل دەکەنەوە، بۆیە دەبێ کەم بخورێنەوە یان هەر هیچ نەبێ دوو کاژێرێک دوای خواردن بخورێنەوە، تاوەکو گەدە کەمێک بەتاڵ ببێتەوە، ئەمە یەکێکە لە نهێنییەکانی ئەوەی دەگوترێ "باش نییە دوای نان خواردن، یەکسەر چا بخورێتەوە". خواردنەوە گازییەکانیش هەمان کاریگەرییان لەسەر گەدە هەیە.


8- لەبەر نەکردنی پۆشاکی تەسک: چونکە ئەو پۆشاکانە سک دەگوشن و گوشاری سەر گەدە زیاد دەکەن.

9- میوە مزرەکان، شوکولاتە، پونگ (نەعناع)، پیاز، مەعجوونی تەماتە (کێچاپ) لەو خواردنانەن کە سەری گەدە شل دەکەنەوە، بۆیە دەبێ کەم بخورێن.

**10- بنێشت:** دەبێتە هۆی زیادبوونی لیک و بەمەش داشۆرینی ئەو ترشییە لەنێو سوورێنچک، بۆیە جوینی دڵەکزێ کەم دەکاتەوە، بە مەرجێک ئەوانە نەبن کە پونگیان تێدایە.

**11- جگەرە:** زۆر کارایە لە شلکردنەوەی سەری گەدە، بۆیە نابێ بکێشرێت.

***قوتابیی بۆرد لە هەناو و شارەزا لە دروستی خۆراک**





# جەنگۆ و مەنگۆ لە بەریتانیا باشترینە

**میوا سەلاح / ڕووداو- هەولێر**

کورتە فیلمێکی ئەنیمەیشنی کوردی بەناوی (جەنگۆ و مەنگۆ) لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی پۆرتسمۆس نمایش کرا و خەڵاتی باشترین فیلمی ئەنیمەیشنی فێستیڤاڵەکەی پێدرا. رافد جەڕاح دەرهێنەری فیلمەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەناوی کوردستانەوە بەشداریمان لە فێستیڤاڵی پۆرتسمۆسی سینەمایی لە بەریتانیا کرد و توانیمان خەڵاتی باشترین فیلمی ئەنیمەیشن وەربگرین، ئەمەش دەستکەوتێکی مەزنە بۆ مێژووی سینەمای کوردی".

ئەم کورتە فیلمە لەلایەن رافد جەڕاح، شێوەکار و دەرهێنەری کورد کاری نووسین، دەرهێنان، وێنەکێشانی دیجیتاڵی، ئەنیمەیشن و دیزاینی دەنگی بۆ کراوە. جەنگۆ و مەنگۆ لە شەش خولەک و سیی چرکە پێکهاتووە و لە ئەڵمانیا بەرهەمهێنراوە، لە فێستیڤاڵەکەی بەریتانیا بە ناوی فیلمێکی ئەڵمانی- کوردی بەشداریی کرد.



# لە سامان شەوکەت گەڕێن

**دلێر تێلی**
**ڕووداو- ئەڵمانیا**

سامان شەوکەت، هونەرمەندی گۆرانیبێژ، لەم هەفتەیەدا نوێترین بەرهەمی خۆی بڵاودەکاتەوە و بۆ یەکەمجار ئەم بەرهەمە لەڕێگەی (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ەوە بڵاودەکرێتەوە.

سامان شەوکەت، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەفتەی داهاتوو ڤیدیۆکلیپێکی نوێ بەناوی "لێمگەڕێ" بڵاودەکەمەوە، یەکەمجاریش لەڕێگەی (ڕووداو)ەوە بڵاودەکرێتەوە".

گۆرانی "لێمگەڕێ" لە تێکست و ئاوازی گۆرانیبێژ خۆیەتی. یوسف تۆماکین، هونەرمەندی تورک، کاری دابەشکردنی میوزیکی بۆ کردووە. بەرهەمی کۆمپانیایەکی تورکی- ئەڵمانییە بەناوی "توماکین میوزیک پرۆداکشن".

وەک سامان شەوکەت گوتی، ئەم بەرهەمە لە کرواتیا وێنەگیراوە و پاش بڵاوکردنەوەی، وا بەنیازە لە سەردانی داهاتوویدا بۆ کوردستان، چەند کۆنسێرتێک ساز بکات.



# لە نەمسا پێشمەرگە بەرناکەوێت

**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

گرووپی میوزیی سکوردیا بە سەرپەرشتی رزگار خۆشناو، هونەرمەندی کورد و دیلان خۆشناو گۆرانیبێژی کورد، کۆنسێرتێکی گەورەیان بەبۆنەی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە شاری گراتس ساز کرد کە پێش دوو مانگ سەرجەم بلیتەکانی کۆنسێرتەکە فرۆشرابوو.

رزگار خۆشناو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەبۆنەی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بەسەر داعشدا، کۆنسێرتێکی گۆرانی و میوزیکمان لە شاری گراتس لە نەمسا ساز کرد. لە کۆنسێرتەکەدا سروودێکیمان لەسەر پێشمەرگە و چەند گۆرانییەکمان بە سێ زمانی جیاواز پێشکەش کرد".

رزگار خۆشناو گوتیشی "من و دیلان خۆشناو بە جلی کوردییەوە هاتینە سەر تەختی شانۆ و گۆرانیمان گوت، ئەمەش بووە جێی سەرنجی ئامادەبووانی کۆنسێرتەکە کە زۆربەیان نەمسایی بوون".

گرووپی میوزیکی سکوردیا پێکهاتووە لە نزیکەی 15 ژەنیاری پرۆفێشناڵ، کە خەڵکی وڵاتی جیاوازی تێدایە وەک هەرێمی کوردستان، نەمسا، ئەڵمانیا، ئەمەریکا، هۆڵەندا، فەرەنسا، ئیتالیا، ئەرمینیا، مۆلداڤیا و بەڕازیل.



# زەهاوی بەشداری لە فێستیڤاڵی زوڕنادا دەکات

**دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەندی میوزیکژەن هەژار زەهاوی مانگی داهاتوو دەچێتە تورکیا بۆ بەشداریکردن لە دووەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی زوڕنا کە لەو وڵاتە بەڕێوەدەچێت.

هەژار زەهاوی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە وەک هونەرمەندێکی کورد بۆ بەشداریکردن لەو فێستیڤاڵە بانگهێشت کراوە و فێستیڤاڵەکەش ڕۆژانی 6-8ی مانگی داهاتوو بەڕێوەدەچێ.

زەهاوی گوتیشی "ژمارەیەک هونەرمەندی وڵاتانی دونیا بەتایبەتی وڵاتانی ڕۆژهەڵات لەو فێستیڤاڵەدا بەشداری دەکەن"، زەهاوی کە پێشکەشکاری بەرنامەی ئاوازی جیهانە لە کەناڵی ڕووداو، پێیوایە بەشداریکردنیان لەو فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییانە بۆ ناساندنی میوزیکی کوردی، گرنگیی زۆری هەیە.



# ڕاپێکی دانیمارکی بۆ پێشمەرگە


**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

گەنجێکی کوردی دانیشتووی دانیمارک، ڕاپێک بە زمانی دانیمارکی بۆ پێشمەرگە تۆمار دەکات.

شالاو کاکە بە (ڕووداو)ی گوت "بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم گۆرانییەک بەشێوازی ڕاپ و بە زمانی دانیمارکی پێشکەش بە هێزی پێشمەرگە بکەم. بۆ ئەم مەبەستە گەڕامەوە کوردستان و لە سەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕ لەگەڵ داعش گۆرانییەکەمان تۆمار کرد".

ئەو گەنجە کە 16 ساڵە لە دانیمارک دەژی، دەڵێت "بەلامەوە گرنگ بوو بە زمانی دانیمارکی ئەو گۆرانییە بڵێم، تاوەکو ئەوانیش ئاشنای نەبەردییەکانی پێشمەرگە بن کە بەرامبەر دڕندەترین دوژمنی مرۆڤایەتی وەستاونەتەوە".

ئەم گۆرانییە لە تێکست و ئاوازی شالاو خۆیەتی و لە دەرهێنان و وێنەگرتنی هاوکار فەرهاد و بەرهەمهێنانی میران دزەییە.



# ڕووداو "لاوی کوردستانی"ی دۆتمیر بڵاودەکاتەوە

**دلێر تێلی**
**ڕووداو- سوید**

دۆتمیر نازێ، خانمە گۆرانیبێژی کورد، نوێترین ڤیدیۆکلیپی خۆی لەم هەفتەیەدا لە ڕێگەی (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ەوە بڵاودەکاتەوە.

دۆتمیر نازێ، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، نوێترین ڤیدیۆکلیپی بەناوی "لاوێ کوردستانێ"یە و لەم هەفتەیەدا بۆ یەکەمجار لەڕێگەی (ڕووداو)ەوە بڵاو دەکرێتەوە. ئەم بەرهەمە لە تێکستی شاعیر ئەدیب چەلکییە و ئاوازی فۆلکلۆری کوردییە و لە تورکیا تۆمارکراوە.

ئەم بەرهەمەی دۆتمیر دەبێتە چوارەم ڤیدیۆکلیپی، کاری وێنەگرتنی کلیپەکە لە شاری بۆرلانگ لە سوید کراوە و گرووپی هەڵپەڕکێی دالکورد بە چەند نمایشێک تێیدا بەشدارن.

# بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

## کاوڕ

لە هەردوو لایەنی کار و تەندروستی پارێزراو دەبیت، کێشەیەک بەهێمنی چارەسەر دەکەیت و بەرامبەرەکەت قایل دەبێت. لە کارێکدا ئەنجامێکی خێرا بەدەست دەهێنی، لەڕووی داراییەوە دەبووژێیتەوە.

## گا

بیرۆکەیەک سەرقاڵی کردوویت، دەتەوێت گۆڕانێک لە ژیانتدا بکەیت. گومان لە خۆشەویستەکەت مەکە. کاتێکی باشە بۆ چڕکردنەوەی هەوڵەکانت لەسەر لایەنی دارایی. کار لەگەڵ کەسێک دەکەیت کە لە یەکتر تێدەگەن.

## دووانە

کارەکانت زۆر دەبن و سەرقاڵی ئەنجامدانیان دەبیت، بۆ گرێبەستێکی کار پێویستە کورتە سەفەرێک بکەیت. ئەم ماوەیە لە تەنیایی خۆت بە دوور بگرە و تێکەڵاویی زیاد بکە. خەڵک حەز دەکەن لێت نزیک ببنەوە.

## قرژاڵ

هەر گرفتێک کە لە کاردا دێتە پێش بەهێمنی چارەسەری بکە. گرنگی بە باری تەندروستیت بدە. کەسایەتییەکی بەتوانات هەیە و هەوڵ بۆ هەر شتێک بدەی بەدەستی دەهێنی. پێگەی کۆمەڵایەتیت بەهێز دەبێت.

## شێر

لەگەڵ کەسێک ڕێککەوتنێک دەکەیت بۆ ئەنجامدانی کارێکی دارایی. گرنگی بە کەشخەیی بدە هەتا سەرنجڕاکێش دەربکەویت، بە پێچەوانەی خەڵکەوە هەتا زیاتر هەوڵ بدەی ئاسوودەتر دەبیت، بەڵام خەڵک ماندوو دەبن.

## فەریک

دەستبەرداری خۆپەرستی ببە، چەند پێویستت بە گرنگیدان بە نزیکەکانت هەیە، ئەوانیش هێندە پێویستیان بە هاوکارییە. خەمبار مەبە، داهاتووی کارەکەت لەسەر لێوارێکە بەهەر لایەکدا بکەوێ ئەنجامەکەی دڵخۆشت دەکات.

## تەرازوو

مامەڵەیەکی گونجاو لەگەڵ خەڵک بکە، گرنگی بە ڕووکەش و پۆشاکت بدە، خۆت سەرزەنشت مەکە بۆ شکستەکانی ڕابردوو، مەهێڵە هەستی نائومێدی بەسەرتدا زاڵ ببێ، ماوەیەکی باشی بەختەوەری بەڕێوەیە.

## دووپشک

بەهۆی سەرقاڵی و ماندووبوونەوە ڕەفتارەکانت لەگەڵ خێزان کەمێک بێزارکەرن، ڕەنگە هەستی پێ نەکەیت، بەڵام وا باشە خۆت هێور بکەیتەوە. ئەگەر بەنیازی کارکردنیت لە بابەتێکی نوێدا فرسەتێکی باش دەڕەخسێت.

## کەوان

بەهۆی نزیکبوونەوەی بۆچوونت لەگەڵ هاوڕێکانت هەندێک لە کێشە سەرەکیەکان چارەسەر دەبن. ئەم هەفتەیە بۆ ئەڤینداری کاتێکی پڕ بەختەوەری دەبێت و دەتوانیت سەرنجی بەرامبەرەکەت بە خێرایی رابکێشیت.

## گیسک

ئەگەر بۆ کار دەگەڕێی، کارێکی کاتییت بۆ پێشنیاز دەکرێت کە خۆشحاڵت دەکات. هەوڵ بدە کێشەکەت لەگەڵ خۆشەویستەکەت چارەسەر بکەیت. لە دروستبوونی بەربەست مەترسە بە دانایی چارەسەری بۆ دەبینیتەوە.


## سەتڵ

ماوەیەکی باشە هەموو ئەرکەکانت بە ئاسانی جێبەجێ دەکەیت. بەهۆی زۆر بیرکردنەوە مێشکت ئاڵۆز بووە و توانای چارەسەرت نەماوە، ئەگەر پشوویەکی باش نەدەیت ناتوانی هیچ دەرگایەکی نوێ بکەیتەوە.

## نەهەنگ

هەوڵەکانت زیاد بکە و دڵنیابە کە دەتوانی بەربەستەکان بشکێنی، بیرکردنەوەت لە بابەتێکدا دەگاتە خاڵی کۆتایی و پاشان دەست دەکەیت بە جێبەجێکردن. کارەکەت بەباشی بکە و پشتگوێی مەخە.

# شاعیرێک لەنێو شیعرە ونبووەکانیدا





کامەران سوبحان

## گەڕان بەنێو شیعر و غەزەلدا

پاش سێ کوچکەی شیعری بابان (نالی، سالم و کوردی) و مەحویی مەزن، کورد شاعیرێکی بێ ناز و ونبووی هەیە کە تا بەدوای شیعر و بەیت و غەزەلەکانیدا بڕۆی، دونیای تازە و نهێنی و جیهانبینیی گەورەت لە شیعردا بۆ دەردەکەوێت. ئەوەی مایەی نیگەرانییە لە دونیا فراوانەکەی ئەم شاعیرەدا، بەشی زۆری شیعرەکانی ون بوون و تەنیا کەمێکیان ماونەتەوە، ئەمە جگە لەوەی زۆر جار هەندێ شیعری تری هەڵبەستراو کە پڕن لە گومان و جیاواز لە دونیای شیعرەکانی ئەم شاعیرە، تێکەڵ بە شیعرەکانی کراون و بەناوی ئەوەوە بڵاوکراونەتەوە.

ڕەنگە ساغکردنەوە و پەراوێز نووسین بۆ شیعرە ڕاستەکانی هەوڵ و کۆششی زۆری بوێت، بەڵام من تا ئێستا هیچ هەوڵێکم لەو بوارەدا نەبینیوە کە شایانی باس بێت. تەنها ئەوە نەبێت لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و کوڕەکانی هەوڵێکیان دا بۆ ساغکردنەوەی بەشێک لە شیعرەکانی، دواتریش کاکەی فەلاح بە چاپکردنی دیوانەکەی و پێشەکی و لێکۆڵینەوەیەکی فراوان و هەندێ زانیاری لەسەر دونیای شیعرەکانی، پەنجەرەیەکی بە ڕووی ئەم شاعیرە فەرامۆشکراوە مەزنەی کورددا کردەوە. لەم هەوڵانە بترازێت، تا ئێستا بێدەنگییەکی گەورە لەسەر شیعر و جیهانبینی و خوێندنەوەی شیعرەکانی (مەلا کاکە حەمەی بێلو) ناسراو بە (ناری) هەیە.

کەم شاعیری کلاسیکی کوردی هەیە هێندەی (ناری) شیعری نووسیبێت، باس لەوە دەکرێت زۆر کەسایەتی سەردەمەکەی داوای شیعریان لێ کردبێت و ئەمیش لەسەر زۆر بۆنە و یادی تایبەت شیعر و چوارینە و بەیت و غەزەلی نووسیوە. ئەگەر هەموو شیعرەکانی یان زۆرینەی شیعرەکانی کۆبکرێنەوە، ئێستا دیوانی شیعریی (ناری) لەبری دیوانێکی 150 لاپەڕەیی، ڕەنگە چەند بەرگێک بووایە.

ناریی شاعیر، بەهۆی ڕەوانبێژیی زمان و زانینی زمانی فارسی و عەرەبی و مەلایەتییەوە، ئاستێکی زۆر بەرزی لە زمانی وەسف و وێنەی شیعریدا هەبووە. ئەم ڕەوانبێژییە لە زمان و نووسینی شیعردا تەنیا لای مەحوی و نالی بەدی دەکرێت.

لەو دیوانە شیعرییەشیدا یەک دوو شیعری هەجووشی هەیە، نزیکە لە ڕیتمی شیعریی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، لەبەر ئەوەی هاوسەردەم بوون و حەزی بەو شێوازە هەجووە هەبووە کە لە شیعری شێخ ڕەزادا هەبووە.

ئاستی هونەریی شیعرەکانی ناری، هیچی کەمتر نییە لە مستەفا بەگی کوردی و سالمی ساحێبقڕان، بەڵام بەهۆی فەوتانی زۆرێک لە شیعرەکانی و فەرامۆشکردنی لە ئەدەبی کوردیدا، ڕەنگە وەکو پێویست نەخوێنرابێتەوە.

لە ڕیتمی شیعریدا زۆر کاریگەر بووە بە شاعیرانی پێشووی ئەدەبیاتی فارسی، بەتایبەتیش حافزی شیرازی، چەندین شیعریشی لەسەر پێنج خشتەکی شیعری حافز داناوە، بەڵام تەنیا سێ لەو شیعرە پێنج خشتەکیانەی پارێزراون و لە دیوانەکەیدا بڵاوکراونەتەوە. کە ئەو سێ شیعرەش دەخوێنیتەوە، بە تایبەتی لە دەستپێکی شیعرە پێنج خشتەکییەکەیدا زۆر لە فەزا و دونیای شیعری حافزەوە نزیکەو لە شیعرەکانیشدا دێڕە شیعری حافز و شیعری خۆشی بە فارسی تێکەڵ بە شیعرەکە کردووە:

**مەشهووری عامە ئیمڕۆ کە شۆخی جیلوە ئارا**
**دڵی بردم بە جارێ، مەنفیم ئەکا لە شارا**
**ساچۆن نەکەم لە بۆخۆم شیوەن بەبێ مودارا**
**دل میرود زدستم صاحب دلان خدارا**
**دردا کە راز پنهان خواهد شد اشکارا**

***


**لەداخی تۆیە چاوم، کە بوو بەڕوودی جەیجون**
**بە تەرزی تۆ لە دڵما نەمدی لە ڕویعی مەسکون**
**غروری شەڕ فرۆشی تاکەی ئەکەی بە قانون**
**دە روزە مهر گردون افسانە ایست و افسون**
**نیکی بجای یاران فرصت شمار یارا**

.........................

خەیاڵی شیعر، لە دوو یادەوەریی جیاوازدا

بەدەر لە هەندێ کەشکۆڵ و سەرچاوەی شیعر و غەزەلی شاعیرانی کلاسیکی کوردی، شیعرەکانی (ناری)م لە دوو دیوانی شیعریی جیاوازدا خوێندووەتەوە. یەکەمیان دیوانێکە کە (کاکەی فەلاح) ساغی کردووەتەوە و پێشەکییەکی لەسەر جیهانی شیعریی ناری نووسیوە و لە هەشتاکاندا چاپی کردووە. لەم دیوانەدا نزیکەی 90 شیعری ئەو شاعیرە و چەند پێنج خشتەکییەکی شیعری بڵاوکراونەتەوە. لەگەڵ دوو نامەی شاعیر کە بۆ شێخ مەحموودی حەفید و شێخ بابە عەلی کوڕی شێخ مەحموودی نووسیون.

دووەم دیوانی (ناری) کتێبێکی گەورە و لاپەڕە زەردی کۆنە کە پێش زیاتر لە پەنجا ساڵ




لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لەلایەن (سەیدیان) خاوەنی چاپخانەی مەهاباد چاپکراوە. دیوانەکە کۆمەڵێکی زۆر شیعری تێدایە کە زیاترە لە دیوانەکەی کاکەی فەلاح. بۆیە گومانی ئەوە دەکرێت بەشێکیان شیعری ناری نەبن. تەنانەت شیعری تێدایە پێچەوانەی بیری نیشتمانپەروەری و ئایینیی (ناری) یە.

کاکەی فەلاح، لە پێشەکیی چاپی دیوانەکەی (ناری)دا وەڵامی ئەو دیوانە و ئەو شیعرە وەهمییانە دەداتەوە. بە تایبەتیش ئەو دێڕە شیعرەی بەناوی (ناری) بڵاوکراوەتەوە و دەڵێت:

**با نەمێنێ کورد و دەسبگرن بەیەک**
**بێنە نێو ئێرانی پڕ فەتح و زەفەر**
**خۆ قوربانی ڕەزا شاکەن هەموو**
**پادشایەکە ڕەشید و دادگەر**
**تا شکستی پێ بدات و هەڵبڕێ**
**دوژمنی کوردی هەتا مولکی تەتەر**

جگە لەم نموونەیە، ئەو دیوانە شیعرییەی ناری، شیعری تێدایە کە لە خەیاڵی شیعریی (ناری)یەوە دوورە، چونکە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم شاعیرە ئەوەیە کە زۆر شیعری هەیە لەسەر کەسایەتییەکانی کورد نووسراون. کەچی هەندێ شیعر خراونەتە نێو ئەو دیوانەی (ناری) کە شیعرە بەسەر ڕەزاشای پەهلەوی و چەند کەسایەتییەکی تری ئەو سەردەمە. زمانی وەسفی شیعریی (ناری) زمانێکی دەوڵەمەند بووە، بەڵام هەندێ لەو شیعرانە بە خوێندنەوەیان دەزانیت زۆر دوورن لە شیعری ئەو شاعیرە، دیارە ئەمەش بۆ پەرشوبڵاویی ئەو سەروەتە مەزنەی ئەدەبیات و دەستنووسی کوردی دەگەڕێتەوە لە کۆتایی سەدەی 19 و سەرەتای سەدەی 20 کە بەشێکی زۆری بەرهەمی دەستنووس و مێژووی کورد، لە شاڵاوی داگیرکەراندا سووتێنران و لەناوچوون.

## نامەیەکی دەستنووس بە گوڵاوی وشەی کوردی

لەسەر ڕووپەڕی دوو لاپەڕەی زەردباوی نێو کتێبخانەکەیدا، بە خەتێکی جوان، پاش ڕازاندنەوەی لاپەڕەکە بە وشە و دێڕە شیعر، خۆشەویستیی خۆی بۆ میری کوردان شێخ مەحموودی حەفید دەردەبڕێت و بەم چوارینەی پیاهەڵدان و ستایشکردنە، لە نامەکەدا دەست بە ناردنی سڵاو بۆ مەلیکی دوورخراوە لە زێدی لەدایکبوونی خۆی دەنێرێت و دەڵێت:

**ڕۆح و دڵ قوربانی ناڵی کەوشەکەت**
**سەر بەسەر گەردی حەساری حەوشەکەت**
**دائیما موحتاج و موشتاقم لە بۆ**
**گەنجی یادی خاتری بێ خەوشەکەت**

پاشتر دڵی شاعیر سوکنا نابێت، بەو پێشەکییە شیعرییە، دیسان ناری بۆ مەلیک دەبێژێ: "ئەگەر لەڕێگەی مەرحەمەتەوە حاڵی ئەم پیرەی غوڵامی خۆتان مەنزوور بفەرموون، بە کوردی و بە کورتی ئەمەیە عەرزم":

**بەتیغی میحنەت و دەرد و جەفا جەرگی مەلالەت بوو**
**بەڵێ مەعلومی ئافاتە، مەلا نیوەی مەلالەت بوو**



دوور لە تۆ چاوم بێ بینین ماوە، قوەی بیستنم بۆ ناڵە و گرمەی هەوری بەهاری نەماوە، حەواسم سەراسەر فەوتاوە، دڵم بە ئاگری مەحروومی وەک کەبابی سلێمانی برژاوە، جەرگم لە قازانی سینەدا بە بڵێسەی دووری وەک سڵقی کەرکوکی، هەمیشە چاوەڕێگەی حافزم بۆ یاسین، موحتاجی هاتنی مەلام بۆ تەڵقین، مائیلی شەش گەز چاو و دوو گەز خاکم بۆ تەکین. وەلێ ئەگەر بەشارەتی مژدەی سروور و سەلامەتی زاتی موبارەکتم زوو پێ بگا، کە بۆ من ئەمە مژدەی ئاوی حەیاتە، یەقینم وایە چاوم ببێ بە دووربین و زەڕەبین، لەگەڵ حەزرەتی –خدر– لە حەیاتا مساوی بین...... هتد

ئیتر هەرچی بڵێم زیادەیە، غوڵامی دەرگای خۆتانە.... ناری

ئەم نامەیە کاتێک دەگات بە شێخ مەحموود کە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دوورخراوەتەوە بۆ ناوچەی مەریوان. لەو کاتەدا کۆمەڵێکی زۆر کەسایەتی کورد و شاعیر و نووسەر نامەی پشتیوانی بۆ شێخ دەنێرن، هەموو نامەکان بە فارسی دەبێت، تەنیا ئەم نامەیەی (ناری) بە کوردی نووسراوە. دواتر شێخ مەحموودیش بە (ئەحمەد خواجە) کە نووسەری تایبەتی شێخ دەبێت، دەڵێت وەڵامی هەموو نامەکان بە کوردی بدەرەوە، بەڵام وەڵامی نامەکەی (ناری) بەفارسی بنووسە. کە پاشتر ناری دێت بۆ لای شێخ مەحموود، شێخ پێی دەڵێت: "مامۆستا ئەم ئەحمەدە زۆر بێ گوێیە، من دەڵێم وەڵامی مەلا کاکە حەمەی ناری بە کوردی بدەرەوە، ئەو هەر بە فارسی وەڵامی نامەکەی تۆی داوەتەوە تا تۆ تووڕە بکات". (ناری)یش دەڵێت: "ڕاست دەکەی ئەگەر بە قسەی تۆ نەکات لای تۆ جێی نابێتەوە".

بەدەر لەو نامەیە، تایبەتمەندیی دیار لە شیعری ناری–دا ڕەگەزی پێداهەڵدانە. تەنیا لەم



دیوانەیدا چەندین شیعری بەسەر شێخ مەحموود و شێخانی تەریقەت و مەلا عەزیزی بالیکەدەر و شێخ عوسمانی سیراجەدین و مەلا عەبدوڵڵای مەریوانی و تەنانەت بۆ کوڕانی شێخ مەحموود نووسیوە. بەشی زۆری ئەو شیعرانە بە ئاستێکی بەرزی وشەسازی و ڕەوانبێژی نووسراون.

پرسیاری بەردەوام لە شیعر ئەوەیە، ئایا ناوەڕۆک و بابەت بنەمای شیعر دیاری دەکات، یان ئاستی شیعر و زمان و تەکنیکی شیعری، ئەگەر ئەو تایبەتمەندییە لە شیعرەکانی (ناری) لابەریت بەشێکی زۆری شیعرەکانی نامێنێت، ناری چەند شیعرێکی پێداهەڵدانی بەسەر شێخ مەحموود–دا نووسیوە کە ئەمە چەند دێڕێکە لە یەکێک لەو شیعرانە.

**من بە ئەمری تۆ، لە بۆ تۆ تەحقیقی فەرمانم قەدیم**
**دامە بەر میزانی عەقڵ و عاقیبەت وا تێگەییم**
**مەتڵەبێ دایر بووە ئیسمەن، وەلێ ڕەسمەن نییە**
**نوکتەیە مەخفی لە بنیایە وەکو ئیکسیری سیم**
**موختەسەر پیرانە سەر بە حسم لەگەڵ هێنایە پێش**
**ئەو بە توندی من بەنەرمی، ئەو بە سەختی من سەلیم**
**من وتم پیرانە جێگە و تەکییەگای ئەولیا**
**حەیف بۆ تۆ بێ جێگەی عوشرەت و عەیشی عەزیم**

## شیعر و گومان و پرسیار لە بوون

چ لە دیوانەکەی تایەر بەگی جاف، چ لەم دیوانەی ناری، چەند شیعرێک هەن کە وەک پرسیار و وەڵامن لەنێوان ئەم دوو شاعیرە هاوچەرخەدا، دیارترین ئەو شیعرانەش پرسیار و گومانی تایەر بەگی جافە لە ژیان و بوون، ئەو بە شیعر پرسیار دەکات و مەلا کاکە حەمەی ناری بە شیعر وەڵامی گومانەکانی دەداتەوە. تایەر بەگ دەپرسێ لە ناری:

**ئەگەر خەلقە لە بۆمان ئیختیارێ**
**لەبەر چی یەک بچووک و یەک کەلانە**
**یەکێ بۆ پارە نانێ جان فرۆشە**
**یەکێ حەقی نییە شاهی جیهانە**
**یەکێ سوڵتانی قەسری زەڕ نیگارە**
**یەکێ بێ جێگە و بەبێ خان و مانە**
**یەکێ دایم خەریکی عەیش و نۆشە**
**یەکێ کوژراوی شمشێری دەبانە**
**یەکێ قاروونی دەوڵەت، هەم عینانە**
**یەکێ موحتاجی سککەی یەک قڕانە**

ناری لە وەڵامدا دەڵێت:

**کەسێ عارف بە حوکمی پادشایە!**
**کە مەحرەم بێ بە ڕازی خوسرەوانە!**
**وەلێ مەجبورە فیکرم بۆ جەوابت**
**ئەگەر چی عاجزی دەوری زەمانە!**

****

**کەسێ لادا لە جیلوەی حوسنی عیشقی**
**ئەکێشێ نێشی نەشتەر بولبولانە**
**نیە نەقس و زەلیلی دەستی ڕووسی**
**جەزای زیللەت کە قەسری حۆریانە**
**تەماشاکە لە بۆ تەعلیمی عیرفان**
**فەلاقەی کوڕ ئەکەن، ئەم ڕۆمیانە**
**چە بیمێ بۆ گرۆهی موئمینانە**
**جەهەننەم با لە جۆشا بێ جەهەننەم**
**بە موئمین چی سەقەر، دۆزەخ، جەهەننەم**
**مەقامی ڕوسیان و ڕوو سیانە!**

ئەمە جگە لەوەی لە هەندێ کەشکۆڵی کۆنی کوردیدا باس لەوە دەکرێت تایەر بەگ و ناری پێکەوە چەندین شیعریان نووسیوە، بەڵام ئەوەی تا ئێستا لە هەردوو دیوانی ئەم دوو شاعیرەدا ماوەتەوە، تەنیا غەزەلێکی چەند دێڕییە کە بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

**بە غەمزەی چاوی مەخمووری سیاهی مەستی مەی کردین**
**بە ماچی لێی موستەغنی لە ئەنواعی مەزەی کردین**
**ترازا بەندی سوخمەی ئاڵی گوڵناری بە ئاهی من**
**کەچی دەستی لەسەر دانا، لەسەیری باغی بەی کردین**

لەم شیعرەدا بە کۆ قسە دەکرێ کە ئەمەش بەڵگەی شیعری دووانەیی ئەو دوو شاعیرەیە، وەک بابەت و وێنە و زمانی شیعریی شێوازی هەردوو شاعیرەکەی بەسەرەوە دیارە. جگە لە تایەر بەگ، ناری پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ قانع هەبووە و تەنانەت شیعریان بۆ یەکتر نووسیوە و وەڵام و وەڵامکاریی شیعرییان هەبووە. شیعرەکانی کۆتایی ناری لەسەر ئاستی ساکاربوونەوەی زمان و بابەتی شیعری نزیک بووە لە شیعرەکانی قانع. بەدەر لەم شاعیرانەش، چەندین شاعیری تری کورد سەرسام بوون بە شیعرەکانی ناری، شاعیرێکی وەک (کەمالی عەلی باپیر–کەمالی) شانازی بە کاریگەربوون و لێکچوونی شیعرەکانی خۆی بە شیعری (ناری) دەکات و دەڵێت:

**بەیادی تەبعی شەککەر باری (ناری) توتی تەبعم**
**غەزەلخوانە (کەمالی) بۆیە وا شیرینە ئەشعارم**
**بێ ئەدەب نابم لەلام وایە ئەگەر بێت و بڵێم**
**ئەی (کەمالی) شیعرەکانی من لە شیعری (ناری) ئەکا**

# ئەو شیعرانەی خۆشمدەوێن

(2)

ئەنوەر عەباسی (هەرەس)

ئەمجارەیـان هەڵبژاردنـی شـیعرێک کە خۆشمدەوێ ئاسان نەبوو. لەبەر ئەوەی ئەم شاعیرە کە ئەمڕۆ دەبێ شیعرێکی هەڵبژێرم، زۆر شیعری هەن بۆ من خۆشەویستن. بۆیە هاتم و یەکێک لەو شـیعرانەیم هەڵبژارد کە ماوەیـەک وەکوو کلێشـەیەک لە مێشـکمدا مابـووەوە، کلێشـەیەک لـە شـیعر کـە خۆشـم نـاوێ و تەنانەت ئەو سـەردەمەی کـە هێنـدەک لاوتر بـووم، هەڵوێستیشـم بەرانبـەری نوانـدووە. هاتـم دیسـانەوە ئەو شـیعرەم خوێنـدەوە و دیتـم ئەمجارە چەندە ئـەو شـیعرەم خۆشـدەوێ. وەکوو هاوڕێیەتـی، ئەو هاوڕێیانەی لە دوای شـەڕ و کێشمەکێش دەبنە هاوڕێمان، زۆربەی جار دەبنە خۆشەویستترین هاوڕێ. ئەم شیعرەی "پەشـێو" بۆ من ئاوایە. باسی شیعری" لە دەستم دێ" دەکەم.

**لە دەستم دێ**
**کاتژمێری کامەرانیت بوەستێنم**
**لەدەستم دێ**
**ئەڵقەی پەنجەت پێ فڕێ دەم**
**نامەی بەختت بسوتێنم**
**لە دەستم دێ**
**هەموو شتێک ئاشکراکەم**
**کام شەوەت گەش و ڕووناکە**
**ئەو شەوە پف لە چراکەم**
**لە دەستم دێ، بە دوو وشە**
**دڵی زاوای نوستووت ڕەش کەم**
**لە خۆشاوی**
**شەوی پەردەتان بێ بەش کەم**
**نامەکانت...**
**یەک یەک ماون**
**دیاریە سادەکانت**
**یەک یەک ماون**
**چاویان شۆڕە**
**دەست لەسەر سنگ بۆم وەستاون**
**لە تاوی ئەو کارەساتەم**
**ئارەقەی شەرم ئەتکێنن**
**مۆری حەزێکی ئاگرین**
**بە ناوچاوتەوە..ئەلکێنن**
**تاڵێکی پرچت نەماوە**
**تێر تێر بۆنم نەکردبێ**
**جێی دەرزییەک**
**لە سینگی برسیت نەماوە**
**پەنجەم پەی پێ نەبردبێ**
**گەواهی ئەدەن لەسەرت**
**دار تێلەکانی سەر شەقام**
**گەواهی ئەدەن ئەوانەی**
**نامەی تۆیان بۆ ئەهێنام**
**بەڵێ گیانە گەر بمەوێ**
**کاتژمێری کامەرانیت بوەستێنم**
**گەر بمەوێ**
**ئەڵقەی پەنجەت پێ فڕێ دەم**
**نامەی بەختت بسووتێنم**
**بەڵگەم پێیە**
**هەزار بەڵگەی ئاشکرا و ڕوون**
**بەڵگەی چوار ساڵ پێکەوەبوون**
**بەڵام چ بکەم؟**
**خۆشەویستیت نەمەنگێکە**
**خوێنی هەڵچووم ئەخواتەوە**
**خۆشەویستیت ڕووبارێکە**
**قینی ڕەشم ئەشواتەوە**

کۆمەڵێک ڕەخنە ئاراسـتەی ئەم شیعرە کراون. ئەم ڕەخنانە زیاتر باسـی ناوەڕۆکی شیعرەکە دەکەن و لەسەر ئەو بنەمایەن کە ئەم شیعرە دژە ژنە. من لێرەدا نامەوێ خۆم لەو باسـە وەربدەم و بە پێچەوانەی ڕەوتی بـاو، لە زنجیرە وتارەکانی "ئەو شـیعرانەی خۆشـمدەوێن" نامـەوێ بچمـە نێـو بواری جوانیناسی شیعریی ئەم شیعرەوە. بەڵکوو دەمـەوێ خوێندنەوەیەکی دەروونشـیکارانە بۆ ئەم شیعرەی پەشێو بکەم.

لەم شـیعرەدا بەڕوونی هەرسـێ بەشی دەروونیی مرۆڤ (بەپێی دابەشکارییەکەی فرۆیـد) بـەدی دەکرێـن. پرسـیار ئەوەیە کە کامیان بەسـەر ئـەوی دیکەیاندا زاڵە؟ فرۆید سیسـتەمی دەروونیی مرۆڤ بە سێ بـەش دیـاری دەکات:1-ئیـد (ID)، 2-مـن (ego)، 3-بان مـن (super ego). ئیـد بنەمای سـەرەکی کەسـایەتی مرۆڤ پێکدێنێت کە لەگەڵ لەدایکبوون لە مرۆڤدا هەیـە و گرینگتریـن بەشـی ئیـد هەمـان غەریزەکانـن کە بەگشـتی لەسـەر بنەمای پێویستییە فیزیکییەکانی ئەو کار دەکەن، وەکوو ویسـتی جنسـی و... . بەشێک لە ئیـد بـە تێپەڕبوونـی کات سیسـتەمێکی تایبـەت پێکدێنێـت کـە لـە نێـوان ئید و دنیـای دەرەوەدا ڕۆڵی نێوەنجی دەگێڕێت. ئەمـە (من) یان ئیگۆیە. بە کورتی یەکێک لـە گرینگتریـن کارەکانـی ئیگـۆ ئەوەیـە کە ویسـتی ئید لەگـەڵ دنیـای دەرەوەدا هەڵبسـەنگێنێت و بڕیـار بـدات کـە ئـەو ویسـتانە بێنە دی یان ڕێگرییان لێبکرێت. سـوپەر ئیگۆ نوێنـەری بایەخە باوەکان و ئایدیاڵـە کۆمەڵایەتییەکانـە کـە دەروونی کراونەتـەوە و لەلایـەن دایـک و باوکـەوە (هەرکەسـێک لە دەرەوەی مـرۆڤ خۆی) دەخرێتـە بەردەسـتی منـداڵ و ئیدی بەم ئایدیاڵـە کۆمەڵایەتییانە گـەورە دەبێ کە هەمیشـە چاودێریی دەکەن. ئید و سوپەر ئیگـۆ لە یەک خاڵـدا وێکچوونێکی زۆریان هەیـە، ئەویـش ئەوەیـە کـە هەردووکیان پێوەندییـان بە ڕابـردووی مرۆڤەوە هەیە. یەکیـان ڕابـردووی فیزیـکاڵ و ئەویتریان ڕابردووی کۆمەڵایەتـی. بۆ کورتکردنەوەی باسـەکە ئـەم بابەتـەم زۆر بـە کورتـی و گوشـراو بەیـان کـرد دەنـا زۆر لەمـە بەربڵاوتـرە، بەڵام لێرەدا ئێمە کارمان هەر بـە ئەوەندەیەتی.لە شـیعری (لە دەسـتم دێ)دا (ئید)ی شاعیر سەودایەکی خرۆشان و توندئـاژۆی هەیـە بـۆ تۆڵەسـەندنەوە. دەیەوێ کاتژمێری کامەرانیی دڵداری بێوەفا بوەستێنێ. هەموو ئەعزای ناڵینی دەناڵێ و داوای تۆڵە دەکەن. تۆڵەیەکی بێبەزەییانە. شاعیر بەیەکجاری پانتاییەک دەخولقێنێ کە بەردەنگ پرسـیاری لەلا ساز دەبێت: باشە ئەم هەموو ویسـتی تۆڵەیە لە کوێوە دێت؟ کار دەگاتـە شـوێنێک کە شـاعیر خەریکە پەردە لەسـەر کۆمەڵێک نهێنـی زۆر ورد و تابوو لادەدا. باسـی ئەندامێکی جەسـتەی دڵدارەکەی دەکات کە کاتی خۆی دەسـتی پێڕاگەیشـتووە و بە برسی وەسفی دەکات. وشـەی برسی لێرەدا بە تەنیا خۆی بارێکی مانایـی زۆر قورسـی هەڵگرتووە کە دەکرێ زۆر زۆرتـری لەسـەر بنووسـرێ، بەڵام لەم وتارەدا ناگونجێ. شـتێکی نەمـاوە کە کار بگاتـە بەزاندنی سـنووری ئەخـلاق و تەنیا شـتێک کـە ماوە بۆ گەیشـتن بەو سـنوور بەزاندنـە هێنانـی ناوی دڵـداری بێوەفایە. لێـرەدا "ئیگۆ" دەسـتبەکار دەبێت. لەگەڵ ئەوەی کە دەزانێ دنیای دەرەوە لەگەڵ ئەم ویسـتەدا ناگونجێ بۆ نەرمکردنەوەی ئید و هەڵسەنگاندنێکی ژیرانە بۆ خۆی، پاساو بۆ ئەو غەریزە و ویستە توندئاژۆیە دەهێنێتەوە. لێرەدایـە کە هەوڵ دەدا بەرگی دادپەروەری بکاتـە بەر چەمکـی تۆڵە. ئیگۆی شـاعیر لەبەرانبـەر ئـەو ویسـتە توندئاژۆیەی تۆڵە ئەسـتاندنەوە بەربەرەکانـێ دەکات، بـەڵام سـەرەتا مەیلی تەواوی نییە کە ڕێگریی لێ بکات و بیکوژێنێتەوە. بەڵکوو ڕەهەندەکەی دەگۆڕێ. بە هێنانە گۆڕی باسـی نامەکانی دڵـداری بێوەفا و دیارییەکانی کە چاوشـۆڕ و دەسـت لەسـەر سـینگ لەبـەر دەمـی شـاعیر وەسـتاون، باڵانسـێک لـە نێـوان ڕەش و سـپیبوون و چـاک و خراپبووندا سـاز دەکات. دیارییەکانـی دڵـدار وەکـوو هێمایـەک لە خـودی دڵدار لێـدەکات. واتە ناڕاسـتەوخۆ دەڵێ کە دڵدارەکەم خۆیشـی دەزانـێ چ خیانەتێکـی کـردووە (بۆیـە خۆیشی دەزانێ کە تۆڵە ئەستاندنەوە مافی خۆمە) و بەمشـێوەیە دەیەوێ دادپەروەری بەڕێـوە بچـێ. پاشـان هەموو شـتێک لەو چوارچێوەیەدا پێناسـە دەکات، وەک بڵێی لـە دادگا و لەبـەردەم خواژنی دادپەروەری "یوسـتیتیا" ڕاوەسـتابێ، باسی گەواهی و بەڵگـە دەکات. هەموو ئەمانە لە پێناو یەک شـتدایە: کۆنترۆڵی ئید. بەڵام ئید ئەوەندە بەهێزە کە هێشـتا ڕکێف نەکـراوە، کەواتە شاعیر دەستەودامێنی سوپەر ئیگۆ دەبێت. هەموو ئەمانە لە نەستی شاعیردا ڕوودەدەن و ڕەنگە لە کاتی نووسیندا بۆ یەک چرکەش بەشـێوەی ئاگایانـە بیـری لـەم بابەتانـە نەکردبێتەوە. هەرچەند شاعیر لە لێدوانێکیدا کە لەم دواییانە لەگەڵ کەناڵێکی ڕاگەیاندن دابـووی، دەڵێـت ئەگەرچـی ئەم شـیعرە هی 47 سـاڵ لەوە پێشـە و بە مێرمنداڵی نووسـیویەتی، بـەڵام دیسـانیش ڕق و قین وای لێنـاکات سـنوورەکان ببەزێنێـت و بۆ سـەلماندنی ئـەم مەبەسـتەش ئامـاژە بە کۆتایی شـیعرەکە دەکات. سوپەر ئیگۆ لە کۆتایی ئەم شیعرەدا ناوی خۆشەویسـتی دێنـێ و ئـاو بە ئاگردا دەکات کە دەشـێت ئەویش جۆرێک پاساو هێنانەوە بێت. کاتێک کە شاعیر ناتوانێ لە نێوەڕاستی مشەرعێنی دادگادا باسـی ڕێزی ئەخـلاق و مرۆڤایەتی بـکات (چونکا دەبێ بە دروشـمدان) خێرا هەر بەو ڕێگایەدا کـە هاتووە، دەگەڕێتەوە بۆ نێو خۆی. بۆ نێو شـتێک کە هاوبەشترە لەگەڵ دڵدار. هەسـتێک کە دەزانێ ئەویش تێیدەگا. ڕەنگـە بگوترێ ئەمە منەتێکە کە لەسـەر دڵـدار دەیـکا، بەڵام ئەگـەر وایش بێت دیسـانەوە هێنـدە بەهێزە کە هەم ئید رازی بـکات و هەم ئیگۆ لە پەلەقاژە ڕزگار بکات. لە بیرمان نەچێ کە بەپێی ناوەڕۆکی شیعرەکە شاعیر حەقی بەدەستە.

لێـرەدا خۆشەویسـتی ئایدیاڵێکـی کۆمەڵایەتییـە کـە هەمـوو نامومکینێـک مومکیـن دەکات. وەکـوو خـودا و دیـن و ئایدیۆلۆژی کە دەتوانن قسـەی کۆتا بکەن و کەس قسە لەسەر قسەیان نەکات. شاعیر دەیـەوێ دڵنیـا بێتـەوە و بەردەنگەکـەی دڵنیـا بکاتەوە کـە لە توانایـدا هەیە تۆڵە بکاتەوە، بەڵام نایکاتەوە و پێداگری لەسەر ئەمـە دەکات. چونکە دەزانـێ بایەخی ئەم لێبوردنە لەگەڵ لێبوردنێک کە لە لاوازییەوە بێت، قەت بەراورد ناکرێت.

ئەم شـیعرە لـەم ڕوانگەیەوە شـیعرێکی تایبـەت و تا ڕادەیەک کـەم وێنەیە. ڕەنگە هەر ئەو کێشمەکێشە دەروونییە (بۆ ئێمەی ڕۆژهەڵاتی ناوینی کە لە گێژاوی سوننەت و مۆدێرنیتە و ویست و سەرکوتی ویستدا تێگیراوین، نامۆ نییە) وای کردبێـت ئەم شـیعرە هەتـا ئێسـتاش ئەوەندە گرینگ بێـت. ئێمەیەک کـە لـە بچووکتریـن هە ڵسـو کە و تی ڕۆژانەماندا تووشی کێشمەکێشی دەروونین. هەتا بڕیار دەدەین کە فیلتەری جگەرەکەمان لەسـەر شـەقام فڕێدەین (ویستی ئید) یان بیخەینە نێو تەنەکەی زبڵەوە (چاوەڕوانیی سـوپەرئیگۆ) لەگـەڵ خۆمانـدا مشـەرعێن دەکەین (هەڵسەنگاندنی ئیگۆ).

فرانسـیس بیکەن فیلەسـۆفی بەریتانی دەڵـێ: ئـەو کەسـەی کـە بیـر لـە تۆڵە ئەستاندنەوە دەکاتەوە، لە ڕاستیدا برینێک هەڵدەداتەوە و تـازەی دەکاتەوە کە ئەگەر لێیگەڕابا خۆی وردە وردە سارێژ دەبوو.

سـەرەڕای هەمـوو ئەمانـە، بـەڕای من شـاعیر تەنیـا بـە نووسـینی ئەم شـیعرە تۆڵەی خـۆی کردووەتەوە. برینەکەی خۆی هەڵداوەتەوە و ئیدی قەت سـارێژ نابێتەوە. بۆیـە هەتـا ئێسـتاش ئێمـە باسـی ئـەم شـیعرە دەکەیـن. ئەگەر بیویسـتبایە تۆڵە نەکاتـەوە، دەبوو ئەو شـیعرە نەنووسـێ. بـەڵام چ تۆڵەیەکـی جـوان و دڵڕفێنە ئەم شیعرە. شیعرێک کە خۆشمدەوێ. شیعرێک کـە 47 سـاڵ لەمەوپێش لـە گوندێکی ئەم کوردستانە نووسراوە.





# لە ڕوانگەی(ئۆشۆ)وە

حەمەسەعید حەسەن

(5)

لـە چرکەسـاتی مووچڕکـی خۆشـیی جووتبوونـدا، زەمەن دەوەسـتێت و خود بزر دەبێت، ئینسـان لەو وەختە کورتەدا، هاوزەمان هەسـت بـە نەمری و بە نەمانی (مـن)ی خۆی دەکات. ئـەو بزربوونی من و وەسـتانی زەمەنـە، وا دەکەن ئینسـان بـە ڕوونـی خـۆی ببینێـت و هەسـت بە شکۆمەندیی خۆی بکات. هەرچەندە ئینسان بۆ گەییشـتن بەو هەستکردنە کەمخایەنە، وزەیەکـی زۆری لە کیس دەچێت، بەڵام ئاوەزی بۆ ئەوە هانی دەدات، ئەو هەستەی لە کن دروسـت ببێتەوە و سـەرلەنوێ بە هەمان ئەزموونیدا بڕواتەوە.

یەکێک لـە جیاوازییەکانی نێوان ئاژەڵ و ئینسان ئەوەیە، سێکس کە سەرچاوەی ژیانە، لای ئاژەڵیش هەیە، بەڵام هەمان ئەو سێکسە نییە کە لای ئینسان هەیە، ئاخر لـە چاوی ئاژەڵدا، ئەو ئاگری تینوویەتییە بۆ سێکس نابینین کە لە چاوی ئینساندا، نزیکەی هەمیشـە گەش گـەش دەگرێت. ئەوە لە چاوی ئینسـاندا بـە زەقی دیارە کـە چەند برسـییە بۆ سـێکس و کە لێی تێر نابێت، لەم ڕووەوە ئاژەڵ لە ئینسـان جوانترە، ئینسـانی هەمیشە بەئاڵۆش کە لـە ئەنجامی چەپاندنەوە، وەک شـتێکی کۆتکـراوی لـێ هاتووە و ئیلـلا مەگەر بە ڕووخاندنـی دیوارەکانی نێوان نێر و مێ و بـە پەروەردەیەکی نـوێ، لەو گرێکوێرەیە ڕزگاری ببێت.

وەک چـۆن ئەوەمان بەلاوە ئاسـاییە، ئاژەڵ ڕووتە، فەریادڕەسـی سـاختە، کە واعیزە، نەبووایە، ئینسانی ڕووتیشمان بە ئاسایی دەبینی. ئەوە زادەی ئاڵۆزی و گرێی دەروونییە، سرووشتی نییە، ئینسان خۆی دەپێچێتەوە، کەسی ساکاری بێ گرێوگۆڵ، وەکوو گوڵ و چەشنی منداڵ، پێی ئاساییە بە ڕووتی دەربکەوێت. بۆچی ئینسان دیوی دەرەوەی جەسـتەی دەشارێتەوە؟ چونکە لـە ناوەوەیدا هێزێکی سـەرکوتکەر هەیە، ئەوەی بەسەردا دەسەپێنێت. ئەوە ئاساییە لەبەر هۆکارێک لەشـمان داپۆشین، ئەوە سەیرە ترسمان لە خۆڕووتکردنەوە هەبێت. بەوەی جەستەمان دادەپۆشین، بێ ئەوەی دەرکی پێ بکەین، ناخی خۆمان دەخەینە ڕوو کە لێوالێوە لە ترس. ئەوە ئاسـاییە جل لەبەر بکەین، ئەوە نەخۆشییە، چونکە بـە عەورەتـی دەزانین، بۆیە جەسـتەمان بشـارینەوە. ئەوەیش هەر ئاسـایی نییە، بە مەبەستی ورووژاندنی ڕەگەزی بەرانبەر، بەد سـوود لە پۆشاکی تەسک و ترووسک وەربگرین، ئاخر پۆشاکی وا هەیە، شوێنە هەسـتناکەکان ئەوەنـدە زەق دەکاتـەوە، ئەگەر ڕووت بن، هێندە ورووژێن نابن.

خۆ دزینەوە لە باسـکردنی سێکس، وا دەکات زیاتـر جێی بایەخ بێت و منداڵێک کـە هیچی دروسـتی لەبارەی سێکسـەوە پێ نەگوترابێت، ئەگەری لادانی سێکسیی زیاترە و کە بە زانیاریی هەڵەیشەوە گەورە بوو، ئەوسا ڕاستکردنەوەی دژوارترە، ئاخر ئینسانیش وەک درەخت وایە، بە نەمامیی ناسکە، ئاسـان کاری لەسەر دەکرێت، کە بە ساڵدا چوو، سەخت دەبێت و لە دەست دەردەچێت. بەدبەختیی ئینسان لەوەدایە، دەرگا سرووشـتییە کۆنەکـەی بـە ڕوودا داخراوە، بەبێ ئەوەی دەرگایەکی نوێی لێ کرابێتـەوە. ئەوە ئینسـانی زەلیل کردووە کـە بەبێ ئەوەی ئاسـۆی دیکەی بە ڕوودا کرابێتەوە، بەبێ ئـەوەی ئەڵتەرناتیڤێکی دیکـەی خرابێتـە بـەر دەسـت، دەرگای سێکسـی بە ڕوودا کڵـۆم دراوە. ئەمەیش وا دەکات، وزەی سـێکس کـە قەتیـس کراوە، ڕێگەی ناسرووشتی بۆ دەربازبوون بدۆزێتـەوە. ئـەوە بەدحاڵیبوونـە پێمان وابێـت، لەڕێی سـەرکوتکردنەوە لە هێزی سێکس قوتارمان دەبێت، ئاخر چەپاندن، ئینسان چاکتر ناکات، دەیشێوێنێت.

ئـەوە زۆر گرنگـە ئینسـان هـەر لـە منداڵییـەوە فێری ڕامان بکرێت، ئاخر پیر کە هەموو سـەرچاوەکانی وزەی وشـکیان کـرد، نە سـوود لـە ڕامـان دەبینێت، نە لـە یۆگا. ئـەوە بیرۆکەیەکـی نەزۆکە، بە پیـری کە پێیەکمان لەناو قەبردایە، ئینجا بگەڕێینـەوە و بیر لـە چاککردنی خۆمان بکەینـەوە. هەنـگاوی یەکەم بـۆ ئەوەی سـێکس لە کـن گچکەسـاڵان بگۆڕین بە خۆشەویستی، ئەوەیە فێری ڕامانیان بکەین و لەسـەر هێوری و بێدەنگی ڕایانبهێنین، تا فێری بیرکردنەوەی قووڵ، زەینسـافی، بزربوونی خود و ڕاوەسـتانی زەمەن ببن، لـەو ڕێیەوە بـەر لـەوەی تەمەنیان بگاتە چواردە، دەرچەی دیکە بە ڕووی هەڵچوونی سەرچاوەی وزەیاندا دەکەینەوە کە بۆ ئەوە کۆمەکیـان پـێ دەکات، وزەیـان نەڕژێتە کەناڵی هەڵـەوە و ڕێڕەوی دروسـت بگرێتە بەر.

منـداڵان فێـر دەکەین قێز لە سـێکس بکەنەوە، سێکسـیان وەک گوناه و شتی پیـس، تەنانـەت وەک شـەیتان و دۆزەخ پـێ دەناسـێنین، هەرچەنـدە جنێـودان بـە سـێکس، پێچەوانـەوە دەکەوێتـەوە، ئاخر ئەوسـا منـداڵان کونجکۆڵتر دەبن و حـەز دەکەن زۆر لەبارەی ئەو شـەیتان و دۆزەخـەوە بزانن و لـەوە تێبگەن، بۆچی دایـکان و بـاوکان زەندەقیان لە سـێکس چـووە؟ هێنـدە نابـات منـداڵان دەرک بـەوە دەکەن، دوژمنانی سـێکس، خۆیان شـەو و ڕۆژ لەناویـدا نوقمن، ئیدی هێدی هێدی بڕوایان بە ڕاسـتگۆیی دایک و باوک نامێنێت.

منداڵ وردبیـن و وریایە، دەرک دەکات ژیانی گەورەکان لـە تاریکیدا، جیاوازە لە ژیانیان لە ڕووناکیدا و جیاوازییەکی مەزن لە نێوان گوتار و ڕەوتاریاندا هەیە. هەست دەکات ئـەوەی دایک و باوک بە قسـە بە پۆخڵـی لـە قەڵـەم دەدەن، بە کـردەوە دەیکەن، هەر بۆیە ئەگەر باسیشی نەکات، لە ناخی خۆیدا باوانی بە دووڕوو دەزانێت و ڕێزی بۆیان ڕوو دەکاتە کزی. منداڵ ئەگەر بڕوای بە دایک و باوکی نەما، ئەگەری ئەوە بەهێزە بـڕوای بە خوایش نەمێنێت، ئاخر یەکەمیـن تروسـکەی بڕوابـوون بە خوا، لەڕێی دایک و باوکەوە دڵی منداڵ ڕۆشـن دەکاتـەوە. لای منـداڵ یەکەمیـن وێنەی خوداونـد، لە شـێوەی دایک یـان باوکدا خۆی پیشـان دەدات، ئەگـەر یەکێک لەو دووانە ناپاکییان لێ کرد، ئیدی ئەسـتەمە ڕوو بکاتە خوا.

کـە نـەوەی نـوێ بـڕوای بـە خـوا نییـە و ئایین بـە فێڵ دەزانێـت، لەوەوە نەهاتـووە، توێژینەوەی کردبێـت و دوای بەدواداچوونێکـی زۆر بـەو ئەنجامـە گەییشتبێت، زادەی ئەوەیە دایکان و باوکان درۆیان کردووە و هەرگیز بە منداڵی خۆیان نەگوتووە ژیان زادەی سێکسـە، سـێکس بەشـێکی گرنگـە لـە ژیـان و هەموومان بەرهەمی سێکسـین. بەوەی دایک و باوک درۆی لەگەڵـدا بکەن، منداڵ ڕۆحی ئازاری پێ دەگات و دەشێت بۆ ئەوەی لە نهێنیی سێکس تێبگات کە هەمیشە لێیان حەشار داوە، هانـا بـۆ ڕێگەی چـەوت ببات و بە زیانی گەورە لەسـەری بکەوێت. بۆ ئەوەی سـێکس نەبێت بە خولیای یەکەمی منداڵ و ژیانی داگیر نەکات، پێویسـتە لە کاتی گونجاودا، زانیاریی دروستی پێ بگوترێت و لە تەمەنی چواردە سـاڵی بەدواوە، لەسەر ڕامان ڕابهێنرێت و ڕۆژانە سەعاتێک بێدەنگ دابنیشێت و بیر بکاتەوە.

ستۆکهۆڵم
2016/8/23

(*) اوشو، من الجنس الى اعلى مراحل الوعي، نقله الى العربيه: ايمن ابو ترابي، دار الفرقد 2011 دمشق.

(**) اوشـو، الحـب و الحريـه و الفردانيه، ترجمه: ميتم الضايع، دار الحوار 2013 اللاذقيه.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# شەرعی بێ شەرم

وەک بڵێی هەموویان ئەولیا بن، ئاخر لەوەتەی کورد سیاسەت دەکات، لەناو خۆیدا ئەم، ئەو بە ناشەرعیی ناودەبات، خۆ کەسیش نازانێ کاکی ناشەرعییبەخش، شەرعیەتەکەی خۆی لە کوێوە هێناوە.

کورد، دەسەڵاتی شیعەی پێناشەرعییە، زاهیری حاڵ، شیعەش هەر کورد خۆی بە زاهیرەیەکی ناشەرعی دەزانن. تورکمان، دەسەڵاتی کورد بەسەریانەوە بە شەرعی نازانن، ئێ هیچ شەرعێکی کوردییش رێگە بە تورکمانێک نادا نوێنەری شەرعیی تورکمان بێ و کورد هەر جاشتورکمانیان پێ شەرعییە.

چیرۆکی شەرعی و ناشەرعیی کورد دوور و درێژە، لەوەتەی کورد هەڵبژاردن دەکات، ئەم دەنگەکانی ئەو بە ناشەرعی دەزانێ، جا شەرعی و ناشەرعی هیچ پەیوەندی بە گەورە و بچووکییەوە نییە، حیزبێ نیوەی پەرلەمانی هەبێ و یەکێ لاقی کورسییەکی هەبێ، هەر هەمان تاس و حەمامە و کەسیان بەوی دیکە ناڵێن مامە. تەنانەت حیزبێکی وەک زەحمەوکێشانیش، کە ماعوونێ فەلافل بەشی حەوتوویەکیان دەکات، کاتێ قاف عەزیز سکرتێر بوو، میمسینەکانی بەشەرعییان نەزانی و لێی جیابوونەوە، کەچی کە سکرتێر بوو بە میمسینی یەنەکە، هەموویان چوونەوە پەنا حەجەکە، ئەمەی گێڕامەوە نوکتە نەبوو، رووداوێکی سیاسیی کوردستان بوو.

ئەوە تەنیا لە کوردستاندا روودەدات، حکوومەت، چوار وەزیری خۆی بە شەرعی نەزانێ و هەر چوار وەزیریش شەرعەن نققەیان نەیەت. لە کوێ روویداوە وەزارەتی ناوخۆ، پارێزگاری هەڵبژێردراو بە شەرعی نەزانێ، پارێزگاری بە شەرعی هەڵبژێردراوی بە ناشەرعی دامەزراویش سەرۆکایەتیی هەرێمەکەی بە شەرعی نەزانێ. لەولاوە سەیسایەق پارێزگای هەڵەبجە بە شەرعی نازانێ، لەملاشەوە هەڵەبجە هیچ دەسەڵاتێکی شەرعیی ناگاتە عەربەت.

نایابترین نموونەکانی کۆمێدیای شەرعییەت لە کوردستاندا هەس، پەرلەمان، کە گوایە سەرچاوەی شەرعییەتە، لە ئەزمەی شەرعییەتدا دەژی، تۆ لەوە گەڕێ هیچ فراکسیۆنێ، ئەوەی دیکە بە شەرعی نازانێ، واز لەوە بێنە، کەسیان باوەڕیان بە ژمارەی دەنگەکانی ئەویدیکە نییە، ئاخر خۆیان چونکە هەموو ئەهلی یەک کارن، باش باش دەزانن دەنگەکانیان کڕدراوی کام بازاڕن. سەرۆکی شەرعیی پەرلەمان، هیچ دەسەڵاتێکی شەرعیی نییە نیو کۆبوونەوە ساز بکات، کەچی پایتەختەوپایتەخت وەک سەرۆکی پەرلەمان لە گەڕانە. گومانی نیمچە یەقیناویی لە داهات و خەرجیی وڵات هەیە و بەو داهاتە، بێ ئەوەی دەوام بکات، مووچە و ئیمتیازات وەردەگرێ.

زوانی سووتا ئەوەی وتی شەرع شەرمی تێدا نییە، ئاخر نەیزانی کوردی بێ شەرم، کە سیاسەتی کرد، شەرعیش شەرمەزار دەکا.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# فەرموون ئەویش بەغدا

هەفتەی رابردوو وەفدێکی باڵای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی لایەنە سیاسییەکانی عێراق بۆ تاتوێکردنی پێکهێنانی ئەنجوومەنی سیاسی، سەردانی بەغدایان کرد. لە پەراوێزی کۆبوونەوەی مەبەستدا، بە جیاجیا لەگەڵ لایەنە عێراقیەکان دانیشتن، ئەوەی گرنگ و ئامانجی ئەم نووسینەیە، دیداریان بوو لەگەڵ حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق. چونکە وەک ئەندامانی وەفدەکە رایانگەیاندووە، لەسەر پرسی سەربەخۆیی کوردستان قسەیان کردووە.

هەرچەندە لە بنەڕەتدا وەفدەکەی یەکێتی بۆ ئەوە نەچووبوون تا بۆچوونی بەغدا لەسەر سەربەخۆیی کوردستان بزانن، بەڵام لە گفتوگۆکانیان سەبارەت بە کێشەکانی نێوان بەغدا و هەرێم، ئەو باسە وروووژێنراوە و وەک دەیگێڕنەوە گوایە سەرۆک وەزیران گوتوویەتی: "رێگر نابین لە هەنگاوەکانی گەیشتن بەو مافە. بەڵام پێویستە تێگەیشتن هەبێت لە نێوانمان بۆ مانەوەتان لە عێراق یان جیابوونەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر بڕیاری جیابوونەوەتان دا، دوو دراوسێی باش بین".

سەرەتا دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئەم قسەوباسانە هەرچەندە جارێ هەر قسەی سەرەتایین، بەڵام گرنگن. چونکە لەلایەک ئەو تەمومژە لەسەر هەڵوێستی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دەرەوێنێتەوە کە بەوە تۆمەتبار دەکرا (لەم کاتەدا لەگەڵ پرسی سەربەخۆیی نییە)، لەلایەکی تریشەوە گرنگ بوو بۆ دەرخستنی تێڕوانینی بەغدا لەسەر ئەم پرسە. گەرچی قسەی عەبادی قسەی کۆتایی نابێت، بەڵام دەرخەری راستییەکی گرنگە: شیعە حەز دەکەن کوردیان لە کۆڵ بێتەوە.

زۆرجار ئەوانەی بە گەرموگوڕییەوە باس لە پرسی سەربەخۆیی دەکەن، قسەیەک دەکەن کە هیچ کات بە ئەندازەی ئێستا دەرفەت بۆ کورد لەبار نەبووە تا بڕیاری سەربەخۆیی بدات. ئەمە لە هەموو لایەنێکەوە راستە، سەرباری قەیرانەکانی هەرێم و خراپیی باری ئابووریش، دەرفەتەکان بە کراوەیی ماونەتەوە.

ئەوەی پەیوەستە بە تێڕوانینی بەغداوە، گەرچی ستراتیژیەتی شیعە لە عێراق، ستراتیجێکی ناوەندگەرایی بەهێزە، بەڵام بەهۆی ململانێی نێوان سوننە و شیعەوە لەسەر ناسنامەی وڵاتەکە و چۆنێتی کۆنترۆڵکردنی. لەم قۆناغەدا شیعەکان بەشێوەیەکی گشتی کورد بە لەمپەری گەورە دەبینن لەبەردەم تەشەیوعی عێراق کە ئەوە ئامانجی هەرە لەپێشی شیعە و تەنانەت ئێرانیشە.

بەهۆی پابەندێتی هەموو لایەنە شیعییەکان لە پەیڕەوکردنی هەنگاو بەهەنگاوی ستراتیجی تازەیان لە دوای رووخانی سەدام، تا رادەی چاوەڕواننەکراو سەرکەوتوو بوون لە لاوازکردنی سوننە، پاوانکردنی دەسەڵات، بچووککردنەوەی پانتایی شوێنی ژیانی سوننەکان، پاشان پەرتەوازەکردن و کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانیان. لە قۆناغەکانی داهاتووش بە پرۆسەی چنینەوەیان کۆتایی بە رۆڵ و پێگەی سوننە دەهێنرێت. بەڵام ئەوەی رێگرە لە بەخشینی ئەو وێنا گشتیە بۆ وڵاتەکە، بوونی کوردە لە عێراق. بۆیە تێگەیشتنێکی گشتیی قۆناغبەندی لای شیعەکان دروست بووە کە ئەگەر کورد لە عێراق جیا ببنەوە، پرۆسەی بەشیعەکردنی عێراق دەگاتە قۆناغی کۆتایی. هەڵوێستی عەبادی دەربارەی پرسی سەربەخۆیی کوردستان دەرخەری ئەو حەقیقەتەیە، لەو روانگەیەوە خوازیاری ئەوەن کورد ئەو بڕیارە بدات و عێراق بۆ شیعە جێبهێڵێت.

ئەوەی بۆ کورد گرنگە، قۆستنەوەی ئەو هەل و دەرفەتانەیە کە دێنە پێش و زەمینەی زیاتر خۆش دەکەن بۆ سەربەخۆیی. رۆژانێک هەموو عەرەب لە ئاستی مەسەلەی کورد یەک دید و یەک بۆچوون بوون، هەردوولایان مەترسییەکانی سەر یەکپارچەیی عێراق بەلایانەوە هێڵی سوور بوو. ئەمڕۆ دۆخێک هاتووەتە پێش، بەهۆی ململانێی نێوخۆیان و شەڕی نێوانیان لەسەر ناسنامەی عێراق، دەرئەنجامەکەی بە جۆرێکە کە کورد بتوانێ رزگاری بێت، ئەگەر نەیکەین، کورد واتەنی خوا دەمانگرێت.

پێویستە ئەم هەڵوێستەی بەغدا بە بایەخەوە وەربگیرێت، دەبوو جدیەتی زیاتر بداتە هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە رەخساندنی زەمینەی ناوخۆیی بۆ پرۆسەی ریفراندۆم. بەتایبەتی کە لە ئێستادا بەهۆی نزیکبوونەوەی وڵاتانی ناوچەکە لەیەکتر و لەگەڵ رووسیا، ئەو دەرکەوتە و لێکەوتانەی بەسەر رۆژئاوای کوردستانەوە رەنگی داوەتەوە، جۆرێک گومان دەکرێت لە بوونی پیلانی ئیقلیمی لەدژی کورد، نائومێدی و ترسێکی زۆر دروست بووە. بۆیە قۆستنەوەی ئەم بابەتە تا رادەیەکی زۆر هاوکێشەکان پێچەوانە دەکاتەوە.

یەکێکی دیکە لە دەستکەوت و بایەخەکانی ئەم هەڵوێستەی سەرۆک وەزیرانی عێراق ئەوەیە، کورد دەخاتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی جدیییەوە، تا چەند راستگۆین لە مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان. چونکە هێشتا خەڵکانێکی زۆر هەن لە کوردستان باوەڕیان بەوە نییە ئەم هێزە سیاسیانەی ئەمڕۆی گۆڕەپانی سیاسی کورد، بۆ سەربەخۆیی تێبکۆشن، پێیانوایە هێشتا نەیانتوانیوە لە بازنەی کولتووری وابەستەیی و پاشکۆیەتی رزگاریان بێت و تەنها وەک دروشم و ململانێی سیاسی ناوخۆیی باس لە دەوڵەتی نەتەوەیی و سەربەخۆیی کوردستان دەکرێت.

بۆیە دەربڕینی حەزی بەغدا بە جیابوونەوەی کورد، تاقیکردنەوەیەکی گرنگە، لە هەمانکاتدا کۆتایی ئەو بیانووەشە کە خەڵکانێک پێیانوابوو بەبێ رەزامەندیی بەغدا کورد ناتوانێ بیر لە جیابوونەوە بکاتەوە، ئەگەر بیانووەکە بەغدا بوو، فەرموون ئەوەش بەغدا. بە رێککەوتن لەگەڵ بەغدا لەسەر پرسی سەربەخۆیی و ریفراندۆم بۆ دەوڵەتی کوردی، زۆر مەترسی و هەڕەشەی دیکە کۆتایی دێت. کە بەغدا رازی بوو، رێگرییە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان بایەخیان نامێنێ.

لە هەمانکاتدا بۆ ئەو هێز و لایەنانەش تاقیکردنەوەیە کە لایەنگری سەربەخۆیی بوون، فەرموون ئەوە دەرگای بەغدا بە ڕووماندا کراوەیە. با بزانین چەند بەپیر ئەو داوایەوە دەچین کە بەغدا دەڵێت پێویستە تێگەیشتن لە نێوانمان هەبێت تا دوو دراوسێی باش بین. کە ئەمەیان خواستی ئێمەشە، چونکە کوردیش نایەوێ بڕیاری جیابوونەوەی ببێتە مایەی ناسەقامگیری، بەڵکوو بەدوای رێگایەکدا دەگەڕێت بۆ جیابوونەوە، بمانگەیەنێتە کەناری ئارامی.

ئێستا ئەوەی دەمێنێتەوە، کورد خۆمانین. چی دەکەین؟ بەتایبەت دوای ئەوەی تا رادەیەک هەڵوێستی بەغدا و عەرەبی بڕیار بەدەستی عێراق دەزانین. هەڵوێستی بەشێک لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا دەزانین، ئەوانەشی لەگەڵ دابەشکردنی عێراق نەبوون و نین، بە لارینەبوونی بەغدا، هیچ پاساو و قسەیەکیان نامێنێ.

بەڵام ئەوەی ئامادە نییە بۆ ریفراندۆم و بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە کوردستان، هەلومەرجی سیاسی ناوخۆی خۆمانە. ئایا ئەم دەرفەتە تازەیە و ئەم پرسە چارەنووسسازە دەکەین بە هەوێنی ئاشتیی نێوماڵی کورد؟



محەممەد رەئووف*

# حیزب لە کوردستان ئیشی چییە؟

لەوانەیە حیزب و حیزبایەتی لە کوردستان، پاش چەند ساڵێکی دیکە بگاتە سەرەتای قۆناغێکی تەندروست. دەمەوێت راشکاوانە لەوەی کە گوتراوە بڵێم: ئەگەر وەزیفەی حیزب لەناو دەسەڵات یان لە دەرەوەی دەسەڵات بریتی بێت لە قسەکردن و هەڵوێست وەرگرتن و بڕیاردان لەسەر سێ شتی بنەڕەتی کە بریتین لە: (شەڕ، ئاشتی و خزمەتگوزاری)، ئەوە کام حیزبەیە لە کوردستان ئەم رۆڵە دەبینێت و جەماوەر شایەتی بۆ دەدات و رۆژانە بڕیار و هەڵوێستەکانی لە ژیانی خەڵک و حوکمڕانیدا بەرجەستە دەبێت؟

حیزب کاتێک بوونی راست و دروستی هەیە، بۆ هەر هەنگاو و بڕیارێک لەسەر شەڕ بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان و ئەگەر شەڕی چارەنووسساز و یەکلاکەرەوەش بێت، لەوانەیە پێویست بە گشتپرسیش بکات، چونکە ئەم جۆرە شەڕانە پەیوەندییان بە ژیانی ئەمڕۆ و ئایندەی هەموو تاکێکەوە هەیە.

کەواتە پێویستە هەمیشە حکومەت و پەرلەمان و خەڵک لەسەر هێڵی گەرم بن، ئەگەر بۆ شەڕی نەخوازراو و بەرگری یان بۆ شەڕی سەندنەوەی ماف و ئازادیە، یاخود بۆ ئاشتیی نێوخۆییە، یان بۆ ئاشتی و رێککەوتنە لەگەڵ دراوسێ یان دوژمن یان بۆ خزمەتگوزارییە (ئەو خزمەتگوزاریانەی کە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بەڵێنی جێبەجێکردنیان دەدرێت و حیزبەکانی پێ دەچێتە پەرلەمان و حکومەتی پێ دروست دەکەن).

## ئەمڕۆ چی دەگوزەرێت و ئەگەرەکان چین؟

ئەمڕۆ پەرلەمان بوونی نییە و حکومەتێکی ئیفلیج و بێ دەسەڵاتیش هەیە، خەڵک لە چاوەڕوانیی باشبوونی دۆخەکە و چاککردنەوەی مووچە و بودجە و گەرمکردنەوەی بازاڕ و دەستپێکردنەوەی خزمەتگوزارییەکاندان ، ئەمڕۆ خەڵک و جەماوەر خەمی حزب و سیاسەت بەلایەوە زۆر گرنگ نییە و لە زۆربەی یاری و موزایەداتەکانیش تێگەیشتوون.

**ئەگەر و سیناریۆکانی پاش مووسڵ و داعشیش ئەمانەی خوارەوەن:**

گەیشتن و نەگەیشتنی حیزبەکان بە دەرئەنجامێک کە زۆرتر لەوە دەچێت نەگەنە ئەنجامێکی کۆنکرێتی و کۆدەنگی.

راگەیاندن و رانەگەیاندنی ریفراندۆم یان دەوڵەت بەبێ ریفراندۆم و ئەگەری راگەیاندنی یەکلایەنە هەیە بەبێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان و جەماوەری سەرتاسەری، بە پاساوی ئەوەی نە حیزبەکان کۆدەنگ دەبن و نە جەماوەری سەرتاسەری داوا دەکات و نە عێراقیش ئەو دەوڵەتە دەستوورییەیە کە داوای لێبکرێت دەستووریانە وەڵام بداتەوە.

جەدەلی پێش ئازادکردنی مووسڵ، بەوپێیەی مووسڵ خاوەنی زۆرە و سەرەتای قۆناغی دووەمی عێراقی نوێ پاش مووسڵ دەستپێدەکات، ئەو قۆناغە نوێیەش ئەم ئەگەرانەی خوارەوەن.

**یەکەم:** دەستپێکردنی هەنگاوە پراکتیکییەکانی بە هەرێمکردنی مووسڵ و پارێزگا سوننەنشینەکانی دیکە.

**دووەم:** هاتنە ناوەوەی سوپای تورکیا و داواکردنەوەی ویلایەتی مووسڵ، یان لانیکەم کوێخایەتیکردنی ناوچەکە .

**سێیەم:** پەلاماردان لەلایەن سوپای عێراق و حەشدی شەعبییەوە بۆ مووسڵ پاش ئازادکردن، بەبیانووی پاراستنی سیادەی عێراق و بە مەبەستی رێگرتن لە دروستکردن و راگەیاندنی هەرێمی سوننە .

**چوارەم:** گەیشتنەوە بە هەموو ناوچەکانی ماددەی 140 لەلایەن کوردەوە و راگەیاندنی جوگرافیای کوردستان و دەوڵەتی کوردستان.

**پێنجەم:** ئەگەری مانەوەی سوپای ئەمریکی و هاوپەیمانەکانی و رێگرتن لە هەر چوار خاڵەکەی سەرەوە.

پرسیارەکە دووبارە دەکەینەوە: حیزبە کوردستانییەکان چ بڕیار و هەڵوێستێکیان وەرگرتووە لەم بارەیەوە؟

ئەگەر پەرلەمان ئەمڕۆ قسە و هەڵوێستێکی نەبێت لەم ئەگەرە چاوەڕوانکراوانەدا، کە بێگومان هەندێکیان ڕوودەدەن، ئەی ئیتر لە ئایندەدا کوردستان حیزب و پەرلەمانی بۆچییە؟!

کەواتە یان دایخەن یان چارەسەرێک بدۆزنەوە پێش ئەوەی بوون و کیانی حیزب بچێتە ریزی هاووڵاتییەکی سادە و پەرلەمانیش بوون و نەبوونی یەکسان بێت.

***سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی**



رێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

# عەبادی دەبێتە ڤاسلاف هاڤێڵ؟

ساڵانی کۆتایی هەزارەی رابردوو، هەرەتی هەڵتۆقینی ریزێک دەوڵەتی سەربەخۆی نوێ بوو لەسەر ئەتڵەسی سیاسیی دنیا. دارمانی بلۆکی سۆسیالیستیی جاران، دەسپێکی وەگەڕکەوتنی ئەو رەوتە بوو. لەو ناوەدا، ئێستاشی لەگەڵ بێت، بۆ زۆر کەس جێی پرسیار و رامانە کە بۆچی ڕاست لێکبڵاوبوونی یۆگۆسلاڤیای جاران لە ناوچەی باڵکاندا و لێکجیابوونەوەی گەلانی بەزۆر پێکەوەلکێنراوی ئەو کۆمارە سۆسیالیستییە، بوو بە هۆی تێکبەربوونی خوێناویی گەلانی پێکهێنەری ئەو کۆمارە و جینۆساید و زۆر تاوانی تاقەتپڕووکێنی دیکە. کارەساتی دوای لێکهەڵوەشانەوەی یۆگۆسلاڤیا بەچەشنێک بوو کە ئیتر "باڵکان" لە ناوی ناوچەیەکی جوگرافیایی دڵڕفێنی باشووری رۆژهەڵاتی ئەورووپاوە بوو بە چاوگی چەمکی "باڵکانیزاسیۆن"، کە یەکێک لە درێوترین دەستەواژەکانی ناو ئەدەبیاتی سیاسەتی نێونەتەوەیی ئەم سەردەمەیە. باڵکانیزاسیۆن ئێستا ئیتر دەستەواژەیەکی جیۆپۆلیتیکییە کە بۆ تەعبیر لە لێکجیابوونەوەی خوێناوی و دوژمنکارانەی گەلان، بەکاردەهێنرێت.

لە تەنیشت ئەو پرسیارە گەورەیەی کارەساتی باڵکانیزاسیۆن لەگەڵ خۆی هێنای، کۆتاییەکانی هەزارەی ڕابردوو، دیاردەیەکی سەیری تریشی بەخۆیەوە بینی: هەر لە تەنیشت گەلانی یۆگۆسلاڤیای جارانەوە کە ناوچەی باڵکانیان کردبوو بە حەمامی خوێن و شوێنی یەکێک لە سامناکترین رەشەکوژییەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، دوو گەلی دیکەی دێرینی ئەورووپای رۆژهەڵات، واتە گەلانی پێکهێنەری کۆماری سۆسیالیستیی چێکۆسلۆڤاکیا، بەبێ کێشە، هیچ نەبێ بەبێ خوێنڕشتن، بە ئاشتی ماڵیان لە یەک جیاکردەوە و دوو کۆماری نوێی چیک و سلۆڤاکیایان پێکهێنا. چی وای کرد کە چیکەکان و سلۆڤاکەکان ئەوەندە شارستانیانە لە یەک جیاببنەوە؟

بەدڵنیاییەوە لە تەنیشت هەر هۆکارێکی لاوەکی، شا-هۆکارێک دەوری بینی، ئەویش بوونی سەرۆک کۆمارێک بوو بەناوی ڤاسلاف هاڤێڵ. هاڤێڵی رۆشنبیر و شانۆنامەنووس و ئەدیب کە سەردەمێکی درێژ بە دیارترین پێشەنگی بزووتنەوەی نارەزایەتیی مەدەنیی چیکۆسلۆڤاکیا دژ بە سیستەمی سەرەڕۆی بەناو کۆمۆنیستیی ئەو وڵاتە لە قەڵەم دەدرا و ساڵانێکیش لە باجی ئازادیخوازیی خۆیدا، لە کونجی زیندانەکانی چیکۆسلۆڤاکیا توند کرابوو. لەگەڵ ڕووخانی حکومەتی کۆمۆنیستەکانی سەر بە یەکێتیی سۆڤیەت، ڤاسلاف هاڤێڵی رۆشنبیر و ئەدیبی ناڕازی، بە سەرۆک کۆماری وڵات هەڵبژێردرا. هەڵبژاردنی کەسایەتییەکی ئازادیخوازی وەک هاڤێل، هاوکات بوو لەگەڵ "قۆناغی تێپەڕین"ی چیکۆسلۆڤاکیا، بە قۆناغی گواستنەوە لە سیستمێکی گەندەڵ و داڕووخاوەوە بەرەو بنیاتنانی سیستمێکی نوێ و لیبراڵ دیمۆکرات. ڤاسلاف هاڤێڵ رێبەری خۆشەویستی وڵاتەکەی بوو، کە هەم چیکەکان و هەم سلۆڤاکییەکان رێزیان لێ دەگرت. بەڵام هاڤێڵ خۆی لە توانای خۆی دڕدۆنگ بوو لە مەسەلەی راگرتنی هاوسەنگی لە نێوان ئەخلاق و سیاسەتدا. لە یەکێک لە یاداشتەکانیدا کە هەر لە گەرماوگەرمی دەستبەکاربوونیدا نووسیبووی، لە خۆی دەپرسێ: "ئایا دەتوانم جڵەوی دەسەڵاتداری بەدەستەوە بگرم بەبێ ئەوەی پێویست بێت خیانەت لەو بەها ئەخلاقیانە بکەم کە هەموو تەمەنم خەباتم بۆ کردوون؟".

بەو رۆحەوە و بەو خولیایەوە کە ئەزموونی دەسەڵاتدارێتییەکەی درێژەیەکی ئەخلاقیی خەباتی دژە دەسەڵاتدارێتییەکەی جارانی بێت، هاڤێڵ وەک ئەندازیار و پێشەنگی بنیاتنانەوەی چیکۆسلۆڤاکیای سەردەمی ئازادی و دیمۆکراسی، بە پرێنسیپێکی گەشەوە دەستبەکار بوو: "ئێمە ناتوانین دەوڵەتێکی نوێ بنیات بنێین، ئەگەر پێشوەخت بنیاتەکانی دەوڵەتێکی ئەخلاقیمان بنیات نەنابێت". لێرەوە، ئەخلاق بوو بە بەردی بناغەی سیاسەت و دەسەڵاتدارێتیی ڤاسلاف هاڤێل لە هەموو رەوتی پڕ سەرەوەریی دەسەڵاتدارێتییەکەیدا. من لێرەدا ناچمە ناو باسی تێگەیشتنی هاڤێڵ بۆ پرسی ئەخلاق لە سیاسەتدا، بەڵکو ئەم باسە دەقۆزمەوە بۆ وەبیرهێنانەوەی گەورەترین "هاودژیی ئەخلاقی" کە هاڤێل هەر لە بەرەبەیانی حوکمڕانییەکەیەوە تووشی بوو: پرسی سەربەخۆییخوازیی سلۆڤاکەکان.

لەناو ئەو دوو گەلەدا کە کۆماری چیکۆسلۆڤاکیایان ئاوا کردبوو، سلۆڤاکەکان برا بچکۆلەکە بوون. سەربەخۆییخوازیی سلۆڤاکەکان و خەباتیان بۆ جیابوونەوە لە چیکەکان، کە لەکردەوەدا بە مانای لێکهەڵوەشانەوەی کۆماری چیکۆسلۆڤاکیا دەهات، بێگومان لە هەموو کەس زیاتر کێشە و سەرئێشەکەی بۆ "کەسی یەکەمی وڵات" بوو. ئەوە سەرۆک کۆماری وڵات، ڤاسلاف هاڤێڵ بوو کە سوێندی خواردبوو پارێزگاری لە یەکێتیی خاکی وڵات و سەربەخۆیی چیکۆسلۆڤاکیا بکات. ئەوێک کە هەموو تەمەنی بۆ ئازادی خەباتی کردبوو، دەبوو چۆن لەگەڵ ئەم پرسە هەستیارە مامەڵە بکات؟

هاڤێڵ هەموو هەست و سۆز و هەڵوێستی خۆی لەم پێوەندییەدا بەنووسین دەربڕیوە. لە وتارێکدا کە لەم پێوەندییەدا و لە هەرەتی خەباتی جوداخوازانەی سلۆڤاکەکاندا نووسرابوو، هاڤێڵ بەم شێوەیە ڕوو دەکاتە خۆوڵاتییە سلۆڤاکییەکان و داوایان لێ دەکات دەرفەتی تاقیکردنەوەیەکی نوێی بدەنێ. هاڤێڵ دەڵێ: "دەزانم لە هەموو ساڵانی پێکەوەبوونمان لەچوارچێوەی کۆماری چیکۆسلۆڤاکیادا هەستتان بە براچکۆلەیی کردووە و، چیکەکان لوتبەرزانە لەگەڵتان جووڵاونەوە. مافتان خوراوە، پێگەی بەرامبەرتان پێ ڕەوا نەبینراوە. ئێوە هەقی خۆتانە ناڕازی بن. هەقی خۆتانە لەسەر مافە خوراوەکانتان بەدەنگ بێن، بەڵام ئێمە مێژوویەکی کۆنتری پێکەوەبوونمان هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەردەمی بەناو کۆمۆنیستە تۆتالیتارەکان. لەوەش گرینگتر ئەوەی کە ئێمە دەشێ داهاتوویەکی گەشمان لەبەردەمدا بێت. وەرن با دەرفەتێکی دیکە بەیەکتر بدەین، تا پێکەوە هەڵەکانی رابردوو راست بکەینەوە. بەیەکەوە دەتوانین کاری مەزن ئەنجام بدەین، دەتوانین وەک دوو برای شان بە شان، بەرابەر و بەختەوەرانە بژین و، هێز بە یەکتری ببەخشین. ئەوە لە کاتێکدا ئەگەر لەیەک جیا ببینەوە، ڕەنگە کەسمان بەتەنیا بەرگەی کێشە گەورەکان نەگرین. بۆیە لە ئەگەری جیابوونەوەدا ئایندەیەکی ناڕوون و ڕەنگە تاریکیش چاوەڕوانی هەردوولامان بکات. وەرن دەرفەتێکی نوێ بەیەکتری بدەین. من لە پێگەی سەرۆک کۆمارەوە بەڵێنی برایەتی و یەکێتییەکی دادپەروەرانەتان پێدەدەم، ئەگەر ئەو بەختەمان پێببەخشن جارێکی تر، وڵاتێکی هاوبەشی ئازاد بنیات بنێین". بەم شێوەیە، ڤاسلاف هاڤێل، دوور لە هەر هەڕەشە و گوڕەشەیەک، بەو پەخشانە شیرین و بەهێزەی پێی ناسراوە، پەیامێکی ورد و بنیاتنەر، بەگوێی سلۆڤاکەکاندا دەدا تا واز لە بیرۆکەی جیابوونەوە بهێنن. بەڵام هەر لە درێژەی ئەو نووسینەیدا، هاڤێلی سەرۆک کۆمار بەم شێوەیە پەیامەکەی ڕوو لە سلۆڤاکییەکان، کۆتایی پێ دەهێنێت "ئەوەی لە ئەستۆی من بوو، گوتوومە. ئەوەی لەسەر شانی من بوو کردوومە. بەهەموو ئەو خێر و بێرانەوە کە لە پێکەوەبوونماندا هەیە و دەستمان دەکەوێ، بەهەموو ئەو شتانەوە کە بۆم باس کردوون، ئەگەر هێشتاش هەر سوور بن لەسەر ئەوەی جیاببنەوە و ماڵ لەگەڵ چیکەکان لەیەک جیا بکەنەوە، ئەوا من لێرەوە لە پێگەی سەرۆک کۆماری چیکۆسلۆڤاکیاوە، بە هەموو بەرپرسیارێتییەکمەوە ڕادەگەیەنم کە من یەکەم کەس دەبم رێز لەو بڕیارەتان دەگرم". ڤاسلاف هاڤێل پێش ئەوەی سەرۆکێکی سیاسی بێت، رێبەرێکی ئەخلاقیی کۆمەڵگەکەی بوو، هەر بۆیەش هەڵوێستی ئەو بوو بە نموونە بۆ بیر و هەڵوێستی زۆربەی گەلی چیک. زۆرینەی گەل، چاویان لە سەرۆک کۆمارە تێگەیشتووەکەیان کرد، هەر بۆیە بە تەنیشت یۆگۆسلاڤیاوە، لە چیکۆسلۆڤاکیای هاڤێڵ گوتەنی "لیخن لە گەندەڵیی ئەخلاقی و ئابووری و سیاسی"دا، دوو گەل لە یەکتری جیابوونەوە، بەبێ ئەوەی ئەو هەڵە کوشندەیەی سربەکانی یۆگۆسلاڤیا بەرامبەر بە گەلانی ناوچەی باڵکان کردیان، چیکەکان بەرامبەر بە سلۆڤاکەکان ئەنجامی بدەن. ئەو لەیەکجیابوونەوە ئاشتیانەش کە هاڤێل ئەندازیارەکەی بوو، بوو بە بەردی بناغەی دوو دەوڵەتی نوێی چیک و سلۆڤاکیا کە ئێستا ئیتر لەمێژساڵە نوێنەرایەتیی دوو گەلی بەهێز، دوو وڵاتی ئاوەدان و دوو دراوسێی دیمۆکرات و ئاشتیخواز لە چوارچێوەی کۆمارەکانی چیک و سلۆڤاکیادا دەکەن.

سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئەو دوو گەلەی چیک و سلۆڤاک، کە یەکێتیی زۆرەملەی سەردەمی تۆتالیتاریسمی سەدەی بیستەم بەزۆر متوربەی یەکتریی کردبوون و بەخۆشی لەیەک جیابوونەوە، لە سەدەی بیست و یەکەمدا، ئەمجارەیان بە مەیلی ئازادانەی خۆیان، لە چوارچێوەی یەکێتییەکی مەزنتر لە خێزانی گەلانی ئەوروپاییدا، وەک دوو ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا ئاوێزانی یەکتر بوونەتەوە. ڕەنگە هەر قسەکەی ڤاسلاڤ هاڤێل بێت "بنیاتنانی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی وەکوو پەتایەک وایە، وادیارە هەموو گەلان پێویستیان بەوەیە کە تاوێک بیگرن تا لێی تێپەڕ ببن".

لەم ڕۆژانەدا کە پرسی جاڕدانی سەربەخۆیی لە باشووری کوردستان هاتووەتە ڕۆژەڤەوە، وا باس دەکرێ کە سەرۆک وەزیری عێراق، حەیدەر عەبادی، داوای کردووە نوێنەرانی کورد بچنە بەغدا تا پێکەوە بە وتوویژ ساغ ببنەوە ئاخۆ کورد و عەرەب، بەو رابردووە جوانەوە کە هەیانە، وەک دوو هاوبەشی عێراق بمێننەوە یان ببنە دوو دراوسێی یەکتر. ئاراستەی سیاسیی کوردستان ڕوونە. کارنامەی تا ئێستای عەبادیش هەر ڕوونە. ئەوەی ڕوون نییە ئەوەیە بەو میراتە کولتوورییەی سیاسەتەوە کە بۆ دەسەڵاتدارانی بەغدا بەجێماوە، ئاخۆ حەیدەر عەبادی دەتوانێ لە پرسی مانەوە یان جیابوونەوەی کورد لە عێراقدا، تیتاڵێک لە ڤاسلاڤ هاڤێل دابدرێت؟



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# بارزانی بۆ لە ئانکارا بوو؟

## 1

سەفەری چاوەڕواننەکراوی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی بۆ ئانکارا، لە کاتێکدا هات کە چەند مانگێکە ئێران بە ڕەسمی بانگهێشتی بارزانیی کردووە و، بارزانی بە بیانووی نەبوونی دەرفەتی گونجاو، سەردانەکەی دواخستووە! زۆر فاکتەر لە پشت نەچوونی بارزانییەوە هەیە بۆ تاران، هەرە گرنگەکەیان ئەوەیە کە بارزانی دەیەوێ لە پێگەیەکی بەهێزەوە سەردانی تاران بکات، نەک دانیشێت پاساو بۆ جموجۆڵی سەرسنوور، پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدا و مەسەلەی ریفراندۆم بهێنێتەوە. نەچوونی بارزانی بۆ تاران مانای پچڕانی پەیوەندییەکانی ئێران و پارتی نییە، چونکە لەسەر ئاستی جیاوازدا پارتی و ئێران بە بەردەوام کۆدەبنەوە.

سەفەری ئانکارا، لە 23ی ئاب، ڕەنگبێ تەنها و تەنها مەتڵەبێکی تورکی نەبووبێت بۆ ئەوەی کە نیشانی بدەن بارزانی دۆستی تورکیایە و سێیەم سەرۆکە کە دوای هەوڵی کودەتای 15ی تەمموز دەچێتە ئانکارا، بگرە دەشێ داوایەکی ئەمریکی و ئێرانیش بووبێت کە بۆ ڕۆژی دواتری جۆ بایدن و شاندێکی ئێرانیش لە یەک کاتدا لە ئانکارا بوون. میدیای تورکیا تەنها ڕووماڵی دیدارە ڕەسمییەکانی کرد و هیچ شتێک سەبارەت بە پشتی پەردە لەبەردەستدا نییە. ڕێک وەکو ئەو دیدارەی بارزانی و تاڵەبانی لە پێش ڕووخانی سەددام بۆ ئەمریکا هەیانبوو. هەر بۆیەشە پێکهاتەی شاندەکەی بارزانی لە نهێنیپارێزترین کەسەکانی پێکهاتبوو، کەسی دیکەی لەگەڵ خۆیدا نەبرد. تورکەکانیش لە بازنەی متمانەپێکراوترینەکانی ئەردۆغاندا لەگەڵ بارزانی کۆبوونەوە!

بەستنەوەی سەردانی بارزانی بە مەسەلەی چوونی تورکیا بۆ ناو جەرابلوس زۆر ساویلکانەیە، چونکە ئەوە سێ ساڵە تورکیا داوای ئەوە دەکات (ئەمریکاش پێی بەخشی) و پەکەکەش نیوەی کوردستانی باکووری خاپوور کرد بۆ ئەوەی سوپای تورکیا دەرفەتی ئەوەی نەبێت بپەڕژێتە سەر ئەو باسە! لەوەش کاڵفامانەتر ئەوەیە کە چاوەڕێ بیت بارزانی ئیدانەی ڕزگارکردنی شارێک لەدەستی داعش بکات!

سەردانی بارزانی بۆ ئانکارا، لەسەر داوای ئەمریکا بووە و ئەمریکا هەوڵ دەدات بەهەر شێوەیەک بێت هەردوو هاوپەیمانەکەی (بارزانی و تورکیا) لەسەر داهاتووی ناوچەکە (لەسەر مەترسی و بەرژەوەندییەکان) لەیەک بەرەدا ببینێت و هاوکات پەکەکە وا لێبکات واز لە سەرکێشی و تاکڕەوی بهێنێ. بۆ ئەمریکا گرنگە کە میراتی داعش لەناوچەکەدا بکەوێتە دەست بارزانی و تورکیا نەک ئێران دەستی بەسەردا بگرێت. ئەوەیە ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی کە ڕوودەدەن.

## کێ هاوکێشەکە دەگۆڕێت؟ 2

شێوەی دەستاودەستکردنی پۆستی پارێزگاری سلێمانی و هەڵەبجە، ڕاددەی متمانە و توندوتۆڵیی هاوپەیمانێتیی نێوان گۆڕان و یەکێتیی دەرخست! ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان مام جەلال و مەسعود بارزانی سەد قات لەو ڕێککەوتنانەی نێوان گۆڕان و یەکێتی بەهێزتر بوو، چونکە لە 2007 و لە سەردەمی کابینەی پێنجەمدا مام جەلال بە یەک ڕستە لە دووکان، دوو ساڵ سەرۆکایەتی حکومەتی بۆ نێچیرڤان بارزانی درێژ کردەوە و دوو ساڵ دواتریش بارزانی، هەر دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانی 2009، دکتۆر بەرهەم ساڵح و جێگرەکەی ڕاسپارد بۆ پێکهێنانەی کابینەی شەشەم. کەسیش نوقەی لێوە نەهات، نە کەس لە پارتی جیابووەوە، نە ناوی کاندید گۆڕا و نە کەسیش تانەی لێدا!

ئێستا، دەستاودەستبڕینێک لە نێوان گۆڕان و یەکێتی ڕوویداوە و قسە لەسەر لایەنە بەتاڵە یاساییەکەی نییە، بەقەدەر ئەوەی کە ئەو دوو هێزەی سلێمانی، بەو حاڵەوە چۆن دەتوانن ڕێککەوتنەکانیان بێننە هەولێر؟ یەکێتی نایەوێ لەبەر گۆڕان دەستبەرداری پارتی بێت و گۆڕانیش خۆی بە یەکێتییەوە هەڵواسیوە تا بەڵکو بەشێوەیەکی موحتەرەمانە بیهێنێتەوە ناو بازنەی حوکمڕانی، بەڵام گرفت ئەوەیە کە هەردوولایان لەیەکتری لە فێڵن. چونکە لە بنەڕەتدا، ئێستا باڵی ڕیفۆرم و باڵی دەستڕۆیشتووی یەکێتیش هەر یەکەیان بەسەر دوو بەرەدا دابەش بوونە، واتا لە دووانەوە بوونەتە چوار و هەر یەک لەوانە خاوەنی ڕوانگای خۆیانن بەرامبەر گۆڕان و بەرامبەر بە پارتی. هەر چوار لاشیان هەم گۆڕان و هەم پارتی لە پاڵ هاوکێشە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان، بۆ سەرخستنی ڕوانگای خۆیان بەکاردێنن. گۆڕانیش کە ئێستا دوو لەتە، بەهەمان پێوەر مامەڵە لەگەڵ باڵەکانی ناو یەکێتی دەکات. جا بەو شێوەیە چۆن تەرازووی هێز دەگۆڕدرێت؟ ئەوە بەس گۆڕانەکان و یەکێتییەکان دەیزانن!

## بارزانی بەرەو بەغدا

## 3

هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە بارزانی بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانیی نێودەوڵەتی بەرەو ئەورووپا بەڕێکەوت، شاندی یەکێتی لەبەغدا ڕایانگەیاند کە سەرۆک وەزیران عەبادی گوتوویەتی دژی مافی چارەی خۆنووسین بۆ کورد نین، قسەکە سەعدی ئەحمەد پیرە گواستییەوە و جێی باوەڕە. بۆیە ئەوە دەبێ بە هەواڵێکی دڵخۆشکەر سەیر بکرێت و میدیای کوردستان لەسەری بوەستێ، چونکە گرنگترین وێستگەی مەسەلەی سەربەخۆیی، هەروەک سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش لە پەیامەکانی یەک دوو مانگی ڕابردوودا تەئکیدی لەسەر کردووەتەوە، جیابوونەوەیەکی هێمنانە و بێ کێشە و گرفتە لەگەڵ بەغدا و هاوکات دراوسێیەتییەکی دۆستانەیە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش. بۆیە ئەگەر وا بێت کە یەکێتی وا دەڵێ، پێویست دەکات بارزانی هەر دوای گەڕانەوەی لە دەرەوەی وڵات، ئەو بابەتە لەگەڵ سەرانی سیاسیی بەغدا یەکلایی بکاتەوە. تەنانەت ئەگەر مەسەلەی سەربەخۆیی پێویستی بە باجیش بێت (وەک نەوتی کەرکووک) دەکرێ لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکی درێژخایەن لەگەڵ بەغدا چارەسەر بێت. ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دەرهێنانی نەوت، گواستنەوەی و فرۆشتنی چەندین جۆر باج دەدات، با ئەوەش بێتە سەر ئەوانی دیکە ئەگەر دەمانەوێ سەربەخۆ بین.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# ئەمریکا دۆستمانە؟

پێداگیرییەکانی جۆو بایدن لە تورکیا لەسەر بێئاگایی پێشوەختەی ئەمریکا لە هەوڵی کودەتا، قسەی ڕاست بوون و نوێش نەبوون. چونکە شەوی کودەتاکە و ڕۆژانی دواتریش کۆنە بەڕێوەبەرانی سی ئای ئەی و دیپلۆماتکارانی ئەمریکی هاتنە سەر تەلەڤزیۆن و بەسەرسوڕمانەوە گوتیان: "ئەو ستایلەی کودەتای پێکراوە لە ستایلی ئێمە ناچێ و قەت لە هیچ شوێنێکی دنیا ئەمریکا وا بە ناڕێکوپێکی کودەتای نەکردووە". ئەوەی لە قسەکانی بایدندا نوێ بوو، ئەو خۆدزینەوەیە بوو لە بەیەکجاری ڕەتکردنەوەی تەڤگەری کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان. بایدن بەوە خۆی پەراندەوە کە سەرکۆنەی کردەوەکانی نێوەوەی تورکیای کرد و هەم هی پەکەکە و هەم هی داعشی بە "تیرۆر" ناساند. ڕۆژی دواتر جۆن کێری، وەک گوتەبێژی یەپەگە، لێدوانێکی دا و ڕایگەیاند کە یەپەگە لە منبج دەکشێتەوە و هێزەکانی سووریای دیموکرات دەمێننەوە.

وەک بڵێی کەس نەزانێت یەپەگە و هەسەدە دوو ڕووی یەک دراون!

ئەو نیگەرانییەی دوو هەفتە بوو لە بەشەکانی کوردستاندا بەهۆی نزیکبوونەوەی ئێران و تورکیا و ڕووسیاوە دروست ببوو و دیاربوو زیانمەندی گەورە تێیدا کورد دەبێت، وردە وردە بەهۆی لێدوانی ئەمریکییەکان سەبارەت بە ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان و سەردانە فەرمییە پرۆتۆکۆڵییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا ڕەوییەوە. بەڵام دیسانیش کەڵکەڵەی پرسیارێک دەستمان لێ بەرنادات: ئایا ئەمریکا دۆستمانە و ئاشبەتاڵێکی دیکەمان پێ ناکاتەوە لەدوای شەڕی داعش؟

جارێ گرنگە بزانین نە کورد کوردەکەی ساڵانی حەفتاکانە، نە ئەمریکا و ئێران و تورکیاش هی ئەو سەردەمەن. هەرچەندە ئەو قسەیەی جارێک کاک مەسعود سەبارەت بە کوردی ڕۆژئاوا کردی ڕاستە کە گوتی گەرەنتییان وەرنەگرتووە بۆ ئایندەیان و وەکو شەڕکەر لەدژی داعش بەکاردێن. بەڵام ئەوەی لە زاری ئەمریکی و لایەنەکانی دیکەوە دەیبیستین هەمان ئەو قسانەن کە سەرەتای نەوەتەکان سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش دەیانکرد: "ڕێگە نادەین کیانێکی کوردی دروستبێت کە سووریا دابەش بکات". ئەم قسەیە هەم تورکیای پێ بێدەنگ دەکرێت و هەم بوار بۆ دۆستایەتی لەگەڵ کوردیش لەو پارچەیەدا دەهێڵێتەوە.

سەبارەت بە باشووری کوردستانیش ڕێککەوتنە سەربازییەکەی هەولێر و واشنتن گرنگە و بەداخەوە سەرکردایەتیی کوردستان نەیتوانیوە خەڵکی کوردستان تێبگەیەنێت کە بۆچی ئەو ڕێککەوتنە گرنگە. ئەگەر مەسەلەی ئابووری و وزەش بەلاوەبنێین، بۆ ئەمریکایەک کە حزووری لە ناوچەکەدا بەهۆی لاملی و هۆشیاربوونەوەی گەلانی ناوچەکەوە کەوتووەتە مەترسییەکی جدییەوە، مانەوە و پەرەپێدانی کیانێکی کوردی قازانجی ستراتیژیی درێژخایەنی هەیە. بۆیە دەگەڕێمەوە سەر وەڵامی پرسیاری ناونیشانی گۆشەی ئەم هەفتەیەم و دەڵێم: ئەمریکا چیدی دۆستی کورد نییە، بەڵکو هاوپەیمانێتی. بەمەرجێک کورد زیرەکی بکات و باش بزانێت کاتی گەرەنتیکردنی هێشتنەوەی ئەو هاوپەیمانێتییە تا پاش کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵە.



عادل باخەوان
adel.bakawan@gmail.com

# سوڵتان لە باوەشی قەیسەردا


لە سەرەتاکانی سەدەی نوێدا، ئەردۆغان وێنەی موسوڵمانێکی دیمۆکراتخواز و مۆدێرنی لە یادەوەری دەستەجەمعی سیاسیی ڕۆژئاواییدا هەبوو، ئەمڕۆ نەک هەر ئەم وێنەیەی لەدەستداوە، بەڵکو دوژمنە سەرسەختەکەی، کە فەتحوڵڵا گویلەنە، لەنێو ئەم وێنەیەدا خۆی دەردەخات و لەنێو هەمان یادەوەریی ڕۆژئاواییدا خۆیمان پێ دەناسێنێ. پۆلیتۆلۆگێکی تایبەتمەندیی بزووتنەوەی گویلەن، بایرام بەلجی، لە توێژینەوەیەکیدا باس لە چۆنیەتی دروستکردنی تۆڕی پەیوەندی لەنێوان فەتحوڵڵا و ناوەندە ئەکادیمی و ڕۆشنبیری و میدیاییەکانی ئەمەریکیدا دەکات و ڕووناکی دەخاتە سەر میکانیزمەکانی چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی سەرەداوەکانی ئەم تۆڕی پەیوەندییە لەلایەن خودی فەتحوڵڵاوە و پێمان دەڵێت: ئەو چاک دەزانێت چۆن هاوسەنگی لەنێوان "پڕوپاگەندە" و "کۆمۆنیکەیشن"دا ڕادەگرێت، چونکە کارێکی لەم شێوەیە، ڕێگای پێدەدات کە لەنێو پرۆژەی گەڕانی ئەمەریکیدا بەدوای دۆزینەوەی ئیسلامێکی مۆدێرن و لێبوردەدا، پێگەیەکی بەهێز بۆ خۆی دابین بکات و بەهەموو دنیای نوێی ڕۆژئاوایی بڵێت، من ئەو ئیسلامەتان پێشکەش دەکەم کە ئێوە سۆراخی دەکەن. واتە ئیسلامێکی لێبوردە، دیمۆکرات، نوێخواز، ڕیفۆرمکراو، ئاشتیخواز کە لەسەر دیالۆگی نێوان کولتوورەکان و ئاینەکان و ژیارەکان کاردەکات نەک بەریەککەوتنیان. بەکورتی فەتحوڵڵا دەیەوێت بە ڕۆژئاوا بڵێت کە ئەو مارتین لۆتەر کینگی ئیسلامە.

هاوزەمەن لەگەڵ دەقگرتنی ئەم شوناسەی فەتحوڵڵا لە یادەوەری دەستەجەمعی سیاسیی ڕۆژئاوادا، شوناسی ئەردۆغان وەک بونیەیەکی بیناکراو لەنێو "ئۆتۆریتاریزم"دا چوارچێوە دەگرێت و وەک مەترسییەک بەسەر دیمۆکراسی، مافی مرۆڤ، کرانەوە، مافی کەمینەکانەوە تەماشا دەکرێت و لەوەش خراپتر، هەڵوێستەکانی لەسەر جەنگە جیاوازەکانی سووریا و ستراتیژە گۆڕاوە بەردەوامەکانی بەدیوێکدا و نزیکبوونەوەی لە ڕووسیای پوتین و ئێرانی ئایەتوڵڵاکان و تەنانەت ئەسەدیش بەدیوێکی دیکەدا، وا لە وڵاتانی ڕۆژئاوا دەکات کە ئومێدی کۆتایی ئەردۆغان لە زووترین کاتدا بخوازن.

بەڵام ئایا بەڕاستی دەرکەوتنی فەتحوڵڵا وەک مارتن لۆتەر کینگی ئیسلام لەلایەک و کاڵبوونەوەی وێنەی ئەردۆغان وەک ئەکتەرێکی دیمۆکراتخوازی موسوڵمان لەلایکی دیکەوە، بەسە بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی بابەتی، بزووتنەوەی گویلەن بتوانێت کۆدێتایەکی وەک ئەوەی 15ی تەمموزی 2016 ڕێکبخات؟ دۆرۆتی شمید، ژنە پۆلیتۆلۆگی فەرەنسی، کە زیاتر لە چەند ساڵێکە لەسەر کێڵگەی سیاسی تورکی کاردەکات و ژان مارکۆ، پۆلیتۆلۆگی فەرەنسی، کە چەندین ساڵی تەمەنی لەنێوان ئیستەنبوڵ و ئەنکەرەدا بەسەر بردووە، بە نەرێنی وەڵام دەدەنەوە. ئەم دوو پۆلیتۆلۆگە ڕووناکی دەخەنە سەر ئەوەی کە هەڵمەتی پاککردنەوەی دەوڵەت لە "ڤایرۆسی" گویلەنییەکان (ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک کۆمار ئەم گوزارشتە بۆ برا ئاینییەکانی بەکاردەهێنێت!)، لە 2013 وە بەردەوامە و گورزێکی وا کاریگەری لە بزووتنەوەکە داوە کە نەتوانێت هەلومەرجی کۆدێتا دروست بکات. لە ئاستێکی دیکەدا، بەدرێژایی مێژووی جمهوریەتی تورکی، سوپا هەمیشە لانکەی کەمالیستەکان بووە نەک گویلەنییەکان. لەنێو ئەم لانکەدا، کەمالیستەکان هەژموونی خۆیان بەسەر جەستەی سوپادا بڵاوکردووەتەوە و جومگەیەک نەماوە کە لە دەستی ئەواندا نەبێت. بایرام بەلجی بەهەمان ئاراستەدا دەڕوات و دەڵێت: "ئەو ئەفسەرە باڵایانەی کە لە پشت کۆدێتا شکستخواردووەکەوە بوون و ئێستا گیراون و دەخرێنە سەر تەلەفزیۆنەکان، هیچیان پرۆفایلی بزووتنەوەی گویلەنیان نییە".

کەواتە بۆچی ئەردۆغان سوورە لەسەر ئەوەی کە فەتحوڵڵا وەک بەرپرسی یەکەم و کۆتایی ئەم کۆدێتایە بەدنیا بناسێنێ؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە تایبەتمەندانی دنیای تورکی، چەندین وەڵامی جیاواز پێشنیار دەکەن کە بەشێکی زۆریان یەکتری تەواو دەکەن و دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە گوزارشتیان لێبکەین.

پەرینەوەی ئەردۆغان بەرەو ئۆتۆریتاریزم کردەیەکە هەمیشە پێویستی بە ئامادەیی "دوژمن" هەیە. لە ساڵانی ڕابردوودا، ئەردۆغان تێگەیشت لەوەی کە بەتەنیا دەستنیشانکردنی پەکەکە وەک "دوژمن"ێکی کوردی بەس نییە بۆئەوەی شەرعیەت بەم پەرینەوەیە بدات. لێرەوە هەوڵی دا "دوژمن"ێکی تورکیش دروست بکات و بزووتنەوەی گویلەنیش زیاتر لە هەر ئەکتەرێکی دیکە ئامادەباشیی ئەوەی تێدابوو کە ببێت بەم دوژمنە. لەدۆخێکی ئاوادا، ئەردۆغان دەتوانێت تورکیا وەک جمهوریەتێکی هەڕەشەلێکراو لەلایەن دوژمنە ناوخۆییەکانەوە بخاتە نێو یادەوەریی دەستەجەمعی تورکییەوە: پەکەکە و گویلەن، ئۆجەلان و فەتحوڵڵا. واتە گرنگ نییە کێ کۆدێتاکەی کرد، گرنگ ئەوەیە چۆن بەکاربهێنرێت بۆ خزمەتکردن بە پرۆژەکانی سەرۆک. بۆنموونە بەکارهێنانی کارتی فەتحوڵڵا لەبەرامبەر کارتی پشتیوانیی ئەمەریکا لە کوردی سووریادا. گرنگ ئەوە نییە کە فەتحوڵڵا نەخشەی بۆ ئەم کۆدێتایە داڕێژاوە یان نا، گرنگ ئەوەیە کە چەند ئەمەریکا ئاستی پشتیوانی خۆی لە کوردی سووریا بەرزبکاتەوە، هێندەش ئەردۆغان ئاستی داواکردنی ڕادەستکردنەوەی مارتین لۆتەر کینگی ئیسلام بەرزدەکاتەوە. ڕاستە زیندانیکردنی فەتحوڵڵا لە ئیمراڵی، لە پەنای ئۆجەلاندا، بایەخی تایبەتی بۆ ئەردۆغان هەیە، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە یاریکردن بە کارتەکان لای ئەردۆغانی سەرۆک کۆمار، بایەخیان لە خودی کارتەکان زیاترە. ئەم یاریکردنە هەلومەرجێکی بۆ دروست دەکات کە بەئاسانی خۆی بخاتە نێو باوەشی قەیسەرەکەی ڕووسیا و ئایەتوڵڵاکەی ئێران و قەسابەکەی دیمەشقەوە.



کەمال کەرکووکی

# بۆ ئەوەی بە سەربەخۆیی بگەین

لێرەو لەوێ لێدوانی جۆراوجۆر دەدرێن و هەوڵدان هەیە بۆ ئەوەی وا لە گەلی کوردستان بکەن لە مافە ڕەواکانی پاشگەز بێتەوە.

ئەو جۆرە لێدوانانە و ئیشارەتانەی کە دەدرێن ئیهانەن بە گەلی کوردستان و شەهیدەکانمان، دژیشن لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی و پرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و پرۆسەی دیموکراسی لە جیهاندا. ئیهانەیە، لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکی ئەو لێدوانانە بەو مانایە دێن کە گەلی کوردستان دەبێت بترسێت لە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی مافی ڕەوا و یاسایی و بڕیاردان لە مافی چارەنووسی خۆی کە لە یاسای نێودەوڵەتی و مەبادیئی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە دەق دیاری کراوە، مافی هەر گەلێکە لەسەر خاکی خۆی بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات. لەم لێدوانانەدا وا نیشان دەدرێت کە ئەگەر گەلی کوردستان هەوڵ بدات بە سەربەرزی و بەختەوەری بژێت و بڕیار لە مافی چارەنووسی خۆی بدات، جیهانی دیموکراسی دەبنە دژی. پڕوپاگەندە و دژایەتییەکانیان بەشێوەیەکی وا ڕێکدەخەن و دەپێچنەوە، لەگەڵ ئەوەی لێدوانەکانیان دژن بە یاسای نێودەوڵەتی و بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش، لەوەیە هەندێک کەسی دڵسۆز وا بزانێت کە ئەم لێدوانانەی دەدرێن، ڕاستن!

ئەمە لە کاتێکدا دێت کە مێژووی خەباتی گەلەکەمان پێمان دەڵێت لەژێر هیچ فشارێکدا، لە بەرەوپێشەوەچوون بۆ سەربەخۆیی پاشگەز نابێتەوە. زۆربەی سەختییەکانی ڕێگاکەمان بڕیوە و لە ڕزگاربوون زۆر نزیک بووینەتەوە، هەر بۆیە ئەم هەوڵانە زۆر بوون و زیاد دەبن دژ بە سەربەخۆیی کوردستان بە ڕادەی نزیکبوونەوەمان لە سەربەخۆیی.

بۆیە لێرەوە دووبارەی دەکەمەوە و دەبێت بگوترێت کە بڕیاردان لە مافی چارەنووس مافی هەر گەلێکە و ئازادە لەوەی لەسەر خاکی خۆی بڕیار بدات بە چ شێوازێک بژێت.

ئێستا و دوای گشت دەستکەوتەکانی گەلەکەمان و پاش ئەوەی هێزی پێشمەرگە بوو بە سیمبولی جیهانی لە شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش. ئێستا و پاش ئەوەی فرۆکەخانەکانمان پڕن لە سەرکردە و بەرپرسانی جیهانی و دوای ئەوەی ژمارەیەک لە وڵاتانی ئەورووپی و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پشتیوانیمان دەکەن، کەچی کەسانێک هەن کە بەداخەوە کوردیشن، هەوڵی ترساندن و چەواشەکردنی گەلی کوردستان دەدەن؟

بۆیە گرنگە لێرەدا بەشێوەیەکی ڕوون و ڕاشکاو جەخت بکەینە سەر کۆمەڵێ حەقایقی ورد و زانیاریی دروست، وەکو:

1- هیچ دەوڵەتێکی دیموکراسی نییە بە نووسراو داوا لە گەلێک بکات و پێی بڵێ داوای مافی یاسایی خۆت لە بڕیاردان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆت مەکە و هەر بە کۆیلەیی بمێنەوە.

2- بۆ ڕزگاربوون دەبێت خۆت هەبیت و هەوڵی بۆ بدەی تاوەکو پشتیوانیشت هەبێت. نابێ دابنیشی و وڵاتان داوەت بکەن بۆ ئەوەی دەوڵەتت بۆ دابمەزرێنن. خۆت هیچ نەکەی و بە هەموو بندەستی و کۆیلایەتییەک ڕازی بیت، تەنیا لە دڵەوە حەزت لەوە بێت ڕۆژێک وڵاتان سەربەخۆییت بۆ بەدەستبێنن. سەربەخۆیی نادرێ، دەبێت بسەندرێت و کاری بۆ بکەی و گەلەکەشمان قوربانیی زۆری بۆ داوە.

3- کەی وڵاتان دێن و یەخەی گەلێک دەگرن و پێی دەڵێن داوای سەربەخۆیی بکە؟!

4- گەلێک سەربەخۆیی خۆی نەوێت و ڕاینەگەیەنێت و دەنگی خۆی نەگەیەنێتە دنیای دیموکراسی و کاری بۆ نەکات، بۆ چی و لەبەر چی وڵاتانی دیکە گرنگیی پێ بدەن و ڕێزی لێ بگرن و بێن دەوڵەتی بۆ دابمەزرێنن؟

5- هەرێمی کوردستان قۆناغی گرنگی بڕیوە و ئیتر بۆ دواوە ناگەڕێتەوە و چیدیکە ڕازی نابێت بە ژێردەستی و وەکو کۆیلە بژێت. هەرێمی کوردستان شەرعیەتی نێودەوڵەتی هەیە و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵ دەکات لەسەر بنەمای ئەوەی کە سیادەی لەسەر خاکی خۆی هەیە و سوپای پێشمەرگەی بەتوانای هەیە و بناغەی ئابووریی خۆی ڕێکخستووە و پەیوەندیی دیبلۆماسیی زۆر بەهێزی هەیە لەگەڵ جیهانی دیموکراسی. جێی سەرسوڕمانە و زۆریش بەداخەوە کە کەس و لایەن هەن هەوڵ دەدەن کوردستان بگەڕێننەوە بەرەو دواوە! ئەگەر لەوەش سەرکەوتن بەدەستبێنن، دەبێت چاوەڕوانی ئەوە بین جارێکی دیکە جینۆساید و زیندەبەچاڵ بکرێین و و دیمۆگرافیای وڵاتەکەمان بگۆڕدرێت و کوردستان بەتەواوەتی تەعریب بکرێت.

6- بۆیە زۆر زەرورە هەموومان لە کوردستان مافی بڕیاردانی گەلان لە چارەنووسی خۆیان، لە یاسای نێودەوڵەتی و بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەدروستی و باشی بخوێنینەوە و زۆریش بەباشی لێی تێبگەین و هەڵوێست و هەوڵدانی کەس و لایەنەکانیش بۆ سەربەخۆیی کوردستان و ئەو کەس و لایەنانەش کە کار و ڕاگەیاندن دژ بە سەربەخۆیی گەل دەکەن، بناسین و هەردوولا لە یەکتر جودا بکەینەوە و کەس و لایەنەکان وەکو خۆیان ببینین تاوەکو ڕۆڵەکانی گەلە سەربەرزەکەمان بۆچوون و لێدوان و کردەوە و هەڵوێستەکانی کەس و لایەنەکان بە دروستی هەڵسەنگێنن و هیچ هەڵوێست و کردەوە و لێدوانێک کە لە بەرژەوەندیی گەلەکەمان نەبێت، نەتوانن کاریگەریی نەرێنی بکەنە سەری بۆ بڕیاردان لە مافی چارەنووس.

لە کۆتاییدا:

دەبێت بگوترێت کە کاری زۆر گرنگمان تەواو کردووە و ساڵانی زۆری پڕ لە خەبات و دژوار و فیداکاریمان دەرباز کردووە و ئێستاش گەیشتووینەتە نزیکترین ئاست بۆ جێبەجێکردنی ئامانجە بەرزەکانی گەلەکەمان. دەزانین ئەم دەنگۆیانەش بەرز نابنەوە ئیلا لەبەر ئەوە نەبێت کە زۆر باش دەزانن گەلەکەمان نزیک بووەتەوە لە ئامانجی خۆی و گەلی کوردستان زۆری نەماوە ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



# گەردەلوول یەریڤانی کردە گۆرانیبێژ

« 12

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵلا قڕگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net




Family Mall - 100m street – Erbil – Kurdistan Region – IRAQ
www.familymallarbil.com
E-mail: info@familymallarbil.com
Phone Number: 009647505618484

LEGACY
CONSTRUCTION